# وشە ڕەنگاڵەییەکان

## کۆمەڵە وتار

ڕەووف محەمەد ئالانی

چاپی یەکەم

مایســـــــــــــــــــــــــــــــــــی 2005

ناوی کتێب: وشە ڕەنگاڵەییەکان

نوسەر: ڕەووف محەمەد ئالانی

بابەت: کۆمەڵە وتار

نەخشەی بەرگ: سەردار ڕەووف

مۆنتاژ: ئیبراهیم حسێن دەروێش

تایپ و هەڵەچن: ئومێد عبدالرحمن

تیراژ: 500 دانە

ژمارەی سپاردن: (        ) وەزارەتی ڕۆشنبیری ساڵی 2005 دراوەتێ

چاپ: چاپخانەی گەنج

مافی لەچاپ دانەوەی پارێزراوە بۆ نوسەر

## پێشکەش:

1-بەبنەماڵەی بەدرخانییەکان کە بوونە چرای داگیرساو لە شەوەزەنگی تاریکیدا.

2-بەرۆحی پیرەمێردی رۆژنامەنوس و خەمخۆری وشەی کوردی.

3-بە هەموو ئەوانەی بۆ بونیادنانەوەی هەرسێ ئامانجی (بیری باش)و (وتەی باش)و (کرداری باش) خەبات دەکەن.

## ناوەڕۆک


| لاپەڕە | بابەت |
| --- | --- |
| 3 | پێشکەش |
| 6 | |
| | ئاڵای کوردستان هێمای یەکڕیزیمانە |
| 9 | |
| 13 | ئەزمونی پەرلەمانێکی بەتەمەن چی فێرکردین؟ |
| 16 | داگیرکارانی کوردستان و بەکارهێنانی ئاینی ئیسلام |
| 19 | دوژمنان لەتاوانباری خۆیاندا کورد سزا دەدەن. |
| 21 | |
| 24 | شۆڤینیەتی عەرەب و بێدەنگی خۆمان لەڕووداوەکان. |
| 27 | جەفتەو عەگالی عەرەبی و دیموکراسی |
| 29 | نوێنەر لەنێوان خەڵك و حیزبدا. |
| 33 | |
| 38 | کۆڕەو و هەڵوێستی دەوڵەتانی ئیسلام بەرامبەر بەکورد |
| 41 | کوردو دەست بەردارنەبوونی لەکەرکوك. |
| 44 | کەرکوکی کوردستان و پیلانی بەردەوامی ... |
| 47 | ئەگەر کورد بەشداری هەڵبژاردنەکانی کەرکوك نەکات |
| 49 | |
| 55 | کەرکوك لەنێوان بەرداشتی پیلان و خەمساردی خۆمان |
| 58 | دەوڵەتی کوردان لەنێوان پشتیوانی دۆستان .. |
| 64 | ئەنفال نەژمارەی تەواو و نەشوێنەواری دیار |
| 68 | |
| 71 | هەڵەبجە ئەو خەمەی بەئاگامان دێنێتەوە |
| 73 | ئەو ساتانەی خەمی خێزانێکی ئەنفال هەژاندمی |
| 75 | خەونە بەدی نەهاتووەکانی دیموکراسی لەهەڵبژاردنەکاندا! |
| 77 | |
| 79 | واڵابوونی دەرگاکانی دیموکراسی |
| 81 | تیرۆر سەرچاوەکەی شۆڤینیزمی عەرەبیە |

| | |
|---|---|
| پێشێلکردنی ئازادی لەشوێنە گشتیەکاندا. | |
| راونەکردن مەرجە بۆ پاراستنی ژینگە. | 83 |
| گۆڕانەکان و ئاستی ژیانی کرێکاران. | 85 |
| یەکگرتنی رۆژنامەنووسانو چەند سەرنجێك | 87 |
| رێزلێنان لەرۆژنامەنوسان | 89 |
| پێشانگاکانی قوتابخانەکانی دەرەوەی شارو.. | 91 |
| لەخولە پەروەدەریەیکاندا فریاکەوتنە سەرەتاییەکان .. | 94 |
| کام هەڵسەنگاندنی مامۆستایان | 96 |
| گەشەپێدانی پرۆسەی پەروەردە | 98 |
| باناوەکانمان کوردی بن. | 100 |
| مەلا جەمیل رۆژبەیانی خاوەن قەڵەمو هەڵوێست | 102 |
| رەسەنایەتی لەهونەردا | 108 |
| رۆڵی کەناڵەکان لەزۆرو بۆری بەرهەمی گۆرانیدا | 113 |
| با بەچاوی رەخنە کەناڵەکان ببینین. | 127 |
| تا پرسیاری باش نەکرێ، وەڵامی باش نادرێتەوە. | 129 |
| حەسەن زیرەك ئەو بەهرەمەندەی نەتەوەیەك خاوەنیەتی. | 135 |
| لەگەڵ رەوتی گۆڕانەکاندا هەمیشە لەیادمانی. | |
| خوێندنەوەیەك بۆ سیناریۆو گۆرانی کوردی ئەمڕۆ. | |
| فاکتەری رۆشنبیریی لەپێشخستنی گۆرانی کوردیدا. | |
| لەنێوان لێدوانی هونەریی و پیاهەڵداندا. | |
| هونەرو هونەرمەندانو رۆڵی راگەیاندنی کوردی | |
| گۆرانی کوردیو پاراستنی لەتێکەڵبوونی کولتوری تر. | |

# ئاڵای کوردستان هێمای یەکڕیزیمانە

ئاڵا هەمیشە بە سەروەری نەتەوەو نیشتمان دادەنرێت و لە ڕەنگەکانی و شێوەکەیدا مەدلول و هێمای جۆراوجۆری وەك بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابوری بەدەردەکەوێت، ئەم هێمایانە وایان کردووە کە ڕۆڵەکانی ئەو گەلانە بەچاوی ڕێزو خۆشەویستی و بەرزی لە ئاڵاکانیان بڕوانن، بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد لە هەر سەردەم و کاتێکدا بۆ هەر شۆڕش و بەرخۆدانێك ئاڵای دیارو تایبەتی خۆی هەبووە وەك ئەم چەند نمونەیە:

سەلاحەدینی ئەیوبی ئاڵاکەی ڕەنگی زەرد بووە، شێخ مەحمودی نەمر ئاڵاکەی ڕەنگی سەوز بووە، قازی محەمەد (کۆماری کوردستان لە مهاباد) ئەو ئاڵایەی ئێستایە لەپاش ئەو شۆرشانەش هێمای بیرو ئایدیا زۆرجار لەناو ئاڵای تایبەتی ئەو حزب و ڕێکخراوانەدا ڕەنگی داوەتەوە، هەر حیزبەو بەگوێرەی سەردەم و گۆڕانکاری سیاسی ئەوانیش گۆڕانکاریان لە ئاڵاکەیاندا کردووە.

هەروەها هەموو پارتەکانی کوردستان لە گشت بەشەکاندا خۆیان وا بەستە کردووە بە ئاڵایەکی تایبەت بە خۆیان، لەبەرزۆری پارتەکان ناکرێ ئاماژە بە هەموویان بدەم، خاڵی وەرچەرخانی ئاڵاو هێمای حزبی دەگەڕێتەوە بۆ یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەساڵی 1992 کە هەر حزبەو ڕەنگێکی بۆخۆی قۆرغ کرد، بەرای من کارێکی خراپ بوو چونکە سەرەتای دابەش کردنی ڕەنگەکان لەڕێی ئایدیاوە لەم وڵاتەدا سەری هەڵداو لەسەر ئەو ڕەنگانە هەزاران کەس توشی ناڕەحەتی و بێزاری هاتن کەئەویش لەناو خەڵکدا بەشەڕە پەرۆ ناسراوەو تەنانەت لە پۆشینی جل وبەرگیش دا خەڵك حسابی بۆ جۆری ڕەنگەکە دەکردو دەیاندایتە پاڵ ڕەنگی حزبەکە، لەپاش پرۆسەی بەناو ڕزگاری عێراق دا

ئەوەی جێی سەرنجی خەڵکی کوردستان بوو بە هەزاران ئاڵای پڕشکۆی کوردستان هێنرایە ئەم وڵاتەو بەبیرو چاوو دیدەی هەمووان ئاشناکراو لەسەر شوێنە ڕەسمیەکاندا هەڵدرا کە بووە مایەی دڵخۆشی ڕۆڵەکانی ئەم گەلەو زۆربەمان لە کۆڕو کۆبونەوەو دانیشتنەکاندا تەنانەت لە قاوەخانەکانیشدا باسی ئایندەی کوردمان دەکردو دڵمان بە ئاڵاکەمان زۆر خۆش بوو, پێمان وابوو هاوپەیمانان بەهەنگاو مەبەستەکانمان دێننەدیو لەم گۆڕانکاریانەدا وەك موعەمەر قەزافی گووتەنی (بەڕوخانی سەدام دەوڵەتی کوردی دادەمەزرێ) دڵی خۆمان خۆش دەکرد.

تاوای لێهات لە دوو ئیدارەکەی کوردستان لایەك ئاڵاکەی کوردستانی لەگەڵ ئاڵای بەعسی ڕووخاو هەڵکردو لاکەیتر لەبەرکێبەرێکی حزبی تەنها ئاڵای کوردستانی هەڵکرد, بەڕای من ئەوەش دەگێڕمەوە بۆ تەبانەبوونی هەڵوێستی نەتەوەیی کورد لە بەرامبەر حەساسترین هۆکاری یەك ڕیزی نیشتمانیو ڕێزنەگرتن لە سەروەری ئاڵاکەمان.

ئەوەی لای منو هەزارانیتر بووە جێی سەرنجو ئەو لایەنەی ئاڵای بەعسی لەگەڵ ئاڵای کوردستان هەڵکرد لە ساڵی 1992 لە پەرلەمانی کوردستاندا کێشەی لەگەڵ لایەنەکەی تر هەبوو تا ئاڵای بەناو عێراق نابێت لەپەرلەماندا هەبێتو دەبێت نەك لابرێت بەڵکو پێویستە فڕێ بدرێتە دەرەوەی پەرلەمان, من لۆمەی ئەو دوو حزبە سەرەکیە ناکەم لەبەر بیروڕای جیاواز وەك یەك بیرناکەنەوە لە شتەکان ناڕوانن چونکە بەڵێنی ئەوەیا داوە, بەڵام خۆ ئەندامانی پەرلەمان هەرچەندە نوێنەری دوو حزبەکەن بەڵام سوێندی یاساییان خواردووە کە لەخزمەت بەولاوە هیچ شتێك دژ بەگەلو خاکی کوردستان نەکەن ئەی بۆچی بڕیارێك لەو پەرلەمانەی کە بەتەمەنترین پەرلەمانی هەڵبژێردراوی دنیایە دەرنەچووە تا هەردوو ئیدارەکە پەیڕەوی بکەن, باشە بۆچی بۆ گۆڕینی وەزیرێك لەهەر ئیدارەیەك دەنگی لەسەر دەدەن, بەلام بۆ هەڵکردنو لابردنی ئاڵای

بەعس و عروبە دەنگیان لێوەنایەت وەك پێشتر ئاماژەم پێدا لەبەر خاتری کورد نیيە کە ئەم دوو حزبە ئاڵاکە بە پێچەوانەی یەکتر بەکاردەهێنن بەڵکو تەنها بەرژەوەندی تاکڕەوی حیزبیەو هیچی‌تر، ئەوەی بۆ هەموومان بۆتە مایەی سەرنج و تێرامان ئەو ئاڵایەی بەعسە کە سێ ئەستێرەکەی تێدایەو لەسەرەتای شەستەکانەوە بووە هێمای یەکێتی عەرەب کە لەنێوان (عیراق و میسرو سوریا)دا بڕیار بوو پێك بێت کە تەنها عێراق هەڵی کردو ئەوان لێی پاشگەز بوونەوە، پاشان سەدامی بەندی عەقڵی خۆی (الله اکبر)ی خستە سەر کەواتە ئەو ئاڵایە هیچ ئاماژەیەك و خۆشیەك بەگەلی کورد نابەخشێ جگە لەبەعس و یەکێتی عەرەب، جا داوا لەپەرلەمان کە نوێنەری هەردوو حزبی سەرەکیە دەکەم بڕیارێك لەم بارەیەوە بدات و لەو ئاگرەی کە ماڵی هەموو کوردی پێ سوتاوە لەسەر فەرمانگەو شوێنە گشتی‌یەکان لابرێت و کاتی بەسەر چووە، بەڵام تکام وایە با وەك بڕیارەکەی ئەنجومەنی حوکم نەبێ کە بڕیاری گۆڕینی ئاڵای عێراق دراو کەچی لە هەمو بۆنەو مەراسیمەکاندا تەنانەت بەڕێ کردنی مردووەکانیش دەیخەنە سەر تابووتی مەرگیان، ئەوان حەقی خۆیانە، بۆ ئێمەی کورد ئاڵای کوردستان لەم کاتەدا بۆتە سیمبۆلێکی نەتەوەیی چونکە وەك نەتەوەیەك پێویستمان بەئاڵایەك هەیە کە لە نەتەوەکانی‌تر جیابکرێینەوە و سەروەریمان نیشانی جیهان بدەین، جگە لەوەش وا بەستەبوون بە پەڕۆ ڕەنگی حیزبێکی تایبەت دوور دەخرێتەوەو بەمەش یەك دەنگی‌و یەك ڕیزی پێك دێت و سەردەمی شەڕە پەڕۆ گێچەڵی تاکڕەوی و تاك حیزبی دوور دەخرێتەوە و بیری نەتەوەیی بەئاڵای کوردستان دەبێتە مایەی شانازی گشت ڕۆڵەکانی گەلی کورد.

2004/7/1 لە ڕۆژنامەی (نێوەند)دا بلاّوکراوەتەوە.

# ئەزمونی پەرلەمانێکی بەتەمەن چی فێرکردین؟

پەرلـەمان ئـەو دەسـەلاتە یاسـاییەی کەراسـتەوخۆ خـەلك ڕۆڵیـان دەبێت لـەدیاریکردنی ئەندامـەکانی بۆ ئامانجە تایبـەتی و گشتییەکان، لەهەر کۆمەڵگاو نەتەوەیەکدا شێوازی دیاریکردنی پەرلـەمان خەسڵەتی تایبـەتی خـۆی هەیـە بـەپێی ئاسـتی ووشـیاری و گەشـەکردنی کۆمـەڵ لەتێگەیشـتن و بەهەنـد وەرگرتنـی چـەمکی دیموکراسـی لـەقبوڵکردنی بیروڕا جیاوازەکـان چـونکە گـەر ئـەم چـەمکە فەراهـەم نـەبوو ناتوانرێـت دەسـتەو لایـەن و کەسـانی پـاڵێوراو بەباشـی دەنگـی خۆیـان بگەیـەنن بەکۆمــەڵ خــەڵکیش وەك پێویســت نــاتوانن خۆیــان ســاغ بکەنــەوە لەدیاریکردنی ئەو لیستی لایەنەی بەنوێنـەری خۆیانی دەزانن بـەمانای هەڵبـژاردنی نوێنـەر بۆ پەرلـەمان کارێکی دیموکراسی و جەمسـەر والای کۆمەڵگای ئازادو مەدەنیە.

**بەراوردێك**:

گـەر بـەراورد بکـەین لـەنێوان پەرلـەمانی ئـەو ولاتانـەی کەدیموکراسـی تیایـدا گەشـەی کـردووە لەگـەڵ ئـەو ولاتانـەی دیموکراسـی پێگـەی لـەناو کۆمەڵگاکانـدا نییـە دەبیـنین لەیەکەمیانـدا ئـەو کایەیـە ڕەوتـی ئاسـایی خۆی دەگرێ و کێ تواناو لێهـاتوو کارامـە و دڵسـۆز بێت گـرەوی بـەختی بەدەست هێنانی کورسی پەرلـەمان دەباتەوەو ڕکەبەرەکەشی پێش گشت کەسـە نزیکـەکانی دەنـگ و ڕای میللـەت بەگـەورە دەزانـێ و پیرۆزبـایی ئاراسـتە دەکـات، وەك لـەدوا هەڵبژاردنـە سـەرۆکایەتیەکەی ئەمـەریکا بینیمان، هـەروەها ئـەو مـاوە مێژووییـەی بـۆی دیـاری کـراوە کاردەکات و پاشان کورسی چۆڵ دەکات بۆ کەسانیتر بەلام لەکۆمەڵگاکانی ڕیزبەندی

دووەمدا کەدیموکراسی و ئازادی هیچ پێگەیەکیان نیە لەناو کۆمەڵدا نە بەباشی پڕۆسەکە ئەنجام دەدرێ و نەکەسی شایستەو لایەن و لیستی شایستەش بەو ئامانجە دەگەن کەنوێنەری خەڵك بن، نمونەشمان زۆرە لە نێوان پەرلەمانی شایستەو ناشایستە ئەوانەی ئەوروپاو ئەمریکا شایستەترن لەوانەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەپەرلەمانەکەی خۆشمانەوە.

## پەرلەمانی ساڵی 1992

زۆربەمان کەباسی هەڵبژاردنی پەرلەمان دەکەین ریز بەستنی خەڵك بەپیرو پەککەوتەو نەخۆش و لاوەوە ساڵی 1992 دێتە سەر شاشەی بیرەوەریمان بۆ دیاریکردنی یەکەم پەرلەمان لەلایەن خەڵکەوە، ئەوەی مەبەستی زۆربەی خەڵك بوو نەهاتەدی بەدابەشکردنی کورسیەکانی پەرلەمان لەنێوان دوو حیزب ئەمەش وای گەیاند کەدوو حیزب خۆیان کردە خاوەنی پەرلەمان و دەسەلاتەکانی حکومکەتیشیان بەش کردو ئەنجامیش چونکە بنەماکانی دیموکراسی نەچەسپیبوون شەڕی ناحەزو نەویستراوی خۆکوژی دەستی پێکردو کارەکانی پەرلەمان هەڵپەسێردراو حکومەتەکەش لەبەر بێ متمانەیی بەیەکتر بوو بەدوو حکومەت بەڕای من گەر هێزی پێشمەرگەی گشت لایەنەکان هەڵبوەشایەوەو حکومەت سەرپەرشتی بکردایە کێ بەرکێیە کەنەدەبوو بەو شێوازە خوێناویەی کەسەدان لاوی کورد تیایدا خوێنیان رژا ئێستاش پاش ئەم هەموو ئاڵوگۆڕە سیاسیەی لە جیهان و ناوچەکەدا روویداوە پەرلەمانی کوردستان هیچ هەنگاوێکی عەمەلی و جدی نەناوە بۆ یەکخستنەوەی ئیدارەکان ئەمەش زیاتر ئەوە روون دەکاتەوە کە پەرلەمانی کوردستان نوێنەرەکانی بەچاوو بیری تەسکی حیزبی کاردەکەن و بەرژەوەندیە بالاکانی کوردستان بەباشی نابینن گەر وا نیە بۆچی پاش (12) ساڵ

لەهەڵبــژاردنی پەرلــەمان بــەردەوامن لــەکاری حیزبــی و تــەنها ئەنــدام پەرلەمانێکمان نەدی دەست کێشانەوەی خۆی لەپەر لەمان رابگەیەنێت بەهۆی کەم تەرخەمی و بەدی نەهێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد دیارە ئەو موچە زۆرەی حیزب وای کردووە کەجگە لە بەرژەوەندیەکانی حیزب هیچ بەرژەوەندییەکی‌تر هەرچەند گرنگتریش بن نەیبینن.

## پەرلەمانی ئایندەو ویستێك:-

ئەگــەر بمانــەوێت کۆمــەڵگای کــوردی لەکۆمــەڵگای خێــڵ دەربچــێت پێویســتە حیزبــەکان واز لەگشــت چــین و توێــژەکان بێــنن کەلەمــەوپێش کارکراوە بۆ بەپاشکۆبوونی ئەوان بۆ هەر توێژێك چەندین رێکخراو هەیە تایبەت بەحیزبەکان ئەمەش وای کردووە کۆمەڵگای کوردی دابەش ببێت بەسـەر حیزبـدا جگـە لـەوەی کـاری حیزبـی خۆیـان دەکـەن لەپشـتەوەش خەڵك بەم شێوازە رێگای هەنگاوەکانی گەیشتن بەکۆمـەڵی مـەدەنی دوور دەخەنەوە کەخۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن، خـەڵکی لەئـەزمونی پەرلـەمانی رابردوی حیزبەکان باش بـەئاگاهاتووەو مـەرامی حیزبـەکانی لـەلا روون و ئاشکرایە جا بۆئەوەی متمانە بگەڕێتەوە لای خەڵك و ئایندەی کوردستان گەش بێت واباشە واز لەحیزبایەتی تەسك بێنن و لیستی شیاو و شایستە دابەزێننە ناو خەڵکەوەو پەیمانی راستی بدەن کەخزمەت بەگەلی کوردو خاکی کوردستان بکەن بەدیاری‌کردنی کەسانی شارەزاو پسپۆڕ لـەبوارە جیاجیاکــانی ژیانــدا تــا خۆشــی و کامــەرانی و ئــازادی و ســەرفرازی و وڵاتێکـی پـڕ بەرهـەم بـۆ گشـت تاکـەکان بێتـەدی نـەك تـەنها بـۆ هەنـدێك کەسانی خۆیـان گشـت سامان و ئابوری کوردستان بخرێتـە خزمـەتیان و لەجیاتی ئەوەی وەك خەڵکی بژین هەریەکەیان دەیان کۆشك و کۆمپانیـاو ئۆتـۆمبیلی هـەبێت، ئەمانـەی باسـم کـردن لەبەرچـاوی خەڵکدان و کـەس

ناتوانێ نکوڵی لەبونیان بکات لەسایەی بێ یاسایی و نەبوونی دڵسۆزی بۆ گەل لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی 1992 خۆزگەی خەڵك ئەوەیە بەچاوێکی رەخنەگرانە گشت کارەکانی پێشوو ببینین.

هەروەها پێویستە کەسانی شایستە دابنرێت بۆ پۆست و شوێنی گونجاو نەك کار بۆ کەسانی خۆیان بدۆزنەوە، خەڵکی کوردستان دەنگی خۆیان دەخەنە پاڵ دەنگی (پیرەمێرد)ی فەیلەسوف و دەڵێت:

خۆزگە دەستورێك ئــــــــەخرایە نـــــــاو

پیاو بۆ ئیش ئەبو نەوەك ئیش بۆ پیاو

لەکۆتاییدا خواست و ئیرادەی خەڵك راستی و دروستی گشت ئامانجەکان دیاری دەکات و هەوێنی سەربەرزی و کامەرانی گەل وەدی دێنێ، نەك پشت کردن لەگەل و نەتەوەو خۆسازدان بۆ گەیشتن بەئامانج و بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خودو فەرامۆشکردنی نەتەوەیەك..

لە ژمارە (10)ی رۆژنامەی نێوەند رۆژی 2004/12/20 بلاّوکراوەتەوە.

# داگیرکەرانی کوردستان و بەکارهێنانی ئاینی ئیسلام

گەلی کورد لەمێژووی دروست کردنی دەوڵەتی عێراقداو پێشتریش ململانێی سیاسی پارچە پارچەکردنی کوردستان لەپاش شەڕی چاڵدێران لەساڵی 1514 لەنێوان سەفەویەکان و عوسمانیەکاندا، بەنەزانی و بەنا بەدڵی و بەبێ ویستی خۆی تێکەڵ بەویستی ناحەزی داگیرکاری عەرەبی و نەتەوە پەرستانی تر بووەو بەچەندین مەرام و پیلانی پشت حەزەکانی خۆیان گەرەکیان بووە مەهامە چەپەڵەکانی خۆیان بێننە دی بەوەی لەعێراقدا سیاسەتی بەکارهێنانی عەرەب و کورد دوو نەتەوەی موسوڵمانی بران یان قورئان بەعەرەبی هاتووەو محەمەدیش کە پێغەمبەری ئیسلامە هەر عەرەبەو لەهۆزی قوڕەیشی مەککەییە جگە لەمانە پیادەکردنی بیری رەتکردنەوەی هەموو ئەو کەسانەی کە جگە لەم ئایینە، ئاینی تریان هەڵگرتووە، سەرباقی ئەمانەش بەبیری پیسیان نەتەوەی کوردیان کردووە بەچەند توێژێکی ئاینی هەر لە شێخ و مەلاو ئاغاو بەگزادە، ئەمانەیان وەك کەسانی باوەڕپێکراوی خۆیان بەکارهێناوە بۆ سڕینەوەی بیری نەتەوەیی، بەڵام ناکرێت رۆڵی زۆر لەو مەلاو پیاوە ئاینیانە بەهەند وەرنەگرین کەدژ بەم ویستەی ناحەزانی عەرەب و داگیرکەرانی تری کوردستان لەسەنگەردا بوون و پێچەوانەی ئەم پیلانە شۆڕشیان بەرپا کردووە هەر لەشێخ سەعیدی پیران و شێخ ئەحمەدی بارزان و شێخ مەحمودی نەمرو شێخ عوبەیدڵای نەهری (شەمزینانی) و قازی محەمەدو چەندانی تر، بەڵام ئەم شۆڕشانەش لەبەر هەلومەرجی هەرێمایەتی و بەرژەوەندی دەوڵەتە زلهێزەکان و کەمی و هۆشیاری نەتەوەیی گەلی کورد بەئامانج

نەگەیتشــوون، هەرچــەندە دوژمنــان توانیویانــە ئــاینی ئیســلام بکــەن بەهۆکارێك بۆ سەرخستنی ئامانجەکانی داگیرکردنی کوردستان بەڵام گــەلی کــورد نــەیتوانیوە ئــاینی ئیســلام بــۆ ڕزگــارکردنی خــۆی بەکــەڵ وەربگرێو بەکاربهێنێ هەربۆیە پیرەمێردی شاعیرو فەیلەسوف دەڵی:

بۆیە ئەو قەومە ئیشی لەپاشە

بۆ هەموو کارێ دەوەن بەئاشە

هەروەها بۆ دروست کردنی بیری عەرەب باڵایی، ئیسلام هەمیشە بۆتە ئـەو مقاشـەی کـە پشـکۆکانی پـێ بگـرن و پـاوانی خـەڵکانی تـری پـێ بسوتێنن و دەستی خۆیان نەسوتێ ئەم کارە دیارە هەر بەتەنیا عەرەب نـەیکردووە بـەڵکو داگیرکـەرانی تـریش لەکوردسـتان بەهـەمان ڕێگـەدا ڕۆیشتوون کەڵکیان بۆ خۆیان لێ وەرگرتووە هەر لەدەسەڵاتی خەلافەتی عوسمانی و سەفەویدا تا ئەم سەردەمەش لەتورکیا بەناوی ئەوەی تورکیا تـەنها هـی تورکـەو هـیچ نەتەوەیـەکی تـری تێـدا نیـەو بەکوردەکانیشـیان وتـووە تـورکی شـاخاوی، لەخەلافەتـەوە تـا دەوڵـەتی عیلمـانی تـورکی بەدەستی کەمال ئەتا تورك ئەو بیرە چەوتە تاکڕەوە پەرەی پێ دراوە.

لەسوریاشــدا بەهــەمان شــێوازی عێــراق کارەکــەیان بــەڕێکردووەو ئێستاش بۆ کوردی ئەوێ نیە بڵێ کوردستانی سوریا بەڵکو دەبێ بڵێن کــوردی ســوریا ئەمــەش وای لێکدەدەنــەوە ســوریا بــە بەشــی کوردستانەکەشــیەوە بــەخاکی عــەرەبی ئــەوێ دەزانــن تەنانــەت هــیچ حیزبێکی کوردی لەکوردستانی ڕۆژئاوا بەناوی پارتی کوردی سوریا مۆڵـەتیان پـێ دەدرێـت نـەك بـەناوی کوردسـتانی بـوون، لەکوردسـتانی ڕۆژهەڵاتیشـدا فارسـی بـاڵا دەسـت لەوکاتـەوەی ئـەو بەشـەی کوردسـتان

خراوەتە سەر ئێران بەبیانووی ئەوەی ئێران وڵاتی ئاریانەو کوردیش نەتەوەیەکی ئارییە و پێویستە ئیش بۆ ئەو دەوڵەتە بکەین و ئێران وڵاتی هەمووانە بەڵام فارس تێیدا باڵا دەستەو هیچ زمانێکی تر زمانی ڕەسمی نیە لەئێراندا جگە لەفارسی لەم سەردەمەشدا بەناوی کۆماری ئیسلامی ئێران ئیمپریاتۆریەتی فارسی کارەکانی خۆیان بەباشی ئەنجام دەدەن و جارێکی تر ئاینی ئیسلام بۆتە مقاشی دەستی فارسی باڵا دەست و نەتەوەکانی تری پێ ژێر دەست دەکەن، ئەمە لەمێژوودا نەتەوە سەردەستەکانی ناوچەکە بەم شێوازە ئاینی ئیسلامیان بەکارهێناوەو گەلی کوردیان پێ چەوساندۆتەوە، تەنانەت کارێکیان کردووە زۆربەی کورد رقیان لەجولەکە بێت و بەکافر لەقەڵەمیان داون بێئەوەی ئاینی جولەکە هیچ زیانێکی بەکوردو ئاینەکەی گەیاندبێ، بۆ مەسەلەی فەلەستینیش گەلی کورد هەمیشە بەرگری لێ کردووەو زۆر لەتێکۆشەرانی لەفەلەستین خەباتیان کردووەو تەنانەت لەناو ئەدەبی بەرگری کوردیدا پشتیوانی فەلەستین پشکی خۆی گرتووە، بەڵام دیسان ئەوەی جێی سەرنج و رامانە ئەو فەلەستینیانەی ئێمە پشتگیریمان لێ کردوون هەمیشە دژ بەویستەکانی ئێمە بوون و تەنانەت بەوتنیش باسی مەغدوری گەلی کوردیان نەکردووەو تەنانەت زۆر کەسیان هەیە لەوێوە هاتووە لەکوردستان جیهاد دەکات و خۆی دەتەقێنێتەوە لەدوا وتەم دا دەڵێم نەتەوە سەردەستەکانی رۆژهەڵات خەون بەژێر دەستەکردنی کوردەوە دەبینن بەتایبەت عەرەب و تورکو فارس مقاشی دەستیشیان ئاینی ئیسلام بووە.

2004/12/1 لە رۆژنامەی (نیوەند)دا بلاوکراوەتەوە.

# دوژمنان لە تاوانباری خۆیاندا کورد سزا دەدەن

خەونی رۆڵە رۆشنبیرو دڵسۆزەکانی گەلی کورد بەدیهاتنی ئامانجو سەرفرازی کوردەو رزگاربوونە لە ژێردەستەی نەتەوە سەردەستەکانی سەدان ساڵە لە (عەرەبو تورکو فارس).

ئەوەی لە جێی گومان دەرچوونە لای گشت تاکەکانی گەلی کورد ئەوەیە کە دوژمنانی گشت پارچەکانی کوردستان لەمەرامی کورد بە هیچ نەبووندا یەك هەڵوێستیان هەیە, لەو کاتانەی زانیان پڕۆژەیەك بۆ کورد هەیە یان بزووتنەوەی کوردایەتی بەهێزە بە پەلە کۆدەبنەوەو پیلانی لێدەگێڕن. وەك ماوەیەك لەمەو بەر تورکیاو ئێرانو سوریا هەڵوێستی خۆیان دەربڕی.

هەر چەند رژێمی بەعس رووخاوەو دەسەڵاتی لە دەست نییە, بەڵام زۆر لە دەسەڵاتدارانی حیزبە عەرەبییەکانو کەناڵەکانیان لە گشت دەوڵەتان پشتیوانی لە دوژمنانی کورد دەکەن بە حەوزە دینییەکانیشەوە پاشان ئەم هەموو پیلانانە کوردیش بێ باکانە مامەڵە لەگەڵ رووداوەکاندا دەکات, دڵنیام هەیە بەوە ولاّم دەداتەوە کە بارودۆخەکە هەر ئەوەی ئەمڕۆ دەخوازێ, خۆ دەبێ بزانین کام بارودۆخ؟ ئەوەی کە لە ئێستای عێراقدا عەرەبی سەردەستە پەرتەوازەیەو ئێمەش دوو هێزی چەکداری باشمان هەیە گەر نەشتوانین لە عێراق جیاببینەوە خۆ دەکرا ببینە هێزی فشار بۆ ئەوەی هەرنا دوژنانی ئێمە تەرانێت لە کەرکوکدا نەکەن وەك چەند رۆژێك لەمەو بەر پیاوە تورکەکانی کەرکوك خۆپیشاندانیان کرد کە گوایە بە هیچ پڕۆژەیەکی کورد رازی نینو مافی تورکمانەکان نابێت پێشێل بکرێت, سەیر لەوەدایە ئەم پیاوانەی تورك

مەبەستیان دیارەو بەکار دەهێنرێن لە دژی گەلی کورد, بەلام سەرکردەکانی کوردو حزبەکان بێدەنگن و بەمە رازین گەر وانیە بۆچی ئەمەریکاو نەتەوە یەکگرتووەکان لەم پێشێلکارییانەی تورکیاو دەست خستنە ناو کوردستان ئاگادار ناکەنەوەو وەرەقەیەکی فشار بۆ سەر تورکیا دروست ناکەن جا هێزەکانی بەشی باکور بن یان هەر شتێکی تر پێم وایە تورکەکان دەزانن کورد لە ئاست ئەوان دەسەو سانە بۆیە ئەوان وەرەقەی تورکمان بەکار دەهێنن. هەر لەسەر داوای تورکیا نەبووە هێزی پێشمەرگە خراوەتە سەنگەری داگیرکەران و لە هێزە بەرەنگارییەکانی تورکیای پێدراوە, ئەو راستییەی کە حاشا هەڵنەگرە ئەوەیە دوو حزبەکەی کە کوردستانی باشوریان بەش کردووە لە بەر بێ هەڵوێستییان و یەك نەخستنی هێزو تواناکانیان بواری گەورەیان بۆ دوژمنانی کورد کردووەتەوە کە مەرامەکانی خۆیان بە دی بێنن ئەویش هەڵوەشاندنەوەی بیری دروستی نەتەوەییە بە هەر شێوەیەك بێت, تورکیا بەو هەموو پێشێلکارییانەی بەرامبەر بە ئازادی مرۆڤ ئەنجامی دەدات کەچی بەناوی بەرگریکردن لە تورکمان دەست دەخاتە ناو کاروبارەکانمانەوە بەو هەموو تاوانەی خۆیەوە دەستی تاوان بۆ ئێمە درێژ دەکات ئەمەش چیرۆکێکی کۆنم بیر دەخاتەوە وا بۆتان دەگێڕمەوە (لە زەمانی کۆندا کەسێك تاوانێك ئەنجام دەدات و پیاوانی پادشا دەیگرن و دەیدەن بە دادگا, یاساش بڕیار دەدات کابرای تاوانبار چاوێکی دەربهێنرێت, کابراش بیر دەکاتەوە چۆن خۆی لەم کێشەیە رزگار بکات, بەبیریدا دێت بە قازی دەڵێ با لەجیاتی چاوی من چاوێکی راوچییەکی دراوسێمانە دەربێت چونکە ئەو ئیشی هەر بەیەك چاو هەیەو بە چاوەکەی تری دەتوانێت راو بکات و نێچیرەکان بکوژێت,

قازیش بەمە رازی دەبێت‌و کابرای راوچی دەهێنن‌و لەجیاتی چاوی کابرای تاوانبار چاوی ئەو دەردەهێنن).

من تورکیا وەك کابرای تاوانبار دەبینم‌و راوچییە بێ ئاگاکەش وەك کوردی هەژار دێتە بەر چاوم.

جا بۆ دەربازبوون لەم هەموو کێشانە کە روو بە رووماندەبێتەوە پەند وەرناگرین‌و هێزی خۆمان یەکناخەین.

تەنانەت دەبوایە چەندین پرۆژەی گەورەمان هەبوایە بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی کورد کەچی لای ئێمە پاراستنی ئاسایشی حزب خۆش بێت بیر لە پاراستنی نەتەوە ناکرێتەوە، ئەی ئەوە نییە هەر حزبەو چەندین هێڵی نهێنی هەیە بۆ ئەوەی پیلانی حزبەکەی تر بزانێت‌و لە مەرامەکانی یەکتر بگەن.

برا گەل ئەگەر خۆتان بە دڵسۆزی کورد دەزانن دە هێزەکانتان یەکخەن‌و لە پێناوی بەرژەوەندی نەتەوەدا کار بکەن‌و پیلانی دوژمنە سەرسەختەکان دیاری بکەن‌و هەڵیان بوەشێننەوەو هێزی فشار بۆ دوژمنان بەرپا بکەن‌و ئێوە مەبنە وەرەقەی فشار بۆ پارچەکانی ترو لاوازکردنی بزووتنەوەی کوردایەتی، بۆچی کوردی هەر چوار پارچە ناخەنە بەردەم فشاری دروستکردنی هێزێك بۆ بەدیهێنانی ستراتیژێك لە پێناو بە ئاگابوون لە پیلان‌و کارکردن بۆ یان لە دەرەوەی کوردستان‌و ناوخۆی وڵات.

دڵنیام ئەمانەش وەك خەونی رۆڵەکانی کورد لە یەکخستنی ئیدارەکاندا فەرامۆش دەکرێن‌و نایهێننە دی بە هۆی بیری تەسکی حزبی‌و بەرژەوەندخوازییەوە، بۆیە دەڵێم ئەوەی لەسەرمانە پێووتنەو بەس.

2004/9/5 لە رۆژنامەی (نیوەند)دا بلاوکراوەتەوە.

# شۆڤینیەتی عەرەب و بێدەنگی خۆمان لە ڕووداوەکان

گومان لەوەدا نییە کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و پێگەی جوگرافی دەوڵەتانی عەرەب بە تایبەتی دەسەڵاتیان لەسەر بنەمای تاکڕەوی و ستەمکاری و پێشێلکردنی مافەکانی تاك و بەرهەمهێنانی بیری شۆڤینیانەو رەتکردنەوەی ئایدیاو بیری جیاواز جێگیر کردووە هەر لەم پێناوەشدا چی هەوڵ و توانایان هەیە بۆ کپکردنی بیری جوان و ڕاست و دروست تەرخان دەکەن و هەوڵی تواندنەوەی گشت ئایدیاکان دەدەن لە بۆتەی عروبەدا, زۆر جار ئاینی ئیسلام دەکەن بە بەڵگە کە نەتەوەکان تەنها خزمەتی ئیسلام بکەن لە ژێرەوەش ئیسلام و عەرەب لێك جیاناکەنەوە بە واتای ئەوەی خزمەتی ئیسلام بکات پێویستە خزمەتی عەرەب و زمانەکەیان بکات. هەرچەندە ئێمەی کورد هەمیشە لەگەڵ ئەو نەتەوانەدا دەنگی خۆمان خستۆتە پاڵ دەنگیان کە هەوڵی ئازادی و سەرفرازی دەدەن و مافیان لەلایەن دەوڵەتانی تر پێشێل کراوە بە تایبەت فەلەستینی عەرەبی, زۆر جار داوای مافی رەوای ئەو گەلەمان کردووە تەنانەت لەناو ئەدەبیاتی بەرەنگاربوونەوەشمان باسی ئەو نەتەوانەمان کردووە, هەر لە فەلەستین و ڤێتنام و زۆری تر تا دژایەتی بیری ئاپارتاید لە خوارو ئەفریقادا. بەڵام لەگەل ئەو هەموو هەوڵ و هاوارەی ئێمە بۆ ئەوان, ئەم هەموو ئازارو مەینەتییەی کورد بەسەری هاتووە کەس باسی ئێمەی نەکردووەو بەرگری لێنەکردوین بەتایبەت عەرەبەکان, جگە لە چەند رۆشنبیرێك و سەرکردەی لیبیا (موعەمەر قەزافی) کە بۆتە جێگەی سوپاسگوزاری رۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە لەبەرامبەر بوونی هەڵوێستی مرۆڤ دۆستانە بەرامبەر بە دۆزو کێشە رەواکانمان ئەوەی لای هەمووان بەدی دەکرێت و بۆتە نیگەرانی دوو کاری دژ بە مرۆڤانەی ئەم چەند مانگە کە هەندێ لە شۆفینیە عەرەبەکان پێی هەستان کە یەکەمیان دژ بە چوار هاوڵاتی ئەمریکی بوو لە فەلوجە کە پاش کوشتنیان و ئینجا سوتاندنیان و راکێشانیان بەسەر شەقامەکانی

فەلوجەو ئینجا هەڵواسینیان بە پردێکی ئەوێدا, لە پاش ڕوودانی ئەم کارەساتە لە میدیای جیهانی و ئەمریکی دەنگدانەوەی زۆری نواند, تا گەیشتە ئەو ڕووداوەی کە پەنتاگۆن هەڕەشەی تۆڵەکردنەوەی ئەم کارەیان کردووەو بە بەرنامەیەکی داڕێژراو شەڕی چەند هەفتەی فەلوجە ڕوویدا کە زیاد لە (600) عەرەب کوژران, لەگەرمەی شەڕەکاندا ڕاگەیاندنەکانی عەرەبی بەعەقڵێکی زۆر شۆفینیانە موعامەلەی ڕووداوەکانیان دەکرد, لەگەڵ ئەوەی نواندنی بێدەنگی و خستنە پەراوێزی تیرۆرکردنی ئەمریکییەکان لە فەلوجەدا لەبەرامبەر هەمان کار کە سەرچاوەی گرتبوو, ڕووداوی دووەم لەسەرەتای مانگی حوزەیرانی ئەمساڵدا لەبەرامبەر پێنج لاوی کوردی کەرکوکی لە سامەڕا پاش کوشتنیان و سوتاندنیان و ڕاکێشانیان بەسەر شەقامەکانی ئەو شارەدا, کەسێك و لایەنێك و ڕاگەیاندنێکی عەرەبی و جیهانی و تەنانەت کوردیش بێ هەڵوێستی و بێ دەنگی خۆیان لەم ڕووداوە کردو جارێکی تر بیرو عەقڵی شۆفینیانەی عەرەب خۆی خستە واقیعێکی هەست پێکراو کە خوێندنەوەی ئەم بیرە بە باشی هەستی پی دەکرێت, لە بەرامبەردا ڕۆژانە دەیان عەرەب بەجلی ڕەسمی عەرەبی کە دزداشەیە لە بازاڕەکانی کوردستان هاتوو چۆ دەکەن و کەسیش پێیان ناڵێت لەپشتی چاوتان برۆیەو هەمیشە پەیامی برایەتی کوردو عەرەب بۆتە ئامانج لای هەموان, هەرچەندە من لەگەڵ کاری خراپەو دژ بە مرۆڤانەدا نیم, بەڵام ناشکرێت ڕۆڵەکانمان لەو باشورە بە دەستی ناحەزانی کورد بکوژرێن و دەسەلاتداران و ڕاگەیاندنی کوردی بێ هەڵوێست بمێنێتەوە, هەق وایە ڕووی دەممان بکەینە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و بپرسین ئەو هەموو پارەیەی دەدرێت لە بەرامبەر پەخشدا بۆ گۆرانی داواکراوو ناو خوێندنەوە, گەر نا دەبوو شەقامی کوردی لەم ڕووداوانە بێ دەنگ نەبوایە ڕاگەیاندن دەوری هەبوایە لە خەڵك هێنانە سەر شەقام بۆ دەربڕینی ناڕەزایی.

لەژمارە (1) ڕۆژنامەی نێوەند ڕۆژی 2004/7/4 بلاوکراوەتەوە.

# چەفتەو عەگاڵی عەرەبی و دیموکراسی

دیموکراسی ئەو وشەیەی بۆتە وێردی سەر زمانی زۆر کەس و لایەن و نەتەوەو حیزبەکان ئەمە وەك کاری تیۆری بەڵام ئاخۆ ئەم وشە لێکدراوە کەپێك هاتەی (دەسەڵات+ گەل)ە لە رووی کاریپراکتیکییەوە چەند مەرامەکانی بەدی هاتووەو لە ناو ژیانی کۆمەڵگاکاندا رەنگی داوەتەوە, دیارە سەرەتا دەبێ ئەوە بزانین کە ئەم وشەیە هەڵقوڵاوی ناخی کۆمەڵگەی ئەوروپیەو لەبەر گونجاوی و شیاوی پڕەنسیبەکانی لە گشت شوێنێکدا مرۆڤ هانای بۆ دەبات و بە فریاد رەسی خۆی دەزانێت, تەنانەت ئەوانەی لە سەنگەریشدان بۆی و دژن لە بەرامبەریدا, خۆیان وا نیشان نادەن کە لە گەڵیدا کۆك نین و ئەوەی لای من مەبەستە کە بیخەمە روو جیهانی پاشکەوتووی عەرەبییە کە تا چەند لەگەڵ رەوتی ئەم زاراوەیەدا خۆیان دەگونجێنن و پەیڕەوی لێ دەکەن, بێ گومان ئەم وشە نامۆیە بە عەقڵ و فکری عەرەبی گوشراو بە رەتکردنەوەی خواستی ئەوانی ترو نەتەوەپەرستان لە رادە دەرچوونێك بەو ئەندازەیەی چاویان بە ژیانی شارستانی و ئازادی گەلانی تر هەڵنەیەت بە تایبەت بەرامبەر گەلی کوردی هاودینیان, ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆر هۆکاری پەروەردەیی و ئاینی و کۆمەڵایەتی و ئابوری هەر یەکێك لەم هۆکارانە لە پشتی عەقڵی مرۆڤی عەرەبیدا وەستاوەو رێگرە لە بە ئاکام گەیاندن و ئەنجامدانی پرۆسەی دیموکراسیەت لە ناو کۆمەڵگای داخراوو پەراوێزبووی عەرەبیدا, دیارە ئێمەش بە حوکمی هەڵکەوتەی جوگرافیای نیشتمانەکەمان و زاڵ بوونی نەریت و ئاین و کەلتوری عەرەبی جا لە

نێوان ئەم وونکردن و وەرگرتنەدا تێکەڵییەکی نا دروست پەیدابووەو کاری خۆی لەسەر گشت تاکێك فەراهەم کردووە بۆیە لە ڕۆژهەڵات بەگشتی و دنیای عەرەبی بە تایبەت هەمان سیناریۆ ڕەش و تاڵەکانی کۆمەڵگا دووبارە دەبنەوەو ئێمەی کوردیش بەشی خۆمان پی بڕاوە بە نمونە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەند هەرکەس بووە بە سەرۆکی حیزب یان سکرتێر بە قانونی دیموکراسیەکەی ئێرە دەبێ هەر خۆی بێت و کورسی چۆڵکردن نییە تا دەمرێت پاش خۆشی کەسانی نزیکی خۆی بۆ ئەو شوێنە دیاریکراوە نمونەشمان زۆرە لەم چەند ساڵەی رابردوو هەر لە مردنی شا حسەین و دانانی عەبدوڵلای کوڕی یان مردنی حافز ئەسەدو دانانی بەشاری کوڕی و چەندانی تر.. ئەگەر مۆدیلی دیموکراسی ئەورووپاو ئەمەریکاش وەرگرین لە پلەی بالادا دەبینرێت لە چاو ئەمەی ولاتانی ڕۆژهەڵات چونکە پاش ئەوەی چوار ساڵ سەرۆك کۆمار سەرۆکایەتی ئەنجام دەدات گەر شیاو بوو توانی خزمەتی گەورە پێشکەش بە نیشتمان و هاولاتیانی بکات مافی پێ دەدەن چوار ساڵی تریش کار بکات و پاشان دەبێ بڕوات و کورسییەکەی چۆل بکات. بەلام لێرە بەسەرە نێزە دەچێتە سەر کورسی دەسەلات و هەر بەو شێوەیەش دەبێ چۆڵی بکات وەك سەدامە زیندانی کراوەکەی عێراق.

لەم ڕۆژانەداو لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی جیهان هەواڵی سەرپێچیکردنی لێخوڕینی ئوتومبیلی جێگری سەرۆکی پێشوی ئەمەریکا (ئال گۆڕ) ڕاگەیەنرا کە لەیەك کاتژمێردا چەند کیلۆمەترێك زیاتر لە خۆی ڕۆشتبوو بۆیە بەپێی یاسا سزا دراو چووە ژێر سزاکەوە.

دەبێ لەم وڵاتەدا کە پەیوەستین بە ڕژێمە نادیموکراسییەکانی عەرەب و ڕۆژهەڵات بەرپرسانی ئێمە ملکەچ بن بۆ یاسا وەك (ژان ژاك

ڕۆسۆ) دەڵی (پیرۆزی بۆ یاسا نەك بۆ ئەوانەی بەكاری دەهێنن) لەم عێراقە فیدراڵیەدا كە دكتاتۆرێك روخاو بە حساب بنەماكانی دیموكراسی جێبەجێ دەكرێ بە چەفتەو عەگاڵی عەرەبی سەرۆك كۆماری نوێی هێما عروبە بەكاری دیموكراسیانە بەكار بهێنێتو هیچ خوێندنەوەیەك بۆ ئەم هەموو نەتەوەو ئاینو مەزهەبانەی تری عێراق نەكرێت ئەمە دیموكراسییە بۆیە ناچار دڵمان بەو دیموكراسییەو دەسەڵاتەی كەلە عێراقدا هەیە نابێت خۆش بێت دەبی بڵێین سەد ڕەحمەت لە كفن دز یان دەبێ دیموكراسی لە سایەی دا بە ئاكام بگات، تۆ بڵێی ریسی خەونی دیموكراسیو گەیشتن بە مافی ڕەوای بڕیاردان نەبێتە خوریو پاشان تەشیو ئینجا بوونەوە بە خوری لە بیرێكی ڕەهای نەگۆڕی هەمیشە ڕەهادا. كە ئەویش عەقلی شۆڤێنیزمی نەگۆڕی عەرەبییە.

لەژمارە (6) ڕۆژنامەی نێوەند 2004/10/1 بلاۆكراوەتەوە.

# نوێنەر لەنێوان خەڵك و حیزبدا

لە نووسینەکانی ترمدا دا لە ڕۆژنامە نێوەندا زۆرجار لەدەرگاو باسی هەڵبژاردن و دیموکراسیم داوە لەم جارەشدا بەهۆی نزیك بوونەوەمان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق و کوردستان و پارێزگاکان بەباشمزانی بۆماوەیەکی کورت ئەو تێبینیانەی لام بوونەتە سەرنج لەسەریان بووەستم و تۆی خوێنەریش لەگەڵ خۆم پەلکێش بکەم بۆ بابەتەکەم, عەجایباتی هەڵبژاردن لەم ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستە ئەوەیە دیموکراسی عەیاری بیست و چوار لایداوە گەر وانەڵێین غەدر لە شارستانی پڕ شکۆی خێڵ و عەشرەت دەکەین و تای تەرازووی دیموکراسیەکەی ئەم ناوچەیە نارێك دەکەین و لاسەنگ دەبێت, برادەرێك ووتی من پرسیار لەتۆ دەکەم ئێوە سەری خۆتان بەم نووسین و ڕۆژنامانەوە قاڵ کردووە جیاوازی چی‌یە لە نێوان کۆمەڵی مەدەنی و عەشرەت بازیدا چونکە حیزبەکان باسی دیموکراسی و هەڵبژاردن و کۆمەڵی مەدەنی دەکەن لەگەڵ ئەوەشدا شەوانە لە تەلەفزیۆنەکانیانەوە سەرکردەکان چەپڵە باران دەکرێن بەهۆی بانگ کردنی عەشیرەتەکان, خوێنەری بەڕێز هەرچەندە من ڕێزو پایەی هەموو کەس وەك خۆی دەبینم, بەلام تۆش بی لەجیاتی من دەبێ شتێك بڵێی نزیك بێت, بەو برادەرەم ووت:

لای ئێمە کۆمەڵی مەدەنی و دیموکراسی و هەڵبژاردن گرێ کوێرەیەکن تەنها عەشایەرو خێڵ دەزانێ بیانکاتەوە و لەبەرژەوەندی خۆیان بە کاری بێنن بۆیە حیزبەکان هانای بۆ دەبەن, ئەوەنییە پاش سیانزە ساڵ لەئازادی و باسوخواسە زۆرەکانی دیموکراسی هەنگاوەکانمان چەند

بچوکن, ئەوەی لەم ماوەیەدا لەڕاگەیاندنی حیزبەکان بەدیم کرد ئەوەبوو نوێنەر لەلایەن خەڵکەوە دیاری نەکراوە تەنها حیزب چاو ساغ بووە, جگە لەو لیستەی بەناوی سەربەخۆکان کە خواستی خۆیانی لەسەر بوو, لە لیستی حیزبەکاندا گەڕاون کێ زۆر گوێڕایەڵی خۆیانە ئەوانەیان دیاری کردووە, بەو ناوانەشەوە کەلە رۆژنامەی ئازیزی هاولاٚتی بلاٚوکرانەوە کە هەردوو حیزبی دەسەلاٚتدار کردویانن بەنوێنەری خەڵك, لەم کاتەدا پێدەچێ لەسەردەمی بەعسیشدا هەر نوێنەر بووبن, هەق وابوو پرس بەکەسانی شارەزاو ناسراو و بەتوانای ئەم میللەتە بکرایە نەك وەك زەوی دابەش کردنەکە هەر بۆ خۆیانو کەسوکاریان بێت و هەژارانیش با بارە قورسەکە هەڵبگرن جارێکی تر دەڵێم خەڵك دەنگ بە نوێنەرێك دەدات کە بەڕاستی پەسەند کراوی خۆی بێ نەك نوێنەری حیزب, دڵنیاشم لەوەی خەڵکی کوردستان زۆر بە هۆشیارانە نوێنەرەکانی خۆیان و نوێنەرەکانی حیزبەکان جیادەکەنەوە, بۆیە ناچارم بڵێم هەڵبژاردن لەنێوان نوێنەری حیزبو نوێنەری خەڵك ئەوەیە ئەو کەسانە نوێنەری خەڵکن کەکار بۆ کۆمەلاٚنی خەڵك دەکەن نەك ئەو کەسانەی حیزب دایان دەنێن وەك نوێنەری شارەوانییەکان کە حیزب دیاری کردن, کەسێك هەیە کادری حیزب بووە دیاریان کرد بۆ شارەوانی, سامانی ئەو کەسە لەپێشدا سفر بووە, بەلاٚم ئێستا سێ پارچە زەویو خانویەك و ئۆتۆمبیلو تەنها خۆی دەزانێ چەندی دانراوو شاراوەی هەیە, من بەو کەسە دەڵێم نوێنەری حیزب نەك نوێنەری خەڵك ئەم نمونەیەی هێنامەوە سەرۆکی یەکێکە لە شارەوانیەکانی قەزاو ناحیەیەك کورد واتەنی (مشتێك نمونەی خەروارێکە) دڵنیام لەوەی سەرجەمیان بەم شێوازەن لەم هەڵبژاردنەشدا رۆژانە ڕستەی (پێویستە

هەمووومان دەنگ بدەین) بەرچاوو گوێمان دەکەوێت, پرسیاری خەڵك ئەوەیە ئەو نوێنەرە کێیە دەنگی پێ بدەین کە دڵمان پێی خۆش بێت و ئیشمان بۆ بکات.

بەتایبەت ئەو کەسانەی بۆ پەرلەمانی عێراق دیاری کراون خەڵك نە ئاستیان دەزانێو نە باشیش ناسراون لەوە دەترسین کێشەی نەتەوەکەمان گورگان خواردوو بکەن هەرچەندە ئەم ئەزموونەش وەك ئەوانی پێشووی کوردستان دێتە بەرچاوم بۆ دیاری کردنی ڕێژەی کورد ناکرێت دەنگ نەدەین, بەڵام دەکرا حیزبەکان کە بۆ دەنگ دان هانا بۆ خەڵك دەبەن بۆ دیاری کردنی نوێنەریش پرسیان بەخەڵك بکردایە تا ڕووسوور بن لەو دەنگانە, نەك وەك دەنگی پەرلەمانەکەی پێشووی کوردستان هیچ حسابێکی بۆ نەکرێت و ئەندام پەرلەمان فیشەك دان لەخۆی ببەستێ و بەجلوبەرگی کە تافی لەسەنگەری شەڕی برا کوژیدا پاڵەوان بێت.

لەژمارە (12) ی ڕۆژنامەی نێوەند ڕۆژی 2005/1/27 بلاّوکراوەتەوە.

# کۆڕەو و هەڵوێستی دەوڵەتانی ئیسلام بەرامبەر بە کورد

لە مێژووی دوور و نزیکی گەلی کورددا زۆر ڕووداو بوونەتە تۆمارێکی بیرەوەری گەلی کورد کە ناتوانێ هەروا بە سانایی لەبیرو هزری خۆیدا فەرامۆشیان بکات, یەکێك لەو ڕووداوانەش (کۆڕەو) وە کە گەلی کورد لە باشوری کوردستان لە شێوازێکی دەربڕینی ڕاستەوخۆیی مۆدێرندا دەنگی بۆ ئازادی داو ژێر دەستی ڕەتکردەوە, دیارە لەپاش ئەوەی ڕژێمی بەعس بەڕاپەڕینی جەماوەرییانە گشت دامودەزگاکانی لەناو کوردستاندا تەفروتونا کران و گورزی بێ وێنەیان بەرکەوت, ڕژێمیش بۆئەوەی زیاتر جڵەوی دەسەڵاتی لەدەست دەرنەچێ و گەلانی عێراق بەشێوازی گەلی کوردستان بەگژیدا نەچنەوە.

هێزەکانی کۆکردەوە و گشت توانای خۆی خستەگەڕ تا بەهێز کوردستان داگیربکاتەوە لە بەرامبەردا کورد هێزێکی بێ بەرنامەو فرە دەستەی هەبوو کە سەرپەرشتی کردن و ئاراستەکردنی کارێکی مەحاڵ وقورس بوو ئەمە جگە لەوەی هێزێکی گەورەی (ڕاوو ڕووت) بوونی هەبوو کە دەرهاویشتەی ئابلۆقەی ئابوری بوو, دیارە ئەم هێزەش ئەوەی مەبەستی بوو تەنها دەسکەوتی مادی بوو نەك پارێزگاری کردن لە وڵات و ئەو ئازادییەی خولقابوو لە ئەنجامدا (کۆچی بەکۆمەڵ) ڕوویدا ئەوەی لە خوێندنەوەی کۆڕەودا بەدی دەکرێت چەند فاکتەرێکە گرنگترینیان ڕەتکردنەوەی ژێردەستەییە کە چەندین سەدە دوژمنانی گەلی کورد کار دەکەن تا ئەم نەتەوەیە لە ئاوی ڕوونی ئازادی بێبەش بکەن و بەدیلی و ژێردەستی بیخنکێنن.

لەم ووتارەدا ئەوەی زیاتر مەبەستمە ڕوونی بکەمەوە هەڵوێستی دەوڵەتانی ئیسلامییە بەرامبەر بەو ئێش و ئازارو مەینەتییانەی تووشی

گەلی کوردی ستەمدیدە هاتوون ئەگەر بڵێین داگیرکارانی کوردستان لە بەرژەوەندیان نییە بەڵام هەر ئەو چوار دەوڵەتەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە دەوڵەتی ئیسلامی نین بێگومان چەندین دەوڵەتی تر هەیە کە خۆیان بەبرای دینی کورد دەزانن لە کۆڕەوەکەدا تەنها دەوڵەتێکی ئیسلامی ناڕەزایی دەر نەبڕی بەرامبەر ئاوارەکردنی سێ ملیۆن مرۆڤی کورد جگە لەو دەوڵەتانەی کە بەکافر ناوزەد دەکران بەهانای ئەم میللەتەوە هاتن و ناوچەی ئارامیان دروست کرد و سنووریان بۆ دەست درێژیەکانی بەعسی عەرەبی دانا, ئەوەی بۆتە زیاتر مایەی نیگەرانی ئێمەی کورد هەڵوێستی کەسێکی وەك یاسر عەرەفاتە لەو کاتانەدا کە کۆڕەوەکە ڕوویدا وا باش بوو ئەو کەسە وەك وەفایەك بەرامبەر ئەو گەلەی سەدان کەسی دەنارد بۆ فەلەستین تا جیهاد بکەن دژ بە ناحەزانی فەلەستین لە بەرامبەردا ئەو پیاوە لە کوڕەوەکەدا ڕایگەیاند کە ئەمەریکا چێشتخانەی ئاسمانی بۆ ئاوارەکوردەکان کردۆتەوە لەجیاتی ئەوەی هاوار بکات و بڵێ عەرەبی عێراق و ڕژێمی بەعس ئەو کارەتان هێندە دڕندانەیە شەرمەزارییە بۆ ئێمەی عەرەب و ئیسلام.

دڵنیام گشت عەرەب بە ئازادیخوازو شۆڤێنییەوە هەمان هەڵوێستی عەرەفاتیان هەیە بۆیە دەڵێم کورد هەرگیز نابێ بڕوا بەعەرەب و دەوڵەتی عەرەبی ئیسلام بکات و فرمێسك بۆ ئازارەکانیان هەڵڕێژێت.

هەرچەندە هەستی مرۆڤ دۆستانەی خۆمان هەڵوێستمان پێوەردەگرێ و ئازاری گشت نەتەوەیەك بەهی خۆمان دەزانین, بەڵام هیچ نەتەوەیەك بە تایبەت دەوڵەتانی ئیسلام ئازارەکانی کورد بەهی خۆی نازانێ و لە ئاست ڕووداوەکاندا چاوی خۆیان دەبەستن و گوێیان پڕدەکەن لە لۆکە تا بڵێن ئاگامان لە هیچ نییە.

لە ژمارە (17)ی ڕۆژنامەی نێوەند ڕۆژی 2005/4/17 بلاْوکراوەتەوە.

# کورد و دەست بەردارنەبوونی لە کەرکوك

بزووتنەوەی کورد لە بەشی باشوری کوردستان هەمیشە کێشەو ململانێی لەگەڵ سەردەستەی دەسەڵات لە عێراقی بە زۆر دروست کراودا, کەرکوك بۆتە ستراتیژو داوای سەرەکی تەنانەت لە گفتوگۆو دانوستانەکانیش دا کە نەگەیشتونەتە هیچ ئەنجامێك لەسەر کەرکوك بووە هەر لە گفتوگۆی شۆرشی ئەیلول لە ساڵی 1963 کە سەرەتای گفتوگۆی تا بەیانی ئاداری 1970 لە پاش ئەو گۆڕانە سیاسیەی دژ بە بەرژەوەندی شۆرشی کورد کەوتەوە لە ساڵی 1975 و سەرهەڵدانەوەی شۆرشی کوردو دیسان بەرنگاری و بەرپابوونی شۆرش و ئەنجامدانی گفتوگۆکانی ساڵانی 1984 و ساڵی 1991 پاش راپەرین و کۆڕەوەکە, لەلایەن دوژمنانی دەسەڵاتدارانی عێراق بەو جۆرەی ئێستا هەردەم پێی لەسەر داگیراوە لەلایەن عەرەبەکان تەنانەت لەکاتی کشانەوەی دامودەزگاکانی حکومەتی بەعس لەپاش ڕاپەرین هێزەکانی لە کەرکوك کۆکردەوە و نەیهێشت کورد تیایدا بمێنێتەوە, لەبەر دەوڵەمەندی کەرکوك تا ژێرخانی ئابوری خۆیانی پێ بەهێز بکەن.

لەگەڵ ئەوەی چەندین ساڵ بە بەرنامە کاردەکەن بۆ گۆڕینی دیمۆگرافی ئەو شارە بەهێنانی عەرەبی شارەکانی ترو دەرکردنی کورد تیایدا بەلأم لەگەڵ ئەوانەشدا دانیان بەوەدا ناوە کە پارێزگایەکە سەر بەناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان, تەنانەت لەسەردەمی رژێمی بەعسی روخاو زۆر لە بارەگاو هێزە سەربازییەکانی لەناو کەرکوکدا دادەناو بوو بووە مەڵبەندی دەسەلأتی بەهێزی خۆی لە کوردستاندا.

ئەگەر فاکتەرە هەرێمیایەتیەکان کە دوژمنی کوردن یەك دەنگو بۆ چوون نەبوونایە و پیلانی دوژمنکارانەی چوار قوڵی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە" بێ گومان کورد بەشی ئەو مەینەتیە نەدەبوو کەرکوکیش ئەو هەموو خەم خواردنو خوێن ڕشتنەی نەدەویست ئەوەی لای من بۆتە جێی سەرنج ئەوەیە کە کورد کە تەنها شاخو کێوەکان پشتیوانی بوون دەست بەرداری کەرکوك نەبوو بەڵام ئێستا لەجیاتی حزبێك و دووان دوو حکومەت و چەندین حزبمان هەیەو لەجیاتی شاخو کێوەکان بەحسابی خۆمان هاوپەیمانی زلهێزترین دەوڵەتینو لەسەر ئاستی بالاّ پێشوازی لە کورد دەکرێت و بە دەیانو هەزاران پەنابەری گەلەکەمان لە دەرەوەی کوردستانن بۆ گەیاندنی دەنگوڕەنگی کورد هەرنا دەربڕینی ناڕەزایی لەبەردەم پەرلەمانو شوێنە گرنگەکانی ئەو دەڵەتانەی تیایدان.

لەمانەش گرنگتر ڕوخانی ڕژێمی سەرسەختی بەعسی عەرەبی و بەرپابوونی ئاڵۆزی لەناوچە عەرەبییەکان, بەڵام کوردستاندا بە پێچەوانەوە, ئارامی و ئاوەدانی بەرقەرارە و هێزی فرە ڕەگەز جێگەی سوپای داگیرکەری عەرەبو ئەنفال چی گرتۆتەوە لەم هەلومەرجەی کە بەکورتی لێی دواین دەکرێت کەرکوك باشتر پێ داگرێت و سازشی لەسەر نەکات هەر لەگێڕانەوەی ئاوازەکانو دەرکردنی عەرەبی هاوردە کە کورد پاش ساڵێك و چەند مانگێك زۆر خەم سارد بوو لەسەری.

هەروەها گێڕانەوەی ئەو قەزایانەی لەسەر کەرکوك لابراون و ئەوانەشی کەبۆی دانراون بچنەوە سەر پارێزگاکانی خۆیان.

لەم دواییانەدا حکومەتە تازەکەی عێراق بڕیاری گێڕانەوەی قەزای (پردێ)ی دا کە بچێتەوە سەر کەرکوك پێم وایە بۆ بێ دەنگ کردنی کورد ئەمەیان کرد, ناکرێت کورد بەوە ڕازی بێت و هەقە بەشداریی سەرژمێریی نەکات تاکو عەرەبە هاوردەکان نەگەڕێنەوەو ئاوارەکانیش نەچنەوە شارەکەی خۆیان و قەزا دابڕواکانیش نەخرێنەوە سەر کەرکوك, کاتێ ئەمانە ئەنجام دران ئەوسا ئێمەی کورد لە کوردستانی بوونی کەرکوك دڵنیا دەبین, بەڵام ئێستا لەسەر کوردستانی بوونی ئەو شارە ناتوانین هیچ بڵێین و هیچ زەمانێك نییە لەبەردەم زۆربوونی ڕێژەی کورد لەو شارەدا, لەکاتێکدا عەرەبەکان ڕێژەی تەواوی شارەکەیان لەبەردەمدایە و لە زۆری ژمارەیان لە نەتەوەکانی تر دڵنیان, ڕاستە لەپاش پرۆسەی ڕوخانی بەعس لە عێراقدا لەلایەن (C.P.A) کەمتەرخەمی زۆر کرا بەرامبەر بە کەرکوك بەڵام دەکرا دوو ئیدارەکەی کوردستان پارووی دەمی خۆیان و خەڵکی ئەم هەرێمە گلدەنەوە بۆ ساغ کردنەوەی شارەکەی باباگوڕگوڕ, تەنانەت هەرچی لەم هەرێمەدا نیشتەجێیە ئامادەیی تێدایە بە دیاری کردنی بڕێك پارە کە ببەخشرێت بۆ حسابی کەرکوك.

دەتوانم نمونەیەك لەسەر ئەم بۆچونەم بێنمەوە لەکاتی جەنگی جیهانی دووەم (1939–1945) ئەو جولەکە نەمساویەی کە ناوی (تیودر هەرتزل) بوو توانی بەپارە کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبە الامم) ڕازی بکات کە جولەکەکانی دنیا بانگهێشت بکات تا لە ئیسرائیل دەوڵەتێکی یەهودی دامەزرێنن لەو کاتەدا کە بەیانەکە بەڕەسمی بە جیهاندا بلاوکرایەوە جولەکەکانی جیهان ڕوویان لە ئیسرائیل کردو لە ئەنجامدا ئەو دەوڵەتەی ئێستایان پێك هێنا.

دەگێڕنەوە لەم شارەی خۆماندا جولەکەکان دووکانیان هەبوو یەکێك لە دوکانـدارەکان گـوێنی (تـەلیس)ی دەفرۆشـت زۆر بـە هـەرزان لەچاو دوکاندارەکانی تردا, پێیان دەوت بۆچی وا بەهەرزان دەیفرۆشی ئەویش پێـی ئـەوتن (مـن دەمـەوێ قـازانجی زۆر بکـەم لەبەرئـەوەی ئێمـە دوو گیرفانمان هەیە یەکێکیان بۆ خواردنی ڕۆژانەی خۆمان و ئەوی تریان بۆ دورست کردنی دەوڵەتە).

ئەم نمونەیـە باشتر بیروڕای جولەکـەکانمان بۆ دەردەخات سـەبارەت بەهەسـتی دروسـت کردنـی دەوڵـەت, تـا ئێسـتاش ئیسـرائیل داوای گەڕانەوەی جولەکەکان دەکات بۆ ئەوێ, ماوەیەك لەمەوبەر گوێ بیستی هەواڵێك بووم گوایە ئیسرائیل لەگەڵ فەرەنسا ڕێککەوتووە بۆ گێڕانەوەی ژمارەیـەکی زۆر لـە جولەکـەکان, مـن نامـەوێ بەشـان و بـاڵی جولەکـەدا هەڵبـدەم بـەڵام ئەمـە ڕاستییەکەو بەکـەس ناشـاردرێتەوە, خۆزگـە تـاکی کـورد بەتایبـەت دەوڵەمەنـدەکان و دوو حکومەتەکـەو حزبـەکانی تـر بـەو جـۆرە کاریـان بـۆ دروسـت کردنـی دەوڵـەتی کوردسـتان دەکـردو ئـاواش پشـتگیری ئاوارەکانیـان دەکـرد کـە بگەڕێنـەوە نـەك بـە زۆر بیانێرنـەوەو بیانخەنـە ژێـر خێمـەو دەوار وەك کۆچـەرو ڕەهەنـدەکانیان لێ بێـت و کـاکی هاوردەش لە شوێنی ئەواندا بە ئاسودەیی بژین ئەمانە هەموو دەمانخاتە سەر بیروڕایەك کە دوو ئیدارەکە دەست بەرداری کەرکوك بوون, دەمـەوێ ئەوە بڵێم گەر ئەوانیش ئاوا نەرم و شەرمنانە بۆ مەسـەلەی کـەرکوك بچن مێـژووی کـورد بەمـە ڕازی نابێـت و میللـەتی کـوردیش ئەگـەر دووهێنـدە خوێنی تر بۆ کەرکوك بڕێژین.

جـا ئـەمڕۆ چارەسـەری کـەرکوك بکرێـت لـە بـەیانی باشـترە, تکایـە کەرکوك مەکەن بە قوربانی سیاسەتەکانی خۆتان.

لە ژمارە (4) ڕۆژنامەی نێوەند ڕۆژی 2004/8/21 بلاّوکراوەتەوە.

# کەرکوکی کوردستان و پیلانی بەردەوامی نەتەوەپەرستانی عەرەب

شاری کەرکوك ئەو شارە کوردستانیە دەوڵەمەندەی لەسامانی نەوتی‌دا دوژمنانی سەرسەختی گەلی کورد بەتایبەتی عەرەبی دراوسێمان هەرکە هەستیان کرد بەبوونی سامانی نەوتی بەرێژەیەکی زۆر لەشاری کەرکوکدا و پاش دەرهێنانی نەوت بۆ یەکەم جار لەبابە گوڕگوڕ لەساڵی 1927دا نەخشەی کاری ئەنجامدانی داگیرکردنی کەرکوك بەشێوازی بەعەرەب کردن هات بەبیری نەگریسیاندا بۆ ئەم مەبەستەش هەمیشە دەسەڵاتدارانی سەردەستەی عەرەبی کە لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی بەزۆر دروست کراوی عێراقدا کە بەپێی نەخشەی سیاسی ئەوکاتەی دەوڵەتانی زلهێز بەتایبەتی بەریتانیای مەزن ئەم دەوڵەتە تازەیەشیان کردە موستەعمەرەیەکی خۆیان و هەر ئەوانیش بوون بۆ یەکەمجار چاوی زەوی کەرکوکیان هەڵکۆڵی و ئەو فرمێسکە هەرگیز وشك نەبوەوەیان لە گلێنەی چاوی دەرکرد کەپێیان دەوت زێڕی رەش.

گەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی دوورتریش هەرگیز کەرکوك لەڕووی جوگرافیەوە لەکوردستان جیا نەبۆتەوە نمونەش لەسەردەمی عوسمانی‌دا، کەرکوك سەر بەویلایەتی شارەزوور بووە کە هەموو کوردستانی باشوری گرتۆتەوە.

پاش جێگیربوونی دەسەڵات و هێزی عەرەبی پاوانخواز لەعێراقدا کار بۆ دەرکردنی کورد کراوە لەو شارەدا بەتایبەت پاش دامەزراندنی

کۆماری بەناو عێراق و لەکودەتاکەی بەعسیەکاندا ساڵی 1963 بەزەقی کاری هێنانی عەرەب بۆ کەرکوك بەدی دەکرێت بەمەبەستی گۆڕینی باری دیموگرافی شارەکە، پاش ئەوەی جارێکیتر بەعسیەکان لەساڵی 1968 هاتنەوە سەر کورسی دەسەلآت ئەو بەرنامەیەی کەمەبەستیان بووە زۆر بەباشی بۆ نەتەوەکەیان بەباشی ئەنجامیاندا هەر لەدابڕینی لەقەزاو ناحیەکانی دەوروبەری کەرکوك کەدانیشتوانیان کوردن و دانانی قەزای تری عەرەب بۆ کەرکوك و هێنانی ژمارەیەکی زۆری عەرەب و دەرکردنی ژمارەیەکی زۆریش لەکورد ئەم کارانە تا داگیرکردنی کوەیت و هەڵگیرساندنی شەڕی گەردەلولی بیابان لەلایەن هاوپەیمانان لەساڵی 1990 دژی ئەم رژێمەو ئینجا راپەڕینی گەلی کورد لەئازاری ساڵی 1991 کە بەرنامەی راپەڕین شاری کەرکوکیشی ئازاد کرد هەرچەندە بۆ ماوەیەکی کورت سەرفرازی و ئازادی بەڕوحی بابەگوڕگوڕ شاد بوو بەلآم ئەو لاپەڕە پرشنگدارەی مێژوو بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە کە کورد بۆ کەرکوك و ژیاوەو لەبەرنامەکانی گیانبازی و خوێن بەخشین بۆ کەرکوك لەو خەووو خولیایەی ئەم گەلە دانەبڕاوە، پاش ئەوەی کوردی شاری کەرکوك وەك خەڵکی شارەکانی تری کوردستان راپەڕین و پاشان ئاوارەی سنورە دەست کردەکان بوون و رژێمی بەعس دەستی گرتەوە بەسەر کوردستاندا خەڵکی شاری کەرکوك بەژێر دەستەیی مایەوەو رۆژانە چەندین خێزانی کورد بەهۆی پرۆسەی بەردەوامی تەعریب لەوێ دەردەکران و دەهاتنە شارە رزگاربووەکان، ئەو ئاوارانە هەمیشە تامەزرۆی گەڕانەوە بوون بۆ کەرکوك، زۆرجار خۆپیشاندانیان رێك دەخست بۆ بەردەم (UN) و داوای گەڕانەوەیان دەکرد بۆیە بەکۆدەنگ دەیانووت:

ئاواتی گەورەو بچووک

گەڕانەوە بۆ کەرکوک

یان کەرکوکو خانەقین

یان تا ماوین دەجەنگین

لەخوێندنەوەی ئەم شیعارانەی خەڵکی ئاوارەی کەرکوك زۆر شت دەخوێنرێتەوە کە خەڵکی ئەم شارە هەرگیز نەیانویستووە دەست بەرداری شارەکەی خۆیان بن.

ئەوەی بۆتە جێی نیگەرانی دڵسۆزان بەدی هاتنی هەلومەرجێکی ڕەخساو رسکاوبوو باشتر زاڵ بوون بەسەر ئەو گرفتانەی ئێستا رووبەڕوومان بۆتەوە لەسەر شاری کەرکوك بەتایبەت لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەی ئازادی عێراق لە 2003 لەلایەن ئەمەریکاو هاوپەیمانانی کە هێزی کوردیش سەنگەرێکی باوەڕپێکراو بوو دژ بەتیرۆر بەڵام دەکرێ بزانین چۆن هەنگاونرا بۆ کەرکوك، هێزەکانی ئێمە دەچوون بەرگریان لەعەرەبە هاوردەکان دەکردو پێیان دەوتن مەڕۆن کەرکوك شاری برایەتی‌یەو لەلایەکی‌تر عەرەبەکان ناسنامەی لایەنە سیاسیەکانی کوردیان بۆ دەکرا، وەك چۆن لەراپەڕینەکەدا پیاوانی بەعس و ئەنفالچیان لەناو گشت لایەنە سیاسیەکاندا بوونە شۆڕشگێڕو کورد پەروەر عەرەبە هاوردەکانیش بوونە برامان بەحسابی ئایدۆلۆژیای حزبی کوردی، لەلایەکی تر فڕکان فڕکانی هێنانی ئۆتۆمۆبیلی نوێ کەرکوکی لەبیر هەمووان بردەوەو ئەوە پاڵەوان بوو نوێترین ئۆتۆمبیل بخاتە ژێر خۆی‌و بیبێتە قارەمانی گەل لەم کاتەدا شیعری شاعیرێکی کوردم بەبیر هاتەوە کە دەڵێ:

## "ســـــــــەیرە بەزمە سەفایە، ئەو خەڵکە بۆچی وەهـــــــــــایە

## دەیکەن بەقارەمانی گەل. ئەوەی هیچی لەدەست نایە"

گـەر بیـانووی هۆکـاری هەرێمایـەتی لێـك دەدەنـەوە ئەمریکیـەکان 72 کاتـژمێر یـان دانـا بـوو کەلێپرسـینەوە نـەکرێت کـورد هەرچـی بکـات لەکەرکوکـدا بەتایبـەت سـەبارەت بەکێشـەی تـەعریب و وەلامدانـەوەی، هەروەها دەبێ بزانین ئەوانەی ئێمە بە برایان دەزانین هەڵوێستیان چۆنە بەرامبەرمان لەم کات و ساتانەدا هەرکە تۆزێ مەسەلەی کورد بەرەو پێش دەچێ خێرا عەرەبە شۆڤێنیەکان لەراگەیاندنەکانیانـدا تۆمـەتی دروسـت بوونی دەوڵـەتی کوردی دروست دەکـەن و کـەرکوکیش بەپایتـەختی ئـەو دەوڵەتـە دادەنـێن و کـورد بەئیسـرائیلی دووەم و دۆسـتی نزیکـی ئـەوان دخـەملێنن بـۆ وروژانـدنی رای گشـتی و ئـاژاوە نانـەوە یـان کۆبوونـەوەی عەشایەری عەرەب لەتکریت لەسەر مەلەسەی کـەرکوك و بڕیـاردان لەسـەر بارودۆخەکـە بەشێوەی هەڕەشـە ئـەوە دەسـەلمێنێ کـەکورد نابـێ بـەهیچ بڕیـارو گفتێکـی عەرەبـەکان بەحوکمـەت و مەرجەعیشـیانەوە بـڕوا بکـات پێویستە هەردوو ئیدارەکەی کوردستان کاری پەلـە بکـەن بـۆ ئاوارەکـان و نیشـتەجێ کردنیـان پـێش هـاتن و وەرزی سـەرما کەلەسـەرو بەندایـە، دەکرێ پرسیارێك ئاراستەی بەرپرسانی هەردوو ئیدارەکە بکەین کەبـەوە رازی دەبـن مـاڵ و منـاڵیـان لـەژێر خێمـەدا بـێ و بـێ بـەش بـن لەهـەموو خزمەتگوزاریـەك و ژیـانێکی شایسـتە؟ گـەر بـۆ منـاڵی خۆیـان بـەڕەوای دەزانـن بـا ئـاوڕ لـەئاوارەکان نەدەنـەوە، گـەر بەپێچەوانەشـەوە بـا کـاری بەپەلـەو جدی لەئەسـتۆ بگـرن و بـوار نەڕەخسـێنن بـۆ هاتنـەدی خـەونی

دوژمنانی کوردو کەرکوک کەچۆڵ کردنی ئەو شوێنانەیە لەترسی سەرما چونکە دڵنیا بن ئەم زستانە خەونی دوژمنان بەدی دێنێت بەئاوڕنەدانەوە لەئاوارەکانی کەرکوک، چونکە کەرکوک ئایندەی کوردستانی پێوە بەندە بێ ئەم شارە خەون و ئاواتی سەربەخۆیی و دروست کردنی دەوڵەت هیچ مانایەکی نیە چونکە کەرکوک ڕەگ و شادەماری ئابوری کوردستانە، هەربۆیە دەبێ لەهەوڵی بەردەوام دابین بۆ هێنانەدی ئەو ئاواتەو پچڕاندنی زنجیری پیلانی شۆڤینیە دڵڕەشەکان کەئێمەی کورد بەدەست و دۆستی ئیسرائیل دەزانن، منیش دەڵێم برا گەل ئەوەی دوژمن بەناحەزی دەزانێ دڵنیام گەوهەری سەرکەوتنی ناخی گەلە جاتۆ بڵێی کورد ئەوەندە ژیرانەو بوێرانە سیاسەت بکات و خۆی بکات بەدۆستی ئەوانەی دوژمنی سەرسەختی دوژمنی نەتەوەکەمانن ئێمەی کورد لەکەناری ئەو ئاوەداین ناچارین دەست بۆ چڵە پووشێك بەرین تا رزگارمان بکات و نەخنکێین، دوا وتەم ئەوەیە کە بڵێم زەمەن تێپەڕی ئەی ئەوانەی بەناوی ئاینی ئیسلام و برایەتی مێژوویەکی ڕەشتان نەخشاندو لاپەڕەیەکی سپیتان نەهێشتۆتەوە تا ئێمە بڕوامان پێتان هەبێت کەچەند وشەیەکی تێدا بنووسین ئەویش ئەوەیە بڵێین ئێوە شۆڤێنی و ڕەگەزپەرستن و برایەتیتان ناکەین و ئەو کچانەی خالدو سەعدی وەقاس بردیانن و ئەو منالانەی کەوتنە ژێر خۆڵی عەرعەرو هەڵەبجەو هەموو کوردستان بە بزماری ژەنگاوی بیری ئێوە زامدارەو بڕۆن برامان نین.

بلاوکراوەتەوە لە رۆژنامەی نێوەند ژمارە (7) رۆژی 2004/10/16.

# ئەگەر کورد بەشداری هەڵبژاردنەکانی کەرکوك نەکات

هەر لەپاش روخانی رژێمی بەعس و گۆڕانکارییە سەیرەکانی عێراق هەر لەکوشتنی سەربازە ئەمریکیەکان و تەقینەوەکان و هەڵتۆقینی گروپی نادیار لەکایەی سیاسەتی عێراقدا وەك (سەدر) و نائارامی بارودۆخی سێگۆشەی سوونی بەتایبەت فەلوجەو تکریت و گۆڕانکاری لەسیاسەتی ئەمریکا بۆ بەردەوام بوونی جڵەوی دەسەڵات و سازش کردنی لەگەڵ زۆر لایەن نمونەی سیستانی لەبەرامبەریشدا فەرامۆش کردنی هەندێ لایەنیتر لەهاوبەش و شەریکی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا وەك کورد هەر لەپێنەدانی پۆستی بەرزی دەسەڵاتی ئیداری لەحکومەتە کاتیەکەداو داننەنان بەسیستەمی فیدراڵی لەنەتەوە یەکگرتووەکان هەرچەندە لەیاسای کاتی دەوڵەتی عێراقیشدا هاتبوو، جگە لەمانەش لەبەر بەرژەوەندییەکانی خۆی کێشەی ناوچە تازە ئازادکراوەکانی کوردستانی دواخست بۆ خستنەوە سەر کوردستان و هاوکاری نەکردنی کوردە ئاوارەکان هاندانی هاوردەکان بۆ مانەوەیان بەبیانووی ئەوەی ئەوان ناتوانن خەڵك بەزۆر دەربکەن و خەڵك ئازادە لەکوێ نیشتەجێ ببێت سەیر لەوەدایە کەبۆ کورد ئازاد نەبێت بگەڕێتەوە سەرماڵ و ژیانی خۆی، بەڵام بۆ هاوردەیەك کە بەمەبەستی داگیرکردنی موڵك و ماڵی کەسانیتر هاتبێتە کەرکوك ئازاد بێت لەگەڕانەوەو نەگەڕانەوەی ئەوەی بۆتە پرسیار لای گشت کەسانی رۆشنبیرو خەمخۆر بۆ کێشەی نەتەوەکەیان هیچ کام لەسەرکردەکان و حیزبەکان راستیەکان بۆ خەڵك ساغ ناکەنەوەو بەپێی یاسای کوردەواری مامەڵە لەگەڵ سیاسەتی دنیای

بەرژەوەندیەکانی ئەمریکادا دەکەن بە (ڕێزی بگرەو دڵت پاك بێت) ئەمەش تەنها بۆ بواری کۆمەڵایەتی دەگونجێ چونکە لەسیاسەتدا ئەمە تەنها خزمەتە بەلایەنی بەرامبەرو پەروانە ئاسا سوتانە بەدەوری شەمعدا بێئەوەی روناکی چرا قەدری سوتانو مەرگی پەروانە کەبزانێ دەکرێت کورد لەو هاوکێشەیە دەربچێتو کایەی سیاسەت وەك خۆی ببینێت کەوەرگرتنو بەخشینە، ناکرێ ئێمە هەموو شتێ ببەخشین بەڵام هیچ وەرنەگرین، من حەز دەکەم ئەوانەی بەخشیومانن بەکەمی نەزانین هەر لەهاوکاری کردنی هێزەکانمان لەگەڵ هێزی هاوپەیمانانو بەکارهێنانی زەویو خاکی کوردستان بۆ پرۆسەی روخانی بەعسو بەشداریکردنی کورد لەگشت کۆڕو کۆبوونەوەو ویستەکانی ئەمریکاداو ڕێکخستنی هێزەکانی عێراقو.. هتد دەکرێ بڵێم ئەوەی بۆ ئەمریکامان ئەنجام داوە شەریکو هاوپەیمانەکانی پێشووی کەدەیان ستراتیژو کاریان بەیەکەوە هەبووە بۆیان نەکردوە وەك تورکیا، لەپاش ئەوەی باس لەپرۆسەی هەڵبژاردن دەکرێت لەسەرانسەری عێراقدا بەکوردستانیشەوە، بەڵام کورد هەمیشە پێی لەسەر ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی شاری کەرکوك داگرتووە پێش هەڵبژاردن بەڵام وەڵامی لایەنی حکومەتی عێراقیو ئەمریکاش بەرامبەر بەم خواستەی کورد پشت گوێ خستن بووە لەبەرئەوەی بەرژەوەندیەکانی عەرەبی عێراق لە بەئاکام نەگەیشتنی داوای کورد مەترسی ئایندەیە بۆ بەهێزبوونی کوردو دروستکردنی ئەو دەوڵەتەی بەئیسرائیلی دووەم مەزەندەی دەکەن هەروەها ئەمریکاش بۆ ڕاگرتنی دڵی 22 دەوڵەتی عەرەبی شۆڤینیو چەند دەوڵەتێکی هەرێمایەتی زیاتر ئاڵۆز نەبوونی بارودۆخەکەو بردنە سەری بەڵێنی خۆی کە یەك پارچەیی خاکی عێراقە گوێی کەڕکردووەو داواکانمان

ناسـەلمێنێ، هەڵبـژاردنی ئـەمجارەی کـەرکوك دوا تـیری نـاو کـەوانی میللەتی کوردە بۆیە پێویستە زۆر بەئاگاییانە نیشانەکەی پێ بکشێنێن ئەویش بەشداری نەکردنی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانە لەشاری کەرکوك، تا ئاوارە کوردەکان کارئاسانیان بۆ نەکرێ ئایا کورد بەشداری دەکات ئەمە پرسیارێکە و ئاراستەی لایەنە پەیوەندی دارەکانی کەرکوکی دەکەین تاکـەی گوێڕایـەڵ بـین بـۆ ئـەمریکاو عـەرەب، بـەڵام دەکـرێ واز لەئامانجەکانی گەلەکەمان بێنین پاش ڕژانـی دەریایـەك خـوێن لەسـەر کەرکوك بۆیە بەشداری نەکردنی هەڵبـژادرن و بایکۆت کردنـی لەکەرکوك بەرپەرچدانەوەی پیلانـی ناحـەزانی گـەلی کوردستانەو سـەلماندنی ئـەو ڕاسـتیەیە کـە کـەرکوك شـارێکی دانـەبڕاوە لـەخاکی کورسـتان ئەگـەر بەشداری هەڵبژاردن بکرێت بێ ئاوارەکان جارێکیتر دەبێتە بەڵگەنامە بەدەسـتی عـەرەب و ناحـەزانیتر کـە لـەم سـاتەدا بەشـێك نـەبووە لەهەرێمی کوردستان.

2005/1/2 لە ڕۆژنامەی (نێوەند)دا بلاَوکراوەتەوە.

# کەرکوك لەنێوان بەرداشی پیلان و خەمساردی خۆمان

لەوەتــەی بزوتنــەوەی کوردایــەتی بۆتــە هێــزی بەرەنگاربونــەوەی دوژمنان و پێداگرتن لەسەر مافە ڕەواکانی نەتەوەکەمان. کەرکوك یەکێك بووە لە ستراتیژەکانی خەبات کردن لە گشت کات و شۆڕشەکاندا, بەڵام لە پاش کارەساتی (11)ی سێپتەمبەر و هێنانە کایەی شێوازێکی تری جەنگ بەناوی (جەنگی دژە تیرۆر) لە جیهاندا کە ئەمریکا سەرۆکایەتی دەکات, کوردیش لەبەر بێ ئومێدی بە نەتەوە دراوسێکانی لەتاو قوتار بوون لەو سیاسەتە سەرسەختانەی کە دژی ئەم نەتەوەیە پەیڕەو دەکرا هەر لە سوتماك کردنی کوردستان و ڕاگواستن و کیمیاباران و ئەنفال و سێدارە ...هتد.

پێشوازی لە هێزی هاوپەیمانان کردو بووینە هێزێك لەگەڵ ئەواندا, لەپاش لەناوبردنی بەعس و ئاڵوگۆڕەکانی ناو گۆڕەپانی سیاسی عێراق, کــورد هاوپــەیمانێتی خــۆی لەگــەڵ ئــەمریکا هێشــتەوە ئــارامی لــە کوردسـتاندا بـووە هـەوێنی بیرۆکـەی جیاجیا لای خـەڵکانی کـورد, بـە پێچــەوانەی ناوچــەکانی تــری عێــراق هــەر لــەکاری تــیرۆرو ئــاژاوەو سەرهەڵدانی چەند کەسایەتی مەزهەبی وەك سیستانی و موقتەدا سەدر دژ بە سیاسەتی ئەمەریکا, ئاقاری بۆچونەکانمان دڵی خۆش دەکردین کـە لـە پاداشـتی ئـەم هاوکارییـەی ئـەمریکا, کـورد زیـاتر دەبێتـە جێـی متمانـەی هاوپـەیمانان هــەر لانــی کــەم مافــەکانمان پــێ ڕەوا دەبیــنن و کەرکوك دەخەنەوە سەر کوردستان.

کە ئەویش خەونێك بوو نەهاتەدی بەوەی بەرپرسێکی (C.P.A) لە کەرکوك بە راشکاوانە بە رۆژنامەنووسەکانی ووت (کەرکوك شارێکی عێراقیەو کوردستانی نییە) یان لە کاتی کشانەوەی هەردوو گروپی تورکمانی و عەرەبی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك چیان ویست بەدەستیان هێنا, لەمانەش ترسناکتر تیرۆر کردن و لەناو بردنی بەڕێوەبەرە کوردەکانی فەرمانگەکانی کەرکوك کە چەندین پیلان و دەستی لە پشتەوەیە, بە بۆچوونی من ئەمانە هەموویان خەمساردی کوردو هەڵوێست وەرنەگرتنی خۆمان دەردەخات بۆ کەرکوك, گریمان ئێمە پێ دادەگرین لەسەر گێڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر کوردستان, باشە گەر هاتوو ئەمریکاییەکان رازی بوون بەم داوایەی ئێمە ئەوسا دەبێتە کێشە چونکە بیدەن بە کام ئیدارە, سلێمانی یان هەولێر هەروەك لە سەرەتای پرۆسەی ئازادی عێراقدا هەریەك لەو دوو ئیدارەیە پارێزگار و جێگر و دامودەزگاکانی خۆی بۆ کەرکوك نارد لە ئەنجامدا ئەو کێبڕکێیە بێ ئومێدی بەرامبەر بە گەڕانەوەی کەرکوك بۆ کوردستان و دانانی پیلان بەرامبەر بە کورد پێم وایە دەبوو پێش دەستپێکردنی پرۆسەی ئازادی عێراق کورد کاری بۆ کەرکوك و ناوچەکانی تر بەشێوازی هەلومەرجی گونجاوو یەك دەنگی رێکەوتن بکردایە نەك بکەوتینایەتە ئەو هەڵە گەورەی ئێستاوە.

لەلایەکی تر بێئاگایی خەڵکی کوردستان لە گشت کۆڕو کۆبوونەوە دوو قۆڵی و سێ قۆڵییەکانی حزبە کوردییەکان و هاوپەیمانان تووشی ئەم ڕۆژەی کردین یان حزبە کوردییەکان دەیانتوانی وەرەقەی جەماوەر لە بەرامبەر ئەو داوایانەدا بەکاربێنن کە بەدەست هێنانی مەحاڵ بوو بە وورووژاندنی ناڕاستەوخۆ, لە دنیای عەرەبیدا کەناڵەکان ئەو کارە دەکەن

ئەگەر نمونەی کەناڵی جەزیرە بێنینەوە لەسەر دروستکردنی رای گشتی عەرەبی دژ بە هاوپەیمانان بەناوی کەناڵی ئەهلی کارەکان دەکات بەڵام بارەگای سەرەکی لە وڵاتی قەتەر کە بنکەی سەرەکی هێزەکانی ئەمریکای لێیە, ئێستاش کاری زۆر ماوە کە کورد ئەنجامی بدات زیاتر ئۆباڵەکەی لە ئەستۆی هەردوو ئیدارەو حیزبی سەرەکی دایە, هەر لە یەکخستنی ئیدارەو هاندانی جەماوەر کە بەو بەشە کەمە رازی نەبن کە پێمان رەوا نابینن تا کار کردن بۆ کەرکوك بە شێوازی تر لە دانانی لیژنەی نەتەوەیی بۆ لێکۆڵینەوە لە پیلان و کاری ژێرەو ژێری ناحەزان و وەڵامدانەوەی توندی تیرۆریستان تاکو نەتوانن رۆڵەکانی گەلەکەمان لەسەر زەوی باووباپیرانیان بکوژن و ئەوانیش بە مەرامە گڵاوەکانیان بگەن.

لە ژمارە (18)ی 2004/6/15 رۆژنامەی زادگە بڵاوکراوەتەوە.

# دەوڵەتی کوردان لەنێوان پشتیوانی دۆستانو ویستی خۆماندا

ڕێکەوتنامەی جنێفی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ هاتە ئاراوە بەپێی سەردەمو هەلومەرج زۆر لە نەتەوەکان سودیان لەم ڕێکەوتنامەیە وەرگرتووەو بە مافە نەتەوەییەکانیان شادبوون, زۆر لە دەوڵەتانیش بەپێی گونجانی هەلومەرجی سیاسیو داوای میللەتان بۆ ئاشتیو ئارامی سیستەمی نوێی جیهان, بۆ ڕازیکردنی جەماوەری وشیارو بە ئاکامی ئەو وڵاتانە وەك شەپۆلێك هەڵیکردو لەگەڵ خۆی مافی مرۆڤ و دادپەروەری و ئاشتی بۆ جیهانی نوێ, کردە دروشم لەم هەموو گۆڕانە ریشەییو شەپۆلانەدا, رۆژهەلات هێشتا دەسەلاتدارانی شۆڤێنیستی و بەتایبەت دەوڵەتە سەردەستەکانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا بڕیارەکانی خۆیان جێبەجێدەکەن لە چەوساندنەوەو پێشێلکردنی مافی نەتەوەیەکی زیاد لە (40) ملیۆن مرۆڤی بەشمەینەت, لە رۆژهەلاتی کوردستانی ئێران خۆی لە ئاست ئەم هەموو گۆڕانانە کەڕ کردووە, و سورە لەسەر بەکارهێنانی ئایین بۆ چەوساندنەوەی نەتەوەکان بە تایبەتی گەلی کورد, لە باکووری تورکیا نەك پێشێلکردنی مافی کوردی پارچەی باکوور, بەڵکو دەیەوێت بە مقاشەکانی جاسووس و نۆکەرانی دەست بخاتە باشووری کوردستان تا ئەزموونی ئێرەش بشێوێنن. لە عیراقی عەرەبیدا پاش رووخانی بەعس هێشتا لەگەڵ ئەم

هەموو نەرمو نیانیانەی کوردو پارتە کوردییەکان بۆ بارودۆخی عێراق (22) دەوڵەتی شۆڤێنی عەرەبی دژ بە سەنگەری کورد وەستاون بە ئیسرائیلی دووەم ناوزەدمان دەکەن.

لەناو ئەم هەموو دوژمنە سەرسەختەدا ڕۆڵی کورد پرۆسەی دژ بە تیرۆر دیارەو ڕابەرانی سەنگەری دژ بەتیرۆر زۆر باش بەدەنگمانەوە دێنو سەردانی مەزاری شەهیدانمان دەکەن, بەڵام ئەوانەی ئێمە بەبرای خۆمانیان دەزانین و هەمیشە برا گەورەیەکی خراپ بوون, لە کارەساتی ئەنفالدا بەباشی لە بەڵگەنامەکاندا دیار دەکەوێت کە ژنو کچەکانی کوردیان بەرەو مەلهاکانی خۆیان بردووە, دەبووی دەرازی نەبوونایەو لەو کاتەدا ئەگەر کورد بەبراو موسڵمان دەزانن پەردەیان لەسەر ئەو تاوانە هەڵماڵیبایەو بهاتنایەگۆ, بەڵام چونکە هاوبیرو هاوکاربوون خۆیان کەڕو کاس کرد.

لەم هەلومەرجەدا کە دەستی باڵاو پۆلاینی دژ بە تیرۆرو پشتیوانی لە میللەتی کورد دەکات, هەقە دەسەڵاتدارانی کورد ئەم بارە بگۆڕن بە ستراتیژێك لە بەرژەوەندی گەلەکەمان بەکاری بێننو کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال نموونەی کارەساتی هۆلۆکۆیست کە بەسەر جولەکە هات, کورد سوودی لێبیبنێت بکرێتە یادێکی نەمر, ئەمانە هاندەر بن بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردیو دوورکەوتنەوەو دابڕانی برایەتی لەگەڵ ئەوانەی بەبرای خۆیان قوبڵمان ناکەن چونکە لەم برایەتیەدا تەنها زەرەرمان کردووە, ئێمە برایەتی گەلان قبوڵ دەکەین, بەڵام بەمەرجێك بەشێوازی جاران نا کە تەنها لە بەرژەوەندی ئەواندا ئێمە برا بچوكو خزمەتکار بین بەڕای من هەر حیزبو دەسەڵاتێکی ئەمڕۆی کوردستان ئەوە پەیامی بێت گرەوەکە بۆ ئەو دەبێت نەك بەستنەوەمان بە عێراقەوە لە پێناو وەرگرتنی چەند وەزیرو مانگێك خولی سەرۆکایەتی بێ

دەسەلاتی عێراقیکی پڕ لە هەورازو ناو ئاشووب, کە دەڵێم پشتیوانی گەورەمان هەیە ئەوە دەکەم بەبەڵگە, وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کاتێك سەردانی گۆڕستانی هەڵەبجە دەکات و دووپاتی دەکاتەوە کە کارەساتی لەو جۆرە دووبارە نابێتەوە, ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە کورد دەبێت خۆی خاوەنی ئیرادە بێت و خۆی داوای مافی ڕەوای خۆی بکات, نموونەیەك لەسەر پەرلەمانی یەکێك لەولاتە ئەوروپییەکان دەهێنمەوە, (ساتیّ چەند کوردێکی ڕۆشنبیر سەردانیان کردبوون داوای دروستکردنی دەوڵەتی کوردیان کردبوو کە پشتیوانمان بن ئەوانیش وتبوویان ئەوەتا خۆتان داوای فیدرالّی دەکەن, داوا لەدەست خۆتاندایەو پێویستە زیاتر هەولّ بدەن و خەبات بکەن بۆ گەیشتن بەو ئامانجە ڕەوایە کە مافی خۆتانە پێی شادبن).

بۆیە ڕۆشنبیرانی گەلی کورد هەقە داوا لە حیزبەکان بکەن, پاش دوانزە سالّ با دروشمی فیدرالّی بگۆڕن و بیکەنە سەربەخۆیی لەم کاتە گونجاوو هەلومەرجە ڕەخساوەدا کە دەستی دوژمنانی گەلەکەمان بەستراوە و ناتوانن هیچ هەنگاوێکی دوژمنکارانە دژ بە پرۆسەی دژە تیرۆر بهاوێن, لەکاتێکدا ئێمەی کورد لە سەنگەری دژ بە تیرۆر داین و داوای زیاد لە مافی خۆمان ناکەین, جگە لەوە دەتوانین کوردانی درەوە و ناوەوە لە ڕۆشنبیران و یاساناسان بە پێی یاساکانی ڕێکەوتننامەی جنێڤی مافەکانی مرۆڤ و نەتەوە یەکگرتووەکان گشت دامەزراو و ڕێکخراوی مافی مرۆڤو پارتەکان لەم ڕووەوە کارنامەیەك پێشکەش بکەن, هەولّو توانای جەماوەریش لەناوخۆدا زیاتر بخرێتە خزمەتی ئەم کارەوە بەدانانی لیژنەکان و فراوانکردن و هاوکاریکردنی گشت کوردێك لە کوردستانی ئازاد دا بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆسە نەتەوەییە گەورەی گەلی کورد لە دروستکردنی دەوڵەتی کوردستاندا.

بلاوکراوەتەوە لە ڕۆژنامەی (بەدرخان تایمز) ژمارە (14) نشرینی یەکەم 2003.

# ئەنفال نە ژمارەی تەواو و نەشوێنەواری دیار

**لەم ماوەیەدا گەلی کورد بە گشتی بەدامودەزگاو هۆکانی ڕاگەیاندنی حکومەتی هەرێم لە هەموو لایەکی کوردستاندا یادی ناخۆشترین و تاڵ ترین ڕووداو لە مێژووی نەتەوەکەمان کرایەوە کە ڕۆژی (2002/4/14) بوو بە یادی ڕەشی پڕ حەسرەت و نا ئومێدی و خەمباری ئەویش یادی کارەساتی ئەنفال یادی هەزاران مرۆڤی کوردی بەش مەینەت کرایەوە, دیارە ئەم یادە دەبێتە مەشخەڵێکی تر بۆ داگیرسانی مۆمی گشت مەینەتیەکان, لەم یادەدا چاوەڕوانی هەزاران دایکانی چاوەڕوانی ڕۆڵەکانیان جۆگەلەی ژانی مەینەتی و لێك دابڕانیان لەسەر ڕوومەتی زامدارو بریندار بە ڕنینەوەی ئازاری نینۆکی چاوەڕوانی و خەمی نەهاتنەوە دروست کرد.**

**جارێکی تر لاوانەوەی دایکان بۆ ڕۆڵەکانیان دڵی هەموومانی پڕکرد لە گریان چاوانمان پڕ لە فرمێسك کورد گەر میللەتێکی هەژار و بن دەست نەبوایە بێ گومانم لەوەی کە ئەنجامدەرانی کارەساتی ئەنفال هەروا بە ئاسانی بۆی دەرنەئەچوون و ئەم ڕووداوەیان نە ئەخستە ژێر لێوەوە و ئاوا فەرامۆش نەئەکرا کۆمەڵی نێونەتەوەییش لەکاتی ڕوودانی ئەم کارەساتەدا بێ گومان بێئاگا نەبوون بەڵام چونکە بەرژەوەندییەکانیان لە قازانجی بێ دەنگی دا بوو کەس باسی لێوە نەکردو بە ڕژێمیان نەووت بۆ وات کرد ؟!**

بەهەرحاڵ ئەوەی جێی گومان و سەرسوڕمانە تا ئێستا ژمارەی تەواوی ئەنفال کراوەکانی کوردستان دیار نییە و هەر کەسەو لایەنە بە ژمارەیەك مەزەندەی ئەکات, هەق وایە وەزارەتی مافی مرۆڤ و ئاوارەو ئەنفال کراوەکان لەو سەرژمێریانەی کە ئەنجامیان داوە ژمارەو ڕەگەزو تەمەنیان ڕوون بکەنەوە بۆ کۆمەڵانی خەڵك و گشت لایەك تا لەکاتی یادکردنەوەو کاری ئەنفال کراوەکان ژمارەیان دیاری کراو بێت بۆ ناوخۆو دەرەوە کاری تەواوی بۆ بکرێت هەق وایە هەموو کوردێك لەهەر کوێیەکی ئەم جیهانەدا بێت خۆی بەخاوەنی ئەم کارەساتە بزانێ و لەجێی خۆیەوە بەقەد توانای خۆی قورسایی ڕووداوەکە بخاتە سەرشانی خۆی تالە ئایندەدا بەیەك دەنگ و یەك هەڵوێست داوای قەرەبووی زیانەکان هەموو ئەو مرۆڤانەی تا ئێستا شوێن نادیارن بکەین.

ئەو مرۆڤانەی تا ئێستا لە ژمارەیان دڵنیا نین کە (182) هەزار یان (200) هەزارن یان زیاترن.

بۆئەوەی بەتەواوی ساغ بکرێتەوە و هەنگاوی پێویستی بۆ هەڵبگرین, دیارە بە ئەنجام گەیاندنی ئەم کارە پیرۆزە وەك هەڵوێستی نیشتمانی و نەتەوەیی هەژمار دەکرێت دەبا کارەساتی ئەنفال زمان حاڵی هەموو مەینەتییەکانی گەلی کورد بێ و بە ئاسانی فەرامۆشی نەکەین و لەبیری نەکەین, دڵنیام چۆن حکومەتی هەرێم بڕیاری بڕینەوەی موچەی دا بۆ کەسوکاری ئەنفال کراوەکان کە کارێکی پیرۆزو ئاوڕدانەوەیەکی ڕەوابوو بۆ کەسوکاری ئەنفال کراوەکان و شەهیدانی کیمیاباران, هەر بەهەمان شێواز ژمارەیان ساغ دەکرێتەوە و دیاری دەکرێت دیارە لەم کارەدا بێجگە لە دڵنیابوون بۆ هەموو کارەکانی توژێژینەوەو بەدودا چوون و لێکۆڵینەوە لەم کارەساتە سودمەند دەبێت.

<u>یادتان بەخێر ئەی هەموو مرۆڤانەی نە ژمارەتان زانراوەو نە شوێنەوارتان دیارە.</u>

لە ڕۆژنامەی ڕای گشتی ژمارە 5 لەرۆژی یەك شەممە 2002/5/5 بلاّوکراوەتەوە.

# هەڵەبجە ئەو خەمەی بە ئاگامان دێنێتەوە

حەڤدە ساڵ لەمەوبەر لە 1988/3/16 کارەساتێکی گەورە یەخەی بە گەلی کوردی ستەمدیدەو بن دەست گرت, ئەو کارەساتەش کیمیا پرژێنی شاری هەڵەبجە بوو, دیارە ئەو ڕووداوە یەکەمین کارەسات نییە کە بەسەر گەلی کورددا دێت, دڵنیاشم دوا کارەساتیش نابێ بەلاّم پییێدەچێ شێوازەکەی بەپێی هەلومەرج و گۆڕانکاری سیاسەتی جیهان و جۆری بەکارهێنانی لە ناوچەکەدا گۆڕانی بەسەردا بێت, چونکە داگیرکارانی کوردستان هەر ئەوەیان لێ چاوەڕوان دەکرێ کە دوژمنی سەر سەخت و بێئامان بن بۆ گەلی کورد, لەو رۆژەوەی ئەم کارەساتە روویداوە دەتوانم بڵێم دڵی ناوچەیەکی گەشی کوردستان کە هەمیشە پڕ بوو لەشادی و خۆشی خەندە لەسەر لێوی خەڵکەکەی تۆراوە و مەرگی ئەو شارەو دیمەنی دڵتەنگی ئەو رۆژەی لەبیرەوەری تاڵی هەستیاندا دێتو دەچێت یان ئەو خێزانیانەی بە کۆمەڵ لە ژوورەکانی خۆیان و لەشەقامەکانی شاردا لە ترسی مەرگ مەبەستیان بوو ڕا بکەن بەلاّم لەکات و شوێنی نادیار دا مەرگ یەخەی پێ دەگرتن و لەگەڵ گیانەوەرانی تری وەك سەگ و مەڕو مالاّت و باڵندەکاندا گشتیان بەیەکەوە روحە سپی و جوانەکانیان باڵی دەگرت, کەس نەبوو لەو ساتانەدا بەسەر ئەم هەموو تەرمەدا بلاویێتەوە و شیوەنێك بە قوڵپیی گریانی پڕ ناخ و بەرزکردنەوەی دەستی بێزاری و نزا ئامێز بۆ ئەو کەسەی کە گوێی لەم هەموو هاوارە

نـەبوو بەرزبکاتـەوە, مەگـەر دوای گەڕانـەوەی ئـەو کەسـانەی شـاریان جێهشتبوو بەچاوی پڕ لە فرمێسك ئەو دیمەنانەی بەسەریدا کەوتبوون ببیـنن و بگـەڕێن بـۆ تـەرمی ئازیزانیـان باسـی لێـوە بکـەنو بۆمـان بگێڕنەوە.

کارەسـاتی هەڵەبجـە لای مـن دوو هێمـای جیـاوازی لـەخۆ گرتـووە یـەکێکیان گـەورەیی سـتەمی داگیرکـاران و شۆڤێنیسـتانی عـەرەبی سەردەستەیە لە عێراقدا بەرامبەر بە نەتەوەی کورد ئەوی تریان بێباکی و هەژاری و بێ پشتو پەنایی گەلی کورد نیشان دەدات.

## هەڵەبجە و ڕاگەیاندنو بەرژەوەندی سیاسی:-

وەك دەزانین ڕاگەیانـدن ڕۆڵـی بەرچاوو کاریگـەری هەیـە لـە گەیانـدنی زانیـاری وشـیارکردنەوەی خـەڵك لەگشـت بوارەکانـدا. کارەسـاتی هەڵەبجەش دەهێنێ زیاتر لەسەری بڕۆین تا بزانین تـا چـەند ڕاگەیانـدنی کوردیو دنیـا کارەسـاتەکەی بـەجیهان ناسـی, کـورد, لەبەرئـەوەی هـیچ هۆکارێکی ڕاگەیاندنی بەربڵاوی جیهانی لەبەردەستدا نـەبوو لەلایـەکیتر دەنگـی ڕاگەیاندنـەکانی شـاخ بەتـەواوی بەجـەماوەری کوردسـتانیش نەدەگەیشـتن جـا چـۆن بـەجیهان بگـات, ئـەوەی دەنگـی کارەسـاتەکەی گەیاند بەڵام بەباشی گوێی لێ نـەگیرا تـەنها کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران بـوو هەرچـەند ئێـران مەبەسـتی بـوو کارەساتەکە بگەیـەنێ بـە جیهـان ئـەویش لەبەرئـەوە نـەبوو بـەزەیی بـە کـورددا بێتـەوە و دڵـی بـە هەڵەبجـە بسـوتێ بەڵکو لەبەرئـەوە بـوو لـەو کاتـەدا کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران سـەنگەرێکی شەڕەکە بـوو دژ بـە ڕژێمـی بەعسـی ڕوخـاو هـەروەها دەیویسـت بـەجیهان بڵێ بەعس چەکی کۆکوژو قەدەغـەکراو بـەکاردەهێنێ دژ بـە ئێـران, بـەڵام

دیاربوو لەبەر بەرژەوەندی سیاسەتی جیهانی و زلهێزەکان وەك ئەمریکا بۆیە کەس بە بەعسی نەوت کارێکی ناڕەوات کردووە و دژ بە یاساکانی نەتەوە یەکگرتووەکانە, بەڵام گەر مەبەستیان بوو بەعس بڕوخێنن جۆرج بۆش هاتە سەر شاشەی تەلەفیزیۆن و کارەساتی هەڵەبجەی بەنمونە هێنایەوە وەك کارێکی خراپی بەعس لە قەڵەمی داو سڵاوی بۆ گیانی شەهیدانی هەڵەبجە ناردو پاش ڕوخانی بەعسیش وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کۆڵن پاوڵ سەردانی مەزاری شەهیدانی هەڵەبجەی کرد.

## ڕەنگدانەوەو لێکچوواندن:

دیارە کارەساتی هەڵەبجە ڕەنگدانەوەیەکی قوڵی کرد لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا بەڵام تاچەند لەکاری بەرژەوەندخوازانەی نەتەوەیی‌دا بەکارهاتووە ئەمەیان هەڵوێستەی دەوێ و هەوڵ دەدەم لە پاشاندا بێمە سەر لایەنەکانی, لەپێش ڕاپەڕین کارەساتی هەڵەبجەو ئەنفال و ڕاگواستن و بەعەرەب کردن‌و بە بەعسی کردن خۆی هاویشتە ناو زۆر مەودای ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردەوە بەڵام ناکرێ ناوی بنێین ستراتیژ بۆ بنەماکانی کوردایەتی چونکە تەنها بەڕووی سۆزو بەزەیی لەم مەسالانەمان دەڕوانی کە دەبوو ئیشی لەسەر بکەین چۆن جولەکەکان (هۆلۆکۆست)یان کردە نەخشەیەك بۆ ئایندەیان و جیهانیان لەسەر هەژاند ئێمەش هەمان شێوەمان پێویست بوو کە بمانکردایە لە هەردوو کارەساتی ئەنفال‌و هەڵەبجە, سەرەڕای ئەمانە زۆر لە نوسەران و شاعیرانمان (هەڵەبجە) یان چواندووە بە (هیرۆشیما) کە لای من وا نییە و هەڵەبجە هەر هەڵەبجەیە دەکرێ ئێمە هەردوو شاری هیرۆشیماو ناکازاکی بەدەستە خوشکی هەڵەبجە بدەینە قەڵەم لە ڕووی ئەو زوڵمەی

لێیان کراوە بەڵام جیاوازی هەڵەبجە ئەوەیە کارەساتەکە لە نەتەوەیەکی بن دەستی بێ ئالآی بێ دەنگ و کەم دەست کە کەس پشتیوانی نەبوو کراوە، جگە لەوە هیرۆشیما و ناکازاکی لەلایەن کێوە بۆردومان کران ئایا وەك هەڵەبجە هەمان ئەو دەوڵەتەی هەڵەبجە لە نەخشەی جوگرافیایدا بوو کارەکە کراوەیە، یان لەلایەن دەوڵەتێکی تر کە لەگەڵی لەشەڕدا بووە.

## تاوانبارکردنی هێزە کوردییەکان:

لە کارەساتی هەڵەبجەدا ئەوەی بۆتە جێگەی مشتومڕو لێدوان لە چۆنیەتی ڕووداوەکە و تاوانبارکردنی لایەنە کوردییەکانە لە بەشداریی کارەساتەکەدا, هەرچەندە ئەم تاوانبار کردنە پاساوە لە بەشداری ڕژێمی بەعسی عەرەبی شۆڤێنی کە پێم وایە هەڵەیەکی گەورە یەخەمان دەگرێ کە پاساو بۆ دڕندەیی ئەو ڕژێمە بێنینەوە و بڵێین خەتای کورد بووە چونکە لە ستراتیژیەتی بەعس دا تەنها کوردقڕان مەبەستی سەرەکی بووە, باشە پاش ساڵی (1975) کە شۆڕشی ئەیلول بە پیلانی هەرێمایەتی و دەوڵەتانی گەورە تووشی شکست هات هەر لە ساڵی (1978) بۆچی بڕیاری ڕاگواستنی زیاد لە پێنج هەزار گوند درا دیارە ئەمە کاری بە نەخشەو پیلانی داڕێژراوی بەعس بوو بۆ گەلی کورد, ڕاستە هێزە کوردییەکان بەشداریی شەڕی ئازادکردنی شاری هەڵەبجەیان کرد لەگەڵ ڕژێمی ئێراندا لەپێش ڕودانی کارەساتەکە, هەڵەی هێزە کوردییەکان ئەوەبوو ئێرانیان بەدۆست زانی نەدەبوو بەچاوساغی ڕژێمی ئێران تا ئەم تۆمەتەی ئەمڕۆ نەدرایە پاڵیان, لەگەڵ ئەوەشدا زۆر ناوچە هەبوو بێ ئەوەی شەڕی پێشمەرگانەی تێداکرابێ بەعس کیمیابارانی دەکردن بەبیانووی ئەوەی کەوتۆتە هێڵی

(حەرامکراو) من نامەوێ پاکانە بۆ حیزبە کوردییەکان بکەم, بەڵکو من دەمەوێ دڕندەیی بەعس هیچ جۆرە پاکانەیەکی بۆ دورست نەکرێت کە بەویستی بەرنامەڕێژی خۆی گەرەکی بووە کورد هەر بن دەستو دیلی عەرەب بێت و ناوی کوردستان لە کولەکەی تەڕدا نەبێت و بڵێ (شمال) بە عیراقیش بڵێ عێراقی عەرەبی و نەتەوەیی سەرەکی لە عێراقدا هەر عەرەبەو کەسی تر بۆی نییە بڵێ بوونم هەیە.

## هەڵەبجە و شەڕی حیزبەکان:

لەپاش ڕاپەڕینی (1991) ئەوەی بووە مایەی نیگەرانی و بێزاری گشت تاکێکی کورد شەڕی وێرانکەری ناوخۆ بوو کە سەدان لاوی خەڵتانی خوێن کردو سەدان ژنی بێ مێرد کردو سەدان منداڵی هەتیوو کرد پێم وایە ئێستاش زامەکانی ئەم شەڕە نەگریسە سارێژ نەبوون.

ئەوەی زیاتر مەبەستی منە چۆنێتی مامەڵەکردن بوو لەگەڵ هەڵەبجەدا لەشەڕی حیزبەکانی کوردستاندا چونکە دەکرا ئەوەندە هەڵەبجە بە پیرۆز دابنرایە شەڕی ناوخۆی تێدا حەرام بکرایەو هەموومان زامەکانی هەڵەبجەمان قورس بزانیایە نەك زامەکانی زیاتر بکولێنینەوە, دەتوانم چەند نمونەیەك بێنمەوە لەشەڕی گشت حیزبەکاندا هەڵەبجە بووە مەیدانی سەرەکی ململانێی خۆیانو هێرش کردنە سەریەك, هەر تاقمو دەستەو هێزێك بەدەسەڵات نامۆ بوایە دووریان دەخستەوە بۆ ناوچەی هەڵەبجە ئێرانیش بەناو کە دۆستی حیزبەکان بوو پڕچەکی دەکردن و هەڵەبجەیان ئەوەندەی تر شەلاڵی خوێن دەکرد بەواتایەکی تر پشت گوێ خستنی ناوچەی هەڵەبجەو گەرا دانانی چەند گروپێکی نامۆ بە کوردی وەك (جند الاسلام) و هەندێ تاقمی تر لەووانەش سەیرتر ئەوەیە گشت گروپە ئیسلامیەکان بەمیانڕەوو توندڕەوی جیهادیەوە هەر

لەم ناوچەیەدا هاتوونە مەیدانی سیاسەت, دیارە لەبەر بێخەمیو خەم ساردی حیزبە دەسەلآتدارەکانی کوردستان بووە چونکە نەیانتوانیوە لە ئاست قەیرانی فکریو کۆمەلآیەتی و ئابوریدا بن لەناوچەکەدا و خاڵی لاواز بوون کە بواریان بۆ ئەم گروپانە ڕەخساند لە هەڵەبجەدا لانە دابنێن بەو حوکمەی سەر سنورو دەوڵەتێکی دژ بە کورد لەپشت گشت ڕووداوەکانی هەڵەبجەوە بوو هەندێ جار بە فرمانی ئێران ئەو گروپانە داوایان دەکرد پێویستە تا (سەید سادق) چۆڵ بکرێ بۆ ئەوان کە مەبەست لەوە بوو دوو هەرێمەکە بکەن بەسێ هەرێم تا کوردستان لە (4) پارچە بکرێتە (6) پارچە دیارە هاتنی ئەمریکا و ڕوخانی بەعس ئەو خەونەی ئێرانی بردە چاڵەوە.

لەیادی (17) ساڵەی کارەساتی هەڵەبجەدا دەکرێ سیاسەتی کوردی لەسەر بنەمای کارکردن بۆ ئایندەی نەتەوەیی بێت نەك بێ بەرنامەیی و خەمساردی لە ئاست ئەم کۆستە گەورەیەی گەلی کورد با هەڵەبجە فێرمان بکات دوژمنانی کورد بەیەك چاو ببینین و خۆمان نەخەینە سەنگەری دژ بەیەك, دڵنیام خوێنی شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجە ئەو بارانە سورەیە کە هەرگیز یادمان ناچێو ساڵانە لەیادیدا بەسەرماندا دەبارێو سەرو چاومان تەڕ دەکات بە ئاگامان دێنێتەوە ڕوحمان لە پێمان دەڵێ مەترسی ڕەوێنەوەی ئەم خەمە لای خۆتانەو عومەری خاوەری هەڵەبجە باوەش بەلاشەی دڵماندا دەکات تا لەیەك نەترازێین.

لە ژمارە (15)ی ڕۆژی 2005/3/17ی ڕۆژنامەی نێوەند بلاوکراوەتەوە.

# ئەو ساتانەی

# خەمی خێزانێکی ئەنفال هەژاندمی

هەموو چرکە ساتەکانی تەمەنی مرۆڤی کورد پڕیەتی لە دەیان و سەدان بیرەوەری تاڵو مەرگی دیار و لەبەرچاوون بوونی ئازیزان، لەهەموو یادە تاڵەکان کاریگەرترو هەست جوڵێنەرتر یادی ئەو مرۆڤانەیە کە ناتوانین بڵێین ماون یان مردون ئەویش کارەساتی پڕ مەینەتی ئەنفالە.

چەند ڕۆژێك بەر لە ئێستا سەرفەرم کرد بۆ ناوچەیەکی کوردستان و لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا بەرێکەوت پیاوێکی زۆر هێمن و دەموچاو تەماویم بینی دیاربوو خەم ڕیشی ڕەشی ماشو برنیجی کرد بوو، هەر ئەم دیمەنە پڕ سەرنج ڕاکێشەی ئەو پیاوە وای لێکردم لێی نزیك ببمەوە و یەکتر ناسینێك بسازێنم.

هەر کە پرسیاری شوێنی نیشتەجێیم کرد، ووتی خەڵکی گەرمیانم و ئینجا هەناسەیەکی ساردی قوڵی هەڵکێشاو یەکسەر وام هەست کرد کە ئەم پیاوە گەورەترین ناخۆش بە تەمەنێکی کەمەوە بینیوە بەراستی کاتێ باسی خۆی کرد نەمتوانی هیچ بڵێم لە هەڵکێشانی چەند هەناسەیەکی ساردو بێ دەنگیەکێ زۆر تا تەواو ڕووداوەکانم

هێنایەوە پێش چاوی خۆم, بۆیە حەز دەکەم قسەکانی ناو ئۆتۆمبیلەکەی پیاوە گەرمیانیەکە بگێڕمەوە.

من ئێستا مامۆستام لە ساڵی (1984) بوومە پێشمەرگە ئەو کاتەش مامۆستای شۆڕش بووم لە شاخ, هەر لە پێشمەرگایەتی دوو برام شەهید بوون, پێش دەست پێکردنی ئەنفال لە گوندە ئازادەکانی کوردستان وانەم بە منالاًن دەووتەوە لەژێر ڕەحمەتی بێ ڕەحمی تۆپ و ناخۆشی بۆردومانی ڕژێم جار هەبوو وانەکەم بۆ تەواو نەدەکرا و بەپەلە منالاًنم ڕەوانەی ئەشکەوت و ئەو شێونانە دەکرد کە تۆپ نایگرێتەوە, بەو جۆرە بەسەرمان برد تا ئەنفالەکە لە کاتی ئەنفالیشدا منالەکانی خۆم کە دوو کوڕو کچێك بوون لەگەڵ دایکیاندا ڕەوانەم کردن بۆئەوەی بەردەستی ڕژێم نەکەون کاتێ ڕۆیشتن ئەو چرکە ساتەم قەت لەبیر ناچێتەوە کە خواحافیزیم لێ کردن, چونکە دوا بینیان بوو بۆ من سەیرکردنێکی زۆر منالەکانم سەیریان دەکردم, وەك ئەوەی کە بلێی بۆ دواجار سەفەری یەکجاری بێت و ئیتر یەکتر نەبینینەوە.

کوڕە گەورەکەم ناوی باخەوان بوو من ئەمویست بەڕاستی باخەوان بێت و لە ئایندەدا خەونەکانی بێنێتەدی و لە ئامێزی باخی ئازادیدا گوڵی جوانی ژیان ئاو بدات, پشتیوانی برا بچووکی من گەرەکم بوو پشتیوانێك بێت بۆ باخەوان و ولاًتە سوتاوەکەی پەرژینیش کە تاقە خوشکی بچوکیان بوو دەمویست ئەو پەرژینە بێت کە دەستی ڕەشی ئەنفالچیان نەیڕوخێنن و تێکی نەدەن و خەونە بچووکەکانی نەزڕێنن, دایکیان کە (شەماڵ)ە بوو شنەی شەماڵ بوو بۆ من و کۆرپەکانی

هیلاکـی و مانـدووبوونی منـی ئەڕەوانـدەوە بـە قسـە شـەماڵیەکان و پەروەردە ڕەسەنەکەی کە ئاراستەی مناڵەکانی دەکرد.

ئێستا من وا چواردە ساڵە دوورم لە (شەماڵە و باخەوان و پشتیوان و پەرژین) هەر چاوەڕوانم بۆ ساتێ دیدەم بەدیداریان شادبێتەوە, یاد و بیرەوەری ئەوان بۆتە خەمێکی وا گەورە تەنگە نەفەسی کردومو هێزی لە بەربڕیوم تەمەنیشم وا دەچێتە سەرەوە و بەرگەی ئەم هەموو مەینەتیو ناخۆشییە ناگرم, خۆزگە دەخوازم ڕۆژێك خێزانەکەم و مناڵەکانم ببینمەوە ئینجا بشمرم هەر پێم خۆشە.

گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە خەماویە منی لە شوێنی دابەزینم نزیك کردەوەو دوای ماڵئاوایی لە مامۆستا دابەزیم و خەیاڵی ئەنفال و ژیانی چەندەها خێزانی وەك ئەو پیاوە تا گەیشتمە مەنزڵ, کێ گوێ بیستی ئەم ڕازانە بێت کە کارەساتێکی ئاگراویە لە دڵی خۆیدا تێر نەگرێ یادی ئەنفالی چۆن لەدڵ دەرچێ مەگەر هەر کورد نەبێو دڵی بەرد بێ.

تۆبڵێی جارێکی تر ئەو پیاوە مناڵەکانی ببینێتەوە یان بە ئەم هەموو بیرەوەریانەی لەگەڵ خێزانەکەی هەیبووە دەیانباتە ژێر گڵ, ئای کوردی بەش مەینەت.

لـــە رۆژنامـــەی ئـــالای ئـــازادی رۆژی 2003/4/14 ژمـــارە (501) بلاّوکراوەتەوە.

# خەونە بەدی نەهاتووەکانی دیموکراسی لە هەڵبژاردنەکاندا

هەڵبـژاردن خـۆی لـە خۆیـدا مـافێکی ڕەوای گشـت مرۆڤێکـە لـە بـارە جیاوازەکاندا بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیار کراوو دەرخستن‌و خستنە ڕووی بواری تواناو ووزەی لایەنی پاڵێوراو بۆ ئەو پۆستەی دیاری کراوە جا لەئاستی بەڕێوەبرنـدا بێـت وەك كـاری كارگێڕی بـۆ بەڕێوەبـەرێك یـان لەسـەر ئاسـتی بـاڵای نیشـتمانی‌دا بێـت وەك هەڵبـژاردنی سـەرۆك كۆمـار یان ئەندامانی پەرلەمان, جگە لەم بوارانـە چەندین شێوازی هەڵبـژاردن‌و خۆپـــالاّوتن هـــەن هـــەر لـــە دامـــو دەزگـــا حزبیـــەكان یـــان ڕێكخـــراوە پیشەییەكان, ئەم هەڵبژاردنانەش لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تر گۆڕانی بەسـەردا دێـت ئـەویش پەیوەسـتە بـەتوانای گەشـەكردنی بیرو چۆنیەتی حـاڵیبوون لەبنـەماكانی دیموكراسـی, گـرنگترین خـاڵیش لەتێگەیشـتنی دیموكراسی قبوڵ كردنی بەرامبەرو بەئاسایی وەرگرتنی جیاوازییەكانە, ئـەویش لەسـەر بنـەمای ئـازادی تـاك‌و كـاركردن بۆمـافی تاكەكـەس, ئـەم جیاوازیەش لە كۆمەڵگاكانی ڕۆژهەڵاتدا تـا ئێسـتا فەراهـەم نـەبووەو وەك پێویست كاری بۆ نـەكراوە, بـە پێچـەوانەوە كـا ركراوە بـۆ بەرهـەمهێنانی بیری چەوتی داگیركاری‌و ڕەتكردنەوەی تـاكو پێشـێلكردنی مـافی گشـتی

نەتەوەیی بە تایبەت گەلی کورد لەلایەن دەسەڵاتدارانی نەتەوەکانی سەر دەستە لەعەرەب و تورکو فارس لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست.

## ڕژێمی بەعس و هەڵبژاردن:

بۆ بەرهەم هێنانی عەقڵی تاکو بە پیرۆزکردنی سەرکردە لە ڕاگەیاندنەکانی خۆیاندا هەمیشە ڕژێمی پێشوو باسی هەڵبژاردن و دیموکراسیی و سۆسیالیستی دەخستە ناو ناوانەوەو بەشێوازە تەقلیدیەکەی خۆیان خەڵکیان لەسەر ڕادەهێنا بەڵام لە پشتی کەوالیسەکان و سنوقەوە بڕیارەکان دەردەچوون و بەپێی فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی بەناو شۆڕش, هەر لە ئەنجومەنی نیشتمانی عیراق و سەرۆکی کۆمارو دوو ئەنجومەنە کارتۆنیەکەی کوردستان (یاسادانان و جێبەجێکردن)و... هتد بەم شێوازە خۆیان ناویان نابوو هەڵبژاردنی دیموکراسیانە.

## هەڵبژاردن لە ئۆرگانەکانی حزبەکاندا:

پاش ئامارە پێکردن بۆ شێوازەکانی هەڵبژاردن لەسەردەمی ڕژێمی تۆتالیتاریای بەعس ئەوەی وەك نەریتێکی ڕۆژهەڵاتی ماوەتەوە هەڵبژاردنی ئۆرگانی حزبەکانە لەم ناوچەیەدا, حزبی دەسەڵاتدارو حزبی ئۆپۆسزیۆن هەر هەمان نەریت لەهەڵبژاردنەکاندا پەیڕەو دەکەن, کێ لە ئێمە سەرۆك یان سکرتێری حزبێکی بینی تا مردن لە پۆستەکەی خۆیدا نەمێنێتەوە, ئایا ئەمە لە ڕۆژئاواش بەو جۆرەیە, کەواتە دەبێت بپرسن لەو کەسانە لێهاتووترو بە ئەزموون ترو بەتوانا تر لە گۆڕەپان و مەیدانی دەسەڵات و فکرو سیاسەتدا لە ئارادا نین کەواتە ئەمانە ئەو فریشتانەن کە خوا بۆ دەسەڵات و کورسی ناردوونی و نابێت بگۆڕدرێن, سەیرەکە لەوەدایە حزبە بەناو مۆدێرن و پیشکەوتنخوازکانیش لەسەر ئەو نەریتە دەڕۆن کە باسمان کرد, ئایا دەکرێ بڵێین حزبی مۆدێرن لەئارادایە لەوکاتەی کەسێك دەسەڵاتی لەهەموان زیاتر بێت و کەس نەتوانێ

لەبەرامبەریدا خۆی بپاڵێوێ, ئەمە وەك دەسەڵاتی یەکەمی حزب, ئۆرگان و شانەو بەشەکانی تری حزبیش لەسەر ئاستی خزمایەتیو دەوڵەمەندیو زمان لوسیو دەستەگەریو هێزو پشتیوانی دادەمەزرێ لە زوربەی حزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا بە تایبەت عیراق و کوردستان لەم حاڵەتەشدا جارێکی تر هێزی بیرو مافی تاك ڕێخۆشکردن بۆ ئازادی فەزای خۆیان ون دەکەن و دنیای کۆمەڵگا دەکەنە تەمتومان و ناویان لێناوە هەڵبژاردن و ئازادی بەباشی یاساکانی جەنگەڵ بەرقەرار دەبێت کە بەهێزەکان لاوازەکان دەخۆن و یاسای سروشتی یەك لایەنە دەبێتە ئەو پەیوەندییەی ناوی بخۆرو خوراوە.

## هەڵبژاردن لە پەرلەمانی کوردستاندا:

لەتەوەری هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا دەکرێ لاپەرەکانی چەندین ساڵەی دەسەڵاتی حزبی کوردی هەڵدەینەوەو بیکەین بە دەرس بۆ مێژووی نزیکمان, ئەو پەرلەمانەی بەناو بالاترین دەسەڵاتی کوردەو بوو بە ئەلتەرناتیڤی بۆشایی ئیداریو سیاسی لە کوردستاندا پاش وەدەرنانی بەعس بەڵام دەکرێ بپرسین مەهام و کاری پەرلەمان وەك پێویست بووە یان نا دەتوانین بڵێین پەرلەمانی دابەش کراوی حزبە گەورەکان بوو گەر وانیە بۆچی یاسای (تەحریمو تەجریمی) شەڕی ناوخۆ جێبەجی نەکرا یان چۆن دەبێ پەرلەمانتار کە دەستی خستە سەر ئەوکتێبەی بڕوای پێیەتیو سوێندی بەکوردستان خوارد کە ئەوەی لە بەرژەوەندی گەلی کورد نەبێ نەیکا, تۆ بڵێی شەڕی ناوخۆ لە بەرژەوەندی کورد بووبێو ئێمە نەمانزانیبێ, پێش شەڕی ناوخۆش دەسەڵات و کورسی بەش کراو جێگیر بەقەد بەڕێوەبەرو بریکار بەقەد وەزیر دەسەڵاتی هەبوو کە ناویان نا فیفتی بە فیفتی ئایا نەدەکرا

حزبێك بەتەنها بۆ چوار ساڵ دەسەڵاتی بە دەست بوایەو پاشان هەڵبژاردنی تر بکرایە, لە وەڵامی ئەمانەدا دەڵێم نەخێر نەدەکرا لەبەر ئەوەی هەستی یەکتر قبوڵ نەکردن زاڵ بوو بەسەر گشت لایەکدا تەنها شتێ کە بەباشیان زانی فیشەك و گوللەو تۆپ بوو بۆ سڕینەوەی یەکتر ئەمە جگە لە هانا بردن بۆ دوژمنانی کورد بۆ لەناو بردنی ئەوی تر وەك عەقڵی میرەکانی سەردەمەکانی پێشوو.

## ڕوخانی بەعس و هەڵبژاردن:

بە پاش ئەوەی ڕژێمی بەعس لەلایەن ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی ڕوخا بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشایی دەسەڵاتەی ئەمەریکیەکان ویستیان خۆیان کاروبارەکانی عیراق بەڕێوەبەرن بەڵام لەڕێی میکانیزمێکی ناراستەوخۆیی کۆبوونەوەی هیزە عیراقیەکان لە ناسریە بەسەر پەرشتی (زاڵمای خەلیل زاد)و ڕێکەوتن لەسەر شێوازی دابەش کردنی دەسەڵات.

لە پاش ئەوە بریاری ئەنجومەنی دەسەڵاتیان دا کە بۆ هەر مانگێك یەکێکیان دیاری کرد دەسەڵاتەکە بەڕێوەبەرێت, لەگەڵ گۆڕینی کورسی دەسەڵاتی هەموو ئەو سەرکردانەدا پشێوی و ئاڵۆزی و کاری تیرۆر زۆرتر دەبوو تا سەرهەڵدانی (سەدر)و شەڕەکانی لە زۆربەی شوێنەکانی عیراقدا. ئەمەریکازانی لەم جۆرە میکانیزمەشدا سەرکەوتوو نەبوو کە پێشتر بڕیاریدا بوو وەك هێزێکی داگیرکەر عیراق بەڕێوە ببات ئەم کارو بارانە لە سایەی داگیرکاریدا هەروەك پێویست نەبوو بۆیە بڕیاری گێرانەوەی دەسەڵاتیدا بۆ عیراقیەکان, بەڵام کام دەسەڵات و چۆن دەسەڵاتێك کەلەم هەموودانانی پۆست و شێوازە کارگێڕیانەی دایدەنا هەرگیز گرنگی بەهەڵبژاردن نەدراو بەشێوەی عەفەوی و زۆرینە دەسەڵاتەکانیان دیاری دەکرد.

## ئەنجومەنی نیشتمانی عیراق:

پاش ئەوەی یاسا کۆنەکانی دەستوری عیراق وەلا نراو بڕیاری دانانی دەستوری کاتی نوێ درا بۆ عیراق تا ئێستا هیچ خاڵێك لەو یاسای کاتیە جێبەجێ نەکراوە بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندیان بەباردوۆخی ئاسای کردنەوەی شاری کەرکوك‌و ناوچەکانی تری کوردستان هەیە, بەڵام بۆ ئەوەی بتوانن بەرنامەیەکی تر دابنێن کە یەکێکە لە شێوازەکانی بەڕێوەبردن بڕیاری دامەزراندنی ئەنجومەنی نیشتمانی عیراق درا.

جارێکی تر سەیرو سەمەرەی دانان لەجیاتی دەنگی خەڵك‌و سنوقی هەڵبژاردن لەلایەن حزبەکانی عیراق بەگشتی بەبیانووی ئەوەی بارودۆخی ئەمنی عیراق بوار ناڕەوخسێنێ بۆ هەڵبژاردن بڕیاری (تەوافوق) جێبەجی کرا سەیر لەوەدایە کوردستان هیچ گرفتێکی ئەمنی نیەو لەجیاتی حکومەتێك دوو حکومەتی بە دەسەڵات کارەکان رایی دەکەن بەڵام وەك کارەکانی تری پرۆسەی ناونانی دیموکراسی هەر حزبەو چەند کەسێکی دیاری کرد لە ئاستی شارەکانی کوردستان‌و لە هۆڵە داخراوەکاندا ئەوەی مەبەستیان بوو دەنگیان پێدان‌و چەند کەسێکی نوێنەری حزبەکان چوونە ئەنجوومەنی نیشتمانی عیراق‌و کاری ڕۆتینی دیموکراسی جارێکی تر یەخەی خەڵکی گرتەوەو کەناڵەکانی حزبەکانیش شەوانە لە کەناڵەکانی خۆیان چەندین بەداوداچوونی سەیرو سەمەرەیان لەسەر نمایش دەکرد گوایە با خەڵکان لە ئێمەوە فێری دیموکراسی ببن‌و نمونەکەی بگوازینەوە بۆ ناوچەکانی تر.

## هەڵبژاردنە گشتیەکان:

بڕیار بوو سەرژمێری گشتی عیراق ئەنجام بدەنو ئینجا هەڵبژاردنی گشتی بکرێت, تەنانەت لە گشت شارەکاندا خولی ڕاهێنانی چەند ڕۆژیان بۆ مامۆستاکان کردەوە لەسەر شێوازی ئاماری گشتی لێی بێدەنگ بوونو دیسان بەقسەی مەرجەعیەکانی شیعە هانا یان بردەوە بۆ فۆڕمی خۆراك بە بیانووی ئەوەی باشترین هۆکارە لەم هەلو مەرجەدا, سەیر لەوەدایە شیعەکان بەیەك لیست دادەبەزنو کوردیش لە ترسی خۆیان بە لیستێك دادەبەزن, هەندێك پێیان وایە کورد دەیەوێ لەگەڵ لیستی تریش ڕێك بکەوێت, عەرەبە سوننەکانیش هەڵبژاردن بە کارێکی ناڕەوا دادەنێن, ئەوەی لا من بۆتە سەرنج دەنگدانی خەڵکی کوردستانە بۆ ئەو کەسانەی حزبەکان دیاریان دەکەن چونکە ئەگەر لە عیراق هەڵبژاردن تازە بێتو خەڵکی وەك ساڵی 1992 هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان تامەزۆر بن, لام وایە پێچەوانە دەبێتو خەڵکی کەمدەنگ دەدەن ئەنجامەکانی ڕوون بوون لەبەرچاوی خەڵك هەرچەندە وەك گشت بەرنامەکانی تری ئەمەریکا کارەکانی خۆی ڕایی دەکاتو جارێکی تر دیموکراسی دەبێتە قوربانی هێزو زۆرینەو تەوافوق, ئەوەی ماوە بیڵێم کورد دڵی بەو کەسانە خۆش نیە کە مەبەستە دەنگیان پێ بدرێت چونکە لەسەر کورسی دەسەڵات کوردیان لە بیر دەچێتەوەو عەقڵی شۆڤێنی عەرەبی زاڵە بەسەریاندا نمونەش سەرۆکی کاتی عیراقی ئیستا (غازی عجیل الیاوەر)ە کە بە دەنگو کاری کورد بووە سەرۆك بەڵام ئێستا هەرەشەمان لێ دەکاتو بەرەنگاری ئەوانە دەوەستێتەوە کە جوداخوازن ئەمە لەم کاتەدا کە هیچ هێزێك شك نابات بۆ بەرگری کردن لەوهەڕەشانەی دەیکات, دوا ووتەم ئەوەیەکە بڵێم لە سایەی عیراقی پڕ لە بیری شۆڤێنی عەرەبی پرۆسەو کاری دیموکراسی قورسو سەختو گرانەو باجەکەشی هەر کورد دەیدات.

بلاْوکراوەتەوە لە رۆژنامەی نیوەند ژمارە (8) رۆژی 2004/11/1

# والابوونی دەرگاکانی دیموکراسی

گومان لەوەدا نییە کەدیموکراسی بەکارهێنانی دەسەڵاتە لەلایەن خەڵك و گەلەوە یان بەجۆرێکیتر گەل مافی ئەوەی هەبێ لەڕێگەی هەڵبژاردن و ویستی خۆیەوە نوێنەرەکانی خۆی لەپلەو پایەو شوێنە دیاریکراوەکاندا دەست نیشان بکات لەپێناوی خزمەتی هاونیشتمانیاندا بەگشتی ئەمە فۆرمەڵەکردنی وشەی دیموکراسییە لەڕووی زمانەوانی و ماناوە، ئینجا دەشێ ئەم وشەیە بەپێی هەلومەرج و ویستی تایبەت لای کەسانی پەیڕەوکەر شێوازەکەی بگۆڕێ. ئەفلاتونی فەیلەسوفی یۆنانی ئەوەندە پڕ مەغزاو ئاڵۆز لەدیموکراسی دەڕوانی کەبەدیهاتنی ببێتە مەحاڵ بۆیە هەر لەو ڕێگەیەشدا سەرینایەوە یان لەشۆڕشی گەورەی فەرەنسادا شێوازێکی تری بەخۆوە بینیوەو بۆتە سونبولێك و سەرچاوەیەکی پراکتیکی بۆ شۆڕشەکانی دنیا، لای لینینیش دیموکراسی خۆی لەدوو قاڵبدا گرتۆتەوە ئەوانیش دیموکراسی پڕۆلیتاریاو ئەوی تریان دیموکراسی بۆرژوازیە کە یەکەمیان بەباشترین جۆر دەزانێ کەکرێکاران بتوانن بەئامانجەکانی خۆیان بگەن، جگە لەمانە لای زۆر دەستەو تاقم و شۆڕش و بەرهەڵستکارانی جیهان تەنانەت کودەتاچیەکانیش وشەی دیموکراسی دەکەنە بنێشتە خۆشەی بن دانیان و هەڵسوکەوتی خۆیان بەدیموکراسی دادەنێن، ئەوەتا ڕژێمە کۆنە پارێزەکانی جیهانی سێیەم هەر لەدەوڵەتانیان و حیزبەکانیشیان هەر هەموویان خۆیان بەپەیامهێنەری دیموکراسی دەزانن و دەبێ خەڵك لەوانەوە وەریبگرێت و تام و بۆنی ئەو

گـوڵاوە بکـات کـەلای کـەس دەسـت ناکـەوێت لای ئـەوان نـەبێ، سـەیر لەوەدایە ئێمەی کوردیش بۆ بەدبەختی خۆمان دراوسێکانمان ئەوەندە دیموکراسی نین کەبتوانین لانی کەم خۆمان بڕیاری مافی خۆمان بدەین بەڵکو دەبێ ئەوان بڕیاری لەسەر بدەنو لەناوبردنو سڕینەوەمان بەرنامەی کاریانە بچووك ترین مافمان پێ ڕەوا نابینن، ئەوەی بۆتە جێگەی سەرسوڕمانی گشتمان ئەم پەتای دکتاتۆریەی کەدژ بەدیموکراسیە لای خۆشمانی گرتۆتەوە بەوەی کەسمان نەبینی ببێتە سەرۆکی حیزبێك یان سکرتێرو ماوەی زەمەنیو یاسایی تەواو کردبێتو کورسیەکەی چۆڵ بکات بۆ کەسانی تر تەنانەت بەڕێوەبەری فەرمانگەکانیش هەمان نەریت پەیڕەو دەکەنو شەڕو پەتای کورسی ئەوانیشی گرتۆتەوە بەپشتگیری کردنی کەسانی نزیکی خۆیان لەدەسەڵاتداران بێ ئەوەی گوێ بدرێ بەهیچ پێوەرێکی توانایی ئەو مرۆڤانە کەشایستەن یان نا.

وا چواردە ساڵ بەسەر ڕاپەڕینو ئازادی بەشێکی کوردستاندا تێپەڕی بەڵام لەگەڵ ئەوەی هەلومەرجی سیاسیو ناوچەیی هەندێك گرفتی لەبەردەم هەنگاوەکانمان بۆ دیموکراسی دانا خۆشمان زۆر خاوو بێ بەرنامە لەگەڵ ڕووداوەکاندا خۆمان دەگونجاند، دەکرا حیزبە دەسەڵاتدارەکان هەنگاو بۆ دیموکراسی بنێن بەڵام بەپێچەوانەوە هەنگاویان دەنا بۆ بەحیزبی کردنی کۆمەڵ بەناوی دیموکراسی واتە ئەوەندە مافیان بەخەڵك دەدا لەگەڵ ئەوان بوونایە و کەس ڕەخنەی لێ نەگرتنایە ئەگەر کەسێك بیویستایە بیروڕای خۆی دەربڕێ بەڵام ئەو ڕایە لەبەرژەوەندی حیزبەکە نەبوایە ئەو کەسەیان بەبەعسی یان بەحیزبێکی تری نامۆ بەخۆیان دەدایە قەڵەم، بۆیە دەتوانم بڵێم ئەوەندە دیموکراسی

ڕێگەی پێ دەدرا تا لەگەڵ بەرژەوەندی ئەواندا بگونجێ ئەگەرنا لەبنەماکانی دیموکراسی لات داوەو پێویستە سزای خۆت وەربگری ئەویش بەپێی یاسای دانراوی خۆیان جاخوا بکات روحت وەك پەپولە بەئاگری ئەو ناهەقیە نەسوتێ و کۆتایی بەژیانت نەیەت، بەڵام لەپاش روخانی بەعس و هاتنی ئەمەریکا هاوکێشەکە کەمێك گۆڕانی بەسەردا هات و تاڕادەیەك دەرگا بۆ رۆژنامەنوسان و خەڵکانی تر کرایەوە هەندێك لەوشە پەنگ خواردووەکانی هزریان خستەسەر رووپەڕی رۆژنامەکان و دەردە دڵی خۆیان بەو چەند وشەیە دەربڕی، وا خەریکە چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواریش هەنگاوەکانیان خێراتر دەکەن بۆ گەیشتن بەمەنزڵی دیموکراسی ماوەیەك لەمەوبەر هەموومان گوێمان بەزەنگی ناڕەزایی زانکۆکانی سلێمانی و سەلاحەددین زرنگایەوە کەدەسەڵاتی هەردوو ئیدارەکەیان ئاگادار کردەوە لەسەر ئەو زانکۆیەی کراوەتەوە جا ئەوەی کەخوێندکاران داوای دەکەن چەندە رەوایە یان نا پەیوەندی بەویست و بۆچوونەکانیانەوە هەیە بەڵام ئەوەی من مەبەستمە بیڵێم تەنها کردنەوەی دەرگای دەربڕینی ئازادە کەمافێکی دیموکراسیانەی گشت کەسێکە، هەر لەژمارە (15)ی رۆژنامەی نێوەندا هەواڵی ناڕەزایی مامۆستایانی ناوچەی شارباژێڕ بڵاوکرابۆوە کەدژ بەکەموکورتیەکانیان ئاراستەی بەرپرسان و لایەنە پەیوەندی دارەکانیان کردووە کە ئەگەر بەدەنگ داواکانیانەوە نەچن شێوازی ناڕەزایی دیموکراتیانە دەگرنە بەر بۆ ئامانجەکانیان، ئەمانە هەموو دەرگان کە دەکرێنەوە لەبەردەم دیموکراسی و کۆمەڵی مەدەنی بۆیە هەق وایە حیزبەکان ببنە فاکتەرێکی بەهێز بۆ پێشخستنی دیموکراسی ئەویش دەست بەردانی چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواریە کەنەبنە لەمپەر

لەڕێگـەی گەیشـتن بەمـەنزڵی دیموکراسـی بـەوازهێنان لەپاشـکۆکردنی گشت چین و توێژەکان چونکە ئێستا هەرچی ڕێکخراو هەیە وا بەستەیە بەحیزبەکان و بەڕێکخراوی پیشەیی دانانرێن.

بـەڕای مـن ئەگـەر حیزبـەکان دەسـت بـەرداری ئـەو شـێوازە دژ بەدیموکراسییە نەبن لەئەنجامدا زەرەرمەندی گەورە هەر خۆیان دەبن و کەس بڕوایان پێ ناکات و ڕێکخراوی (ئەلتەرناتیڤ)ی کۆمەڵایەتی و پیشەیی جێگەی ئەم ڕێکخراوە حیزبیانە دەگرنەوەو سەرهەڵدەدەن و لەئەنجامیشدا دەنگی ناڕەزایی بەرامبەر بەهەموو ئەو کارە دزێوانەی دەکرێن بەرز دەبنەوەو کپ کردنیان دەبێتە مەحاڵ. جا کەگۆڕان بەڕێوەبێت ڕۆڵی هەمووانی تێدا بێت باشترە.

لە ژمارە (16) ڕۆژنامەی نێوەند بلاّوکراوەتەوە.

# تیرۆر سەرچاوەکەی شۆڤێنیزمی عەرەبییە

لەم ڕۆژگارە پڕ ژیارییەی مەردومدا ئەوەی کە بۆتە باس و مەترسی گەورە بۆ سەر ژیانی کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی (تیرۆر)ە ڕاستە لە ڕووی وشە ئاراوە ئەم زاروەیە نامۆیە بە زمانی عەرەبی بەڵام هەردەم ئەم وشەیە لەم سەردەمەدا پێوانەیەکی ژیرانەیە کە بڵێین سەرچاوەکەی لە ڕۆژهەڵاتەو بەتایبەت عەرەب و عەقڵی شۆڤێنیزمی عەرەبی نەخشەو داڕێژەری ئەم بەرنایەیە, ڕاستە کوشتن و لەناوبردن و زۆرداری لە جیهاندا بوونی هەبووە و هەیە بەڵام دەتوانم بڵێم لە پاش جەنگی جیهانی دووەم و کۆتایی هاتنی جەنگی سارد بەواتە نەمانی بلۆکی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات ئەم دیاردەیە لە کێبەرکێی نێوان زلهێزەکان و دەرهاویشتەی ململانێکان هاتە مەیدانی سیاسەتەوە دەکرێ شوناسی تیرۆری سەدەی بیست و یەك وابەستە بکەین بەجیهانی سێ کەدەوڵەتانی ڕۆژهەڵات دەگرێتەوە بەتایبەت ئەو دەوڵەتانەی ناسنامەی ئاینییان ئیسلامە.

هەرچەندە لە جیهاندا دیاردەکە بڵاوە و تاقم و دەستەی تیرۆریستی کاری دژ بە مرۆڤ ئەنجام دەدەن لە فلیپین و تایلاند و زۆر شوێنی تر بەڵام ئەوەی مەبەستی سەرەکی منە کە ئاماژەی پێ بکەم هۆکاری سەرهەڵدانی تیرۆرە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا, عەرەب هەمیشە خۆی بە خاوەنی شارستانی ئیسلامی زانیوە لە ناوچەکەدا هەرچەند هەموو ئەو نەتەوانەی کە ئیسلامن بەشدارن لە شارستانی ئیسلامی دا, بەڵام عەرەب بە ناڕاستەوخۆ لە ماوەی ئەو غەزاوەت و فتوحاتانەی کە کردوویانەتە سەر نەتەوەکانی کاریان کردووە تا عەقڵ و فکری عەرەبی زاڵ بکەن و

کەلتووری خۆیان لە ڕێگەی پەیامە بەزۆر سەپێنراوەکەیانەوە بگەیەنن و نەتەوەکانی تر بکەنە خزمەتکاری خۆیان بەوەی پێغەمبەر عەرەبەو قورئان خوا بە عەرەبی ناردویێتی هەروەها لە ڕێگەی ئەو کەسانەی کە بوون بە پیاوی ئەوان مەهامەکەیان گەیاندۆتە خەڵکی و گشت ئەو شتانەی کە بۆخۆیان بە ناڕەوا دایان ناوە بەحەرامو نا جائیز داویانەتە قەڵەم و نەیانهێشتووە هیچ مرۆڤێك زیاد لەوەی مەبەستیانە بلێ‌و بڕوات گەرچی زۆریشی لەناو پەیڕەوەکە و بەرنامەی ئاینەکەدا نەبووە بە نمونە وەك ناونانی منالْ کە هیچ جۆرە پەیوەستێك نییە جگە لەوەی ئەو کەسە کە ناو دەنرێت و تیر و تەشەر نەبێت بۆ سەر کەسێتی بەلاّم ئەوان هاتوون مەرجیان داناوە کە پێویستە ناوی شەرعی کە گوایە پێویستە ناوەکە عەرەبی بێت ئینجا شەرعییە هەروەها بەکافر کردنی کەسانی تر و دەرکردنی منالْ کاتێ تەمەنی لە 10 سالْ تێپەڕ بوو نوێژی نەکردو زۆر شتی تر کە لەم سەردەمە دا قابیلی قبولْ نیەو کەس ناچێتە ژێرباری ئەو کارە قورسە لە قورئاندا هاتووە کە (لە دینا زۆری نییە) کەچی سوپای عەرەبی ئیسلامی لە ساڵی (637)ز بە هێزێکی گەورە پەلاماری کوردستانیان دا و ئەو وولاّتەیان کردە خەڵتانی خوێن‌و هورمزگاکانی ئاینی زەردەشتیان ڕوخاندو ئاتەشگاکانیان کوێر کردەوە و ڕۆح‌و هەست و نەریت و کەلتوری نەتەوەی کوردیان تەفروتونا کردو تەکیەو خانەقایان لە جێی دروست کردو موغەکانی زەردەشتیان کوشت‌و مەلا و شێخیان لە جێی دانا.

ئاوێستایان سوتاندو پەیامە عەرەبیەکەیان بلاّوکردەوە هەرسێ پەیامی (وتەی باش) و (بیری باش) و (کرداری باش) یان لابردو کوشتن‌و بڕین‌و کوفریان خستە ناو کایەی ژیانی مرۆڤی کوردەوە، ئەمانەش هەمووی لە ڕێگەی ئەو کەسانەی بوونە پیاوی عەرەب‌و

خزمەتکاریان گەیشتنە ناو کۆمەڵگای کوردەواری ئەوەتا کەسێکی وەك مەلا محەمەدی کۆیە بەم جۆرە دەنگیان لێ بەرز دەکاتەوە و پێیان دەڵێ:

هـــــــەتا دەمرم لەبۆ کوردان دەنـــــــــاڵم
عیلاجیـــــــــان چـــــــۆن بکەم هاوار بەماڵم
بەڕیشـــــــــــــی پانو سەری پڕ لە ئەسپێ
بناغەی ئیشی کوردان چۆن دەچەسپێ؟.

ئەوەی ماوەتەوە کە دەری ببڕم ئەوەیە جارێکی تر عەقڵی شۆڤێنیزمی عەرەبی هانا دەباتەوە بەر تیرۆر بۆ گەیاندنی پەیامی عروبە بە خەڵك و ژیانی مرۆڤ دەکاتە ئەو تاریکستانەی کە خەونی جەهالەتی عەرەب ئواتیانی تێدا دێنێتە دی ئەویش بە ترساندن و تۆقاندن و کوشتنو لەناوبردن بەو فتوایەی کوشتنی ئەوانەی لەگەڵیان نین جیهادە و جیهادیش شەهادەتی ڕاستیە و مرۆڤ دەگەیەنێ بە خۆشیو شادی لە ژیانی پاش زیندوو کردنەوە, ئێمە هەموو مرۆڤین و خوای خۆمان خۆش دەوێ ئەو خوایە پێمان ناڵێ دەست لە کاری من بدەنو مرۆڤم بۆ بکوژن کە مرۆڤیش جوانترین دروستکراوی خوای گەورەیە, کاتی ئەوە هاتووە کە کورد لە پەیامە شۆڤێنیەکانی عەرەب تێ بگاتو ئەو فتوایانەی ئەوان دەری دەکەن لای ئێمە جێگەی تێبنی و سەرنج بێت ئەوە بکەین نەك لاوان فریوبخۆن بە بیانوی ئەو عەقڵەی شوڤێنیەتی عەرەبی لە پشتەوە هانی دەداو مەبەستیی کارەکان بۆ نەتەوەی عەرەب بکات.

باشە کە عەرەب خۆیان بەبرای دینی ئیچمە دەزانن بۆچی لە هیچ کاتو سەردەمێکدا پێشێل کاریەکانی ئەو دەوڵەتانەی کە کورد بە ئارەزووی مەبەستەکانی خۆیان دەچەوسێننەوە و کۆمەڵ کوژ دەکەن بۆ تەنها جارێك فتوایەك نادەنو بە حەرامی نادەنە قەڵەم, هەر عەرەب نەبوون (182) هەزار مرۆڤی کوردیان بە پێی دەقی پەیامەکەی خۆیان

ئەنفال كردووە لە سەردەمی قەڵەمڕەوی ئیسلامی و عەرەبی دا كە (22) دەوڵەتی شۆڤێنی لە پشت ئەو كارەوەن, هەر ئەوان نین كورد بە مەترسی و ئیسرائیلی دووەم دەزانن, هەر ئەوان نین هیچ بەڵێنێك نابەنە سەر و لەگەڵ بچوكترین مافدا نین بۆ كورد, كاتی تاریكستانی ژیان و چوار دەور چنراو بە تەڵی عەقڵی عەرەبی بەسەر چوو وا باشە هەمووومان عەقڵی شۆڤینی عەرەبی بخەینە ژێر پرسیارەوە ئەوەی دەستمان كەوتووە لە عەرەب كە هیچ نیە بیدەینەوە دەسنی خۆیان جگە لە ئیسلام با ئێمەش وەك توركەكان دەوڵەتی ئیسلامی دروست بكەین بۆ خۆمان نەك بتوێینەوە یان وەك فارسەكان چۆن ئیمپراتۆریەتی فارسیان بەناوی ئیسلامەوە دروست كردووە دیارە خۆم لەگەڵ هیچ دوڵەتێكی دینیدا نیم من تەنها مەبەستم بەكارهێنانی تاكتیكە لە پێناو ستراتیژی گەورەی نەتەوەیی دا بۆیەش ئەم نمونانەم هێنایەوە مەبەستمە بڵێم ئیسلام ڕێگر نەبووە لە دروست كردنی دەوڵەتی كوردیدا.

بەڵكو خۆمان لاوازبووین و نەماتوانیوە ئەو كارە بكەین لەبەر بێ هێزیمان بەرامبەر بە عەقڵی شۆڤێنی عەرەب, دڵنیام كە سەرچاوەی تیرۆری ڕۆژهەلات و ڕۆژئاواش لەم كاتەدا عەقڵی پاشكەوتووی عەرەب ڕابەرایەتی دەكات.

## پێشێل كردنی ئازادی لە شوێنە گشتییەكاندا

ڕۆژانە لە شوێنە گشتییەكاندا, هەمووومان تووشی حاڵەتی پێشێل كردنی ئازادییەكانی یەكتر دەبین. كە لەلایەن كەسانی ترەوە سنوری دەشكێنرێت, ئەوەی لای من بۆتە سەرنج و جێی باس ناو پاسەكانە. كاكی شۆفێر هیچ حسابێك بۆ ئەوە ناكات كە كارەكەی خزمەتگوزارییەو پێویستە ڕێزی ئەوانە بگرێت كە لە ناو پاسەكەدان, بەویستی خۆی

ریکۆردەکەی ئەکاتەوەو دەنگی تەواوی دەداتیٚ جگە لەوەش چەند موکەبەرەیەکی هەڵواسیوە, گرنگ نییە نەفەر حەز لەو دەنگە بکات یان نا, زۆرجار نەفەر هاوار دەکات بۆ دابەزین لە شوێنی ویستگەی وەستانی پاسەکە, بەڵام شۆفێرەکە لەبەر بەرزبوونی دەنگی ریکۆردەکەی گوێی لە نەفەرەکان نییە بۆ دابەزینیان لەم ناوە نەفەرەکە توڕە دەبێت و شۆفێرەکەش وولامی دەداتەوەو زۆرجار وای لێدێت مرۆڤ هەست بە شکانی دەرونی خۆی دەکات و وا دەزانیٚ دەست درێژی کراوەتە سەر کەسێتی ئەو.

هەرچەندە بە تەنها شۆفێرەکان ناگرێتەوە بەڵکو هەندێك لە نەفەرەکانیش کاری نابەجیٚ ئەنجام دەدەن و وەك قسەکردن بە دەنگی بەرز ساتیٚ لەگەڵ هاوڕێکەی دەدوێت هەموو نەفەرەکانی تر گویٚ بیستی وتەکانیان دەبن. یان جگەرەکێشان کە بۆتە نەریتێکی خراپی بەکارهاتووی ڕۆژانە لەلایەن نەفەرەکان و شۆفێرەوە, هەرچەندە من ناو پاسەکانم بە نمونە وەرگرتووە لە شوێنە گشتییەکانی تریش هەمان پێشیلٚ کردن بەدی دەکرێت.

دەبا ڕێز گرتنی یەکتر لە شوێنە گشتییەکان وەك نەریتێکی باشی لێبێت و هەموو هەنگاوی بۆ بنێین و ئازادییەکانی تاکی کۆمەڵ لەلایەن تاکەکانەوە پەیڕەوی ئاکامی گشتی لیٚ بکەوێتەوە و سنوری ڕێز گرتنی یەکتر لە ئازادی دەرونی تاکەوە بەدی دێت و دەبێتە کاری ئاڵوگۆڕی بەرامبەر و کۆمەڵ دەبێتە کۆمەڵێکی ئازادی سنوردار لە بواری ژیانی شارستانی و کۆمەڵایەتی‌دا.

لە ژمارە (12)ی رۆژی 2002/12/22 ڕۆژنامەی جەماوەر بڵاوکراوەتەوە.

# ڕاونەکردن" مەرجە بۆ پاراستنی ژینگە

لە سەردەمی رژێم دا هیچ ئازادییەك نەبوو تا مرۆڤ بتوانێ هەستەکانی ناخی خۆی دەرببڕێت و ویستەکانی بەدیبهێنێ و حەزەکانی پیادە بکات بەهۆی هەل و مەرجی سیاسیو ئاستی ووشیاری و کۆمەڵایەتی و شارەزا نەبوون لەمافی گیاندارانی تر جگە لە مرۆڤ لە ئارادا نەبووە, بگرە بە ویستی داگیرکەران مرۆڤیش هیچ بەهاو نرخێکی نەبوو.

هەرچەندە سیاسەتی دژ بە بزووتنەوەی کوردایەتی گوندەکان راگوێزرابوون و ناوچەیەکی فراوان چۆڵ بوو بوو کەسی تیادا نەدەژیا, هەڵگیرسانی ئاگری شەڕی ((عێراق – ئێران)) و بۆردومان کردنی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان چەندین هەزار گیانەوەری کێوی تیاچوون یان ناوچەکەیان بەجێ هێشت. لە دوای ڕاپەڕینی 1991 گوندنشینەکان گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان جارێکی تر ڕاوکردن دەستپێکردەوە بۆیە ڕاوکردن و کاری دژ بە ژینگە بە زۆری لە لادێکاندا دەکرێت, هەرچەندە شاریش لەم کارە بێبەش نییە لە لادێکاندا ئەمانە دەگرێتەوە:-

1-خەڵکی گوندنشین زیاتر بەکاری راوکردن هەڵدەستن لەبەر نزیکی ناوچەکەیان لە شوێنی ڕاوکردنو بوونی زۆری گیانەوەری کێوی و پەلەوەر لەو ناوچانەدا.

2-زۆرجار: نەشارەزایی یان بێئاگایی و کەم تەرخەمی لەلایەن هەندێ کەس ئاگر دەکەوێتەوەو پوش و پاوانەکان دەسوتێن و بە هۆیەوە نزارو پەلەوەرو گیانداری زۆر لەناو دەبرێن.

3-راوکردن وەك نەریتێکی لێهاتووە لای هەندێ کەس کە بەردەوام پێی هەڵدەستن.

4-باری کۆمەڵایەتی زیاتر زاڵە بە هۆی خزمایەتی و نزیکیو ناسیاوی کە لەسەر ڕاوکردن بێدەنگ دەبن.

5-هەندێ کەس پشت ئەستور بە لێپرسراوان ڕاو دەکەنو حساب بۆ یاسا ناکەن، هەرچەندە بۆماوەی چەند ساڵێکە ڕاوکردن قەدەغەکراوەو یاسای بۆ دانراوە و ڕێکخراوی ژینگە پارێزی دروست بوون بۆ کەم کردنەوەی ئەم دیاردە دزێوە حکومەتیش هەموو ساڵێك ئاگاداری هاوڵاتیان دەکات کە ڕاوکردن قەدەغەیە تا سامانی نیشتمانی بەهەدەر نەڕواو گەشە بکاتو ژینگە جوانتر بکات، هەرچەندە هەوڵی زیاتری دەوێت بۆ بنەبڕکردنی ڕاوکردن و جێبەجێ کردنی یاسای پێویست بەو لایەنە، پێویستە حکومەت بە هاوکاری گشت لایەنەکان و ڕێکخراوە پیشەییەکانو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن میکانیزمێك دابنێت بۆ هاوکاری یەکتر لەم بارەیەوە و ووریاکردنەوەی خەڵکی تا ڕاونەکەن، گەر سەرپێچی کرا چاوپۆشی لێنەکرێت، جا هەر کەس هەستا بە (ڕاوکردن و لەناوبردنی دارێك، پەلەوەرێك گیاندارێکی کێوی) دەست نیشان بکرێت و لێپرسینەوەی تەواوی لەگەڵ بکرێت یان زیندانی کردن یان وەرگرتنی پارەیەکی زۆر لە جیاتی هەر ئاژەڵو باڵندەیەك کە ڕاو دەکرێت بۆئەوەی کەس پێی هەڵنەستێ.

6-پێویستە یاسا بۆ هەمووان وەك یەك جێبەجێ بکرێت و جیاوازی نەبێت لە چەسپاندنیدا لە پێناو کوردستانێکی جوانتر و گرنگیدان بەهۆکارەکانی جوانکردنی ژینگە.

بڵاوکراوەتـــەوە لـــە ڕۆژنامـــەی (ڕای گشـــتی) ژمـــارە (16)ی ڕۆژی 2002/7/21.

# گۆڕانەکان و ئاستی ژیانی کرێکاران

گومان لەوەدا نییە کە بارودۆخەکان ئاوێتەی یەکتر دەبن و کاریگەر لەسەر ژیانی کۆمەڵ دادەنێن. جا ئەو بارودۆخانە چ سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی بن، بەپێی هەلومەرجی چۆنیەتی هێزی کارو کاردانەوەی لەسەر ئاستی بەرهێنان لەهەر کۆمەڵگایەکدا بێت.

لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵات بە گشتی شێوازی زۆری لە بەرهەمهێنان و ناڕێکی لە دابەشکردنی پەیڕەو کراوە لەسەر ئەو بنەمایەی کە هێزی کارگەر کە قورسایی بونیادنان و گەشەکردنی ئابوری لەسەر بووە هەمیشە کەمترین سوود بەر ئەوان کەوتووە و دەتوانم بڵێم لە شێوازی کۆیلەی بەر لە چاخەکانی ناوەڕاستی ئەوروپادا بووە، بەڵام بەڕەنگێکی تر جا ئەگەر سەرنج لە ڕەوتی مێژووی مرۆڤایەتی بدرێت لە ناوچەکەدا هەمیشە بۆتە پێوەرێك و تای تەرازوو، وە کە بەلای کرێکاراندا سووك کەوتۆتەوە، ئەوەی من دەمەوێ لەسەری بوەستم و ئاماژەی پێبدەم بارودۆخی ژیانی کرێکارانە لە ماوەی چەند گۆڕانێکی نزیك لە مێژووی سیاسی گەلەکەماندا و نزمی ئاستی ژیانی کرێکارانی کوردستان تیایدا، پێش ڕاپەڕین لە سایەی ڕژێمی سەرکوتکەر و پێشێلکەری مافی گشت تاکێك، گەورەترین ماف لە کرێکاران سەندرایەوە بە نەهێشتنی چینی کریکاران و گۆڕانی ناونیشانەکەیان بۆ فەرمانبەر بەڵام لەگەڵ گۆڕینی ناویاندا بژێوی و شێوازی کارکردنیان هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهات و

بگرە ئەرکیان قورستر بوو کورد گوتەنی (ناوی زل‌و دێی وێران) لە پاش ڕاپەڕینیش بەهۆی بوونی گەمارۆی ئابوری لەسەر عێراق‌و چەند گەمارۆیەکی تری ڕژێمی بەعس لەسەر کوردستان و بێکاری و گرانی، ژیانی خەڵکی کوردستانی ئاڵۆزتر کردبوو بەتایبەت کرێکاران چونکە کاری گرانی کرێکار لە بەرامبەر نرخێکی بێ بەهاو کەمدا وەهای کردبوو پەیوەندی کۆمەڵایەتی و تەنانەت هاوسەرێتی لاواز کرد بوو، لە پاش دەرچوونی بڕیاری 986 نەتەوە یەکگرتووەکان نەوت بەرامبەر خۆراك، دیسان کرێکاران و فەرمانبەرانیش ئەرکی قورس کەوتە سەر شانیان.

هەروەها لە پاش پرۆسەی رووخانی بەعس لەلایەن هێزی هاوپەیمانان، ئەوەی بووە گۆڕانێکی سەیرو لە پڕ گرانبوونی حەقدەستی کاری کرێکار و کەمی دەستی کار تاوای لێهات زۆر لە خەڵکی بەخیلیان بەژیانی کرێکار دەبرد، کە کرێکار رۆژانە گەیشتە (80-90) دینار چاپی کۆن. بەڵام واڵاکردنی سنوورەکانی کوردستان بۆ وەگەڕخستنی هێزی کار لەلایەن دەوروبەرەوە چونکە بە لێشاو کۆمپانیاکان بەکرێکارەوە روویان لە کوردستان کرد و ئەم هەلەشیان لەبەردەم کرێکاردا نەهێشتەوە، چونکە بەکەمتر کاردەکەن و کرێکارانی خۆشمان بێکار دەبن، بۆیە دەکرێت پێ بەو ڕاستیەدا بنێن‌و بڵێین لەگشت گۆڕانەکاندا ئاستی ژیانی کرێکاران لە خراپیدا بووە و ئەو کارە پێویستەیان کە جێی دڵخۆشی بێت بۆیان نەکراوە.

12ی ئابی 2004 لە ڕۆژنامەی کار بڵاوکراوەتەوە.

# یەکگرتنی ڕۆژنامەنووسان و چەند سەرنجێك

ماوەیەکە لە ڕووپەری ڕۆژنامەکانی هەرێمی کوردستان دەنگوباسی ئەوە بڵاودەکرێتەوە کە هەردوو ڕێکخراوی (یەکێتی ڕۆژنامەنوسانی کوردستان) و (سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان) فیدراسیۆنێکی تایبەت بە ڕۆژنامەنووسان دروست بکەن بە یەکگرتنیان.

دیارە ئەمە هەنگاوێکی باشە بۆ زیاتر نزیکبوونەوەی ڕۆژنامەنووسان و کۆبوونەوەیان لە ڕێکخراوێکی فراوان و خاوەن بڕیاری سەربەخۆ بە هەستکردن بە لێپرسراوێتی بەودانان و پیادەکردنی ڕەوایەتی لە دەسەڵاتی چوارەمدا, بە ئەرکێکی گەورەی نیشتمانی و نەتەوەیی دەزانم بەوەی کە هەموو ڕۆژنامەنووسان بە گیانێکی هاوچەرخانە و کوردانە بڕیار لەسەر یەکگرتن بدەن و هەموو جۆرە بیروڕایەکی تایبەتی و ئایدۆلۆژیا بە چاوێکی جیاوازتر ببینن و هەموومان لە سەنگەری قەڵەمی ڕاست و دەرخستنی لایەنە باش و خراپەکانی کۆمەڵگاکەماندا بین تا هەنگاوەکانی بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگە بەرەو مەدەنی و دیموکراسی باشتر لە ڕەوتدا بێت, بەڵام لەم یەکگرتنەدا چەند سەرنجێکم هەیە خۆزگە بەهەند وەربگیرێت و سەرنجەکانم ببنە مایەی تێبینی لای هەردوو ڕێکخراوەکە:

1–زۆر ڕۆژنامەنووس هەیە مافی خۆیەتی کە ئەندام بێت لە ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسان, بەڵام بەهەر ئیعتیبارێکی گشتیو تایبەتی

بێت تا ئێستا لە هیچ لایەك ئەندام نییە, وا باشە حسابێك بۆ ئەوانە بکرێت و بانگەشە بکرێت بۆ بە ئەندام کردنیان.

2-با لەم یەکگرتنەدا هیچ لایەك پێدانەگرێت لەسەر ئەوەی زۆرترین بڕیارەکانی بچەسپێنێت.

3-با کۆنگرە بیروڕاکان کۆبکاتەوە و لە بەرنامەیەکی جواندا پەیڕەو دروست بکرێت.

4-هەوڵ بدرێت بۆ دابینکردنی بژێوی و بواری خزمەتگوزاری بۆ ڕۆژنامەنووسان بەتایبەتی ئەوانەی سوودمەند نەبوون لە بوارەکانی زەویو زارو خزمەتگوزاری.

5-پێویستە داکۆکی بکرێت لەو کەسانەی دەبنە ئەندام لە کاتی پێویستدا لەسەر ڕەوایی پشتگیریان لێبکرێت و هەروەها ڕۆژنامەنووسانیش لەوە ئاگادار بکرێنەوە کە لە یاساکانی ڕۆژنامەنووسی تێنەپەڕن.

لە کۆتایدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کار بەیەك دەنگی و یەك هەڵوێستی ئەنجام دەدرێت بە تایبەتی بوارێکی گەورە و بە ??????? ڕۆژنامەنووسی بۆ ئەوەی کۆمەڵگە لە ئاوێنەی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکانەوە باشترو جوانتر خۆی ببینێتەوە, ڕۆژنامەنووسانیش پێویستە هەمیشە بێگەردی ئەو ئاوێنەیە بپارێزنو نەیەڵن تەڵخ ببێت.

لە ژمارە (3117) ڕۆژی 2003/7/14 کوردستانی نوێ بلاۆکراوەتەوە.

# ڕێزلێنان لەڕۆژنامەنووسان

لەکوردستاندا زۆر بڕیاری باش دەرچوون کەخزمەت بەچین وتوێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری دەکەن. دەتوانم بڵێم زۆر لەو بڕیارانەش پێویستیان بەوردبوونەوەو خوێندنەوەو لێزیادکردن هەیە تا بتوانرێت بەشێوازێکی گونجاو ترو باشتر یاسای مەبەست ئامانجەکانی خۆی بپێکی لەو بڕیارانەش کەهەنگاوێکی مەزنە بۆ خزمەتکردنی بەشێك لەو کەسانەی خۆیان سەرقاڵکردووە بەبواری نووسین و هونەرەوەو کارەکەیان خزمەتە بەپێش خستنی کۆمەڵی کوردەواری رووەو کۆمەڵگایەکی شارستانی و مۆدێرن چەند ساڵێك بەر لەئێستا لەهەردوو ئیدارەکەی کوردستان بەشێوەی جیاواز بڕیاری پاداشت بەنوسەرو هونەرمەندان دەرکرا لەگەڵ ئەوەی بڕیارەکە هەنگاوێکی باشە بەلاّم پڕە لەکەموکوڕی چونکە تەنها چەند کەسێك دەگرێتەوەو ئەو لیژنانەی دیاری کراوە بۆ ئەم مەبەستە چەند ئیعتبارات لێکدەداتەوە کەلەخزمەتی بڕیارەکەدا نییە لەدوای ڕاپەڕین قۆناغێکی نوێ لەبواری ئەدەبو هونەرو گشت کایەکانی مەعریفەدا جموجولێك و گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتووە بەلاّم بڕیارەکە لەقۆناغی یەکەمدا تەنها بۆ ئەو نوسەرو هونەرمەندانە بوو کەپێش ڕاپەڕین کاریان کردووە جا کام کارو چۆن کارێك تەنها لیژنەکان دەتوانن بڕیاری لەسەر بدەن بۆ ئەم بڕیارەش جارێ روون نییە چۆن کار دەکرێ، سەیر لەوەدایە کەس هەیە لەحەوت لاوە موچە وەردەگرێ و ڕێزلێنانیشی بەجۆرێك بۆ دیاری کراوە بۆتە

پاشای حەوت شاران بەجۆرێکیتر هەیە گەنجێکی داهێنەرەو خزمەتێکی گەورەی کردووە بەڵام بەپێی سالانی خزمەت پاداشتەکە نایگرێتەوە، جگە لەمانەش لەبڕیارەکاندا تەنها ناوی نووسەران و هونەرمەندان دێت و ناوی ڕۆژنامەنووسان ناخرێتە ناو بڕیارەکانەوە ئەگەر ڕۆژنامەنوس بەنووسەر بدەنە قەڵەم ئەمە غەدرێکە لەڕۆژنامەنووسان دەکرێت ڕاستە نزیکیەك هەیە بەڵام دوو کاری جیاوازن و ڕۆژنامە نووسی قورسترو پڕ کێشەترە، من ئەم کەم تەرخەمییەی بێبەش بوونی ڕۆژنامەنووسان دەگەڕێنمەوە بۆ سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کەتا ئێستا هیچ هەوڵێکیان نەداوە بۆ دانانی بڕیاری پاداشت کردنی ڕۆژنامەنووسان لەگەڵ ئەوەی خەڵکانێکی زۆر کراون بەئەندام لەم سەندیکایەدا کەنەڕۆژنامەنووس و نەشایستەشن ناسنامەیان بۆ دروست بکرێت، کاتی ئەوە هاتووە ڕۆژنامەنوسانیش بڕیاری ڕێزلێنان بیانگرێتەوە تا باشتر بوارەکە گەشە بکات و ڕۆژنامەنوسانیش بەو مافە ڕەوایەیان شاد بن.

لە ژمارە (14) ڕۆژنامەی نێوەند ڕۆژی 2005/3/3 بلاوکراوەتەوە.

# پێشانگاکانی قوتابخانەکانی دەرەوەی شارو چەند تێبینییەك

وەك دەزانین هەموو ساڵێك بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی سلێمانی، بەشی چالاکی هونەری، قوتابخانەکانی دەرەوەی شار ئاگادار دەکاتەوە بۆ کۆکردنەوەی پێشانگای ساڵانەی هاوبەشی قوتابخانەکان و خوێندنگاکان، دیارە بوونی چالاکی هونەری و ئەنجامدانی کاری کردنەوەی پێشانگا خۆی لە خۆیدا کارێکی چاکەو بڕوا ناکەم هیچ کەس بەخراپی بزانێت، بەڵام چۆنێتی کردنەوەی پێشانگاکان و چۆن بەرنامەی بۆ دادەنرێت و لەچ ئاستێکدا بووە پێویستە هەڵوێستەیەك بکەین و بە چاوێکی هونەریانە ئەم پیشانگایانە هەڵسەنگێنین، بەڕای من پێشانگا دەرخستنی ووزەو توانای بەهرەی بچووکە و هاندانیان بۆ گەشەکردنی بەهرەکانیان تا لەگەڵ تەمەنیاندا ئارەزوو خولیایان گەورە بن و چرۆکانی ئەمڕۆ ببنە خونچەو گوڵی بۆن خۆش، ئەمە لە کاتێکدا دەبیت کە بە بەردەوامی کاری هونەری خۆیان ببینن و زیاتر هان بدرێن جا کەواتە پێشانگاکان بۆ کێ و بۆچی دەکرێنەوە ؟

هەموو سقوتابخانەکان و خوێندنگاکان کە بەرهەمەکانیان کۆدەکرێنەوە تەنها منالانی ئەو شوێنەی کە پێشانگاکەی لێ دەکرێتەوە بەرهەمەکان دەبینن ئەویش ئەگەر ڕێیان پێ بدرێت سەردانی پێشانگاکان بکەن و بەکەمی ببینن، بێگومان منالانی گشت قوتابخانەکانی تر بێبەش دەبن لە بینینی بەرهەمەکانی خۆیان و هاوتەمەنەکانیان، بەلام لەناو شاردا پێچەوانە و باشتر، لە دەرەوەی شار لەبەر ئەم هۆیانە منالان ناتوانن پێشانگاکان ببینن.

1-دووری ڕێگای گوندەکان لە شوێنی پێشانگاکە.

2-زۆری کرێی هاتووچۆ.

3-مەترسی ڕووداوو کارەساتی ڕێگا وەك ئوتومبیل و مەترسی مین.

4-بوارنەدان لەلایەن کەسوکاری قوتابیان و خوێندکاران.

5-ڕێزنەگرتن و پێشوازی نەکردنی منالآنی ئەو شوێنانە لەبەر خاتری گەورەکان.

لەلایەکی ترەوە وەك بینومانە زۆر لە مامۆستاکانی وانەی هونەری قوتابخانە و خوێندنگاکان ئیشەکانی خۆیانی تیا نمایش دەکەن, ئەم کارەشهیچ پەیوەندییەکی بەکاری منالآنەوە نییە, ئەو بەڕێزانە ئەگەر نمایشی تایبەتی خۆیان بکەن زۆر باشترە لەوەی بەناوی پێشانگای قوتابخانەکان و خوێندنگاکان بەرهەمی خۆیان بەدەرخەن. زۆرجار وا ڕێکەوتووە هەندێ لە قوتابخانەکان بۆ چەند جارێك هەر ئەو فایلەی وێنەکانی لەسەر دانراوە بەشداری پێ دەکەنەوە تەنها لەبەرەئەوەی بڵێن فلأن قوتابخانە بەشداری کرد.

ئەمانەی باسمان کردن هەموو لەناو پێشانگاکاندا دەبینرێت, جا بۆ باشتر کردنی کارەکان داوام وایە لێپرسراوان و دڵسۆزانی ئەم بوارە ڕەچاوی ئەم بابەتانە بکەن, هەرچەندە هیچ جۆرە کەمتەرخەمییەك لەوانەوە نییە لەبەر کەمی کادری پسپۆر و نەبوونی بودجەی تایبەت بە پێشانگاکان بەم شێوازەی ئێستا پێشانگاکان دەکرێنەوە, هەق وایە وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردە بڕی بودجەی دیاری کراو خەرج بکەن بۆ ئەو قوتابخانەو خوێندنگایانەی پێشانگای ساڵانە دەکەنەوە جگە لەوە قوتابخانەکان ئاگادار بکرێنەوە کە تەنها بەرهەمی قوتابیان و خوێندکاران نمایش بکرێ, مەرجیش نییە هەموو پێشانگایەك کەسی لێپرسراوی تایبەت بە بواری پێشانگا سەردانی شوێنی پێشانگاکە بکات, ئەوەی ئامانج و ئەنجامە لە کردنەوەی پێشانگاکان دەرخستنی ئیش وکاری قوتابیان و خوێندکارانە بۆئەوەی باشتر هاوکاری بکرێن و پشتیوان بین لەسەرخستنی تواناو بەهرەکانیان بۆ ئایندەیەکی گەشتر.

# لە خولە پەروەردەییەکاندا فریاکەوتنە سەرەتاییەکان فەرامۆش دەکرێ !

زۆرجار بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەشەکانی ئامادەکردن و ڕاهێنان, هەستاون بە کردنەوەی خولی بەهێزکردنی مامۆستایان لە بوارەکانی زانستیو پەروەردەییو دەرونی و شێوازەکانو ڕێگاکانی ووتنەوەی وانەکان, دیارە ئەم خولانە کەڵکی زۆریان هەیە دەتوانین بڵێین پرۆسەی پەروەردە بەم خولانە بەرەوپێش دەچێت و هەنگاوی هاوچەرخ دەنێت بۆ ئەم کاتە کە پێمان ناوەتە چەرخێکی جەنجاڵی زانستی لە هەزارەی سێیەمدا.

هەرچەندە هیچ شتێك بێ کەموکورتی نابێت بەتایبەت لەو خولانەدا زۆرجار تایبەتمەندی و حسابی جیاواز کراوە بۆ نمونە هەبووە چەند جارێك خولی بینیوە هەشبوە هیچ بەشدارییەکی نەبووە, جگە لەو خولە درێژخایەنانەی کە بۆ سەرجەم مامۆستایانی کوردستان بوو, بەڵام ئەویش کە نازانێت چ بەربەستێك و ڕێگرێك هاتە بەردەم لەمپەری بەردەوامبوونی بۆیە ڕاوەستاو نەیتوانی بڕوات بەڵام ئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشاوە لە هەموو خولەکاندا بە خولە درێژخایەنەکانیشەوە ئەوەیە کە هیچ لەو خولانە تا ئێستا بایەخی بە خولی فریاکەوتنی سەرەتایی نەدراوە, کە پێم وایە بۆ هەموو مرۆڤێك پێویستە چجای ئەوەی مامۆستایان توشی زۆر حاڵەتی فریاکەوتنی سەرەتایی دەبن لەناو قوتابخانەو خوێندنگاکانو دەرەوەی خوێندنگاو قوتابخانەکانیش هەر لە کەوتنی قوتابی لە قوتابخانەدا تا دەگاتە بێهۆش بوونو کەوتنە

**ناو ئاوو گڕگرتنی سۆپاو عەلادین لە پۆلی خوێندندا و بەرکەوتنی ئۆتۆمبیل و ...هتد.**

**جا مەرج نییە ئەم خولانە هەر بۆ مامۆستایان سودی هەبێت بەڵکو وەك وانەکانی تر دەگوازرێتەوە بۆ قوتابیانو منالأنیش لێی بە ئاگادەبنو دەتوانین بڵێین بە گشتی خەڵکی کەڵکی لێ وەردەگرن, بۆیە هەقە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاوڕێك لە خولەکانی فریاکەوتنی سەرەتایی بداتەوە لە ئەنجامدا بکرێتە بەرنامەی خولەکانەوە, جگە لەوەش پێویستییەکانی فریاکەوتنی سەرەتایی بۆ قوتابخانەکان دابین بکرێت هەر لە دەرمانخانەی قوتابخانەو ئاگر کوژانەوەو ..هتد.**

**هیوادارم ئەم داوایە بێتە دیو کاری پێویستی بۆ ئەنجام بدرێت تا ئازارەکانی هەندێ ڕووداوی کتوپڕ کە ڕوودەدەن کەم بکرێنەوە بەهۆی گرنگی دان بە فریاکەوتنی سەرەتایی.**

بلاّوکراوەتەوە لە ڕۆژنامەی (ڕای گشتی) ژمارە (17) ڕۆژی 2002/7/28

# کام هەڵسەنگاندنی مامۆستایان

هەڵسەنگاندن لە هەموو بوارەکاندا گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە لە دیاری کردنی چۆنێتی و چەندێتی و دیاری کردنی ئاستو ئەنجام.

جا ئەگەر کاری هەڵسەنگاندنەکە بەپێی پێوەری ڕەوایی جێی خۆی بگرێت, ئەوا مافی تەواو دەدرێت بەو کارەو ئاستەکە دیاری دەکات. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجو تێڕامانە لە بواری هەڵسەنگاندنی ساڵانەی مامۆستایانی سەرەتایی کەموکورتی زۆر بەدی دەکرێت کە ئەرکی سەرپەرشتیارانی پەروەردەییە لە ساڵەکەدا کە بۆ هەر مامۆستایەك ئەنجامی دەدەن. فۆڕمی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە دانراوە بۆ هەر بوارێك لە بوارە پەروەردەییەکان نمرەی دیاری کراوی بۆ تەرخان کراوە بەڵام گەر بە ووردی سەرنج لەو جۆرە هەڵسەنگاندنانە بدەین جێی ڕازو گلەیی زۆربەی مامۆستایانە چونکە مافی خۆیان نادرێتیّ و ناڕێکی و نا یەکسانی لەو هەڵسەنگاندنانەدا ڕەنگی داوەتەوە و بوارەکان بەبیّ ئاگاداری بەڕێوەبەری قوتابخانەکان لەلایەن سەرپەرشتیارەوە دیاری دەکرێت و نمرەی بۆ دادەنرێت.

هەرچەندە بەڕێوەبەری قوتابخانە شارەزایی لە ئاستو دەوامی مامۆستا و بوارەکانی زانستی و پەروەردەیی و دەرونی زیاترە لەسەر ئەو مامۆستایانە کە سەرپەرشتیار هەڵیاندەسەنگێنیّ, سەرپەرشتیار ئەگەر لانی زۆر ساڵانە (3) جار سەردانی قوتابخانەکان بکات بەڕێوەبەر

هەموو ڕۆژانی دەوام ئاگای لە هەموو بوارەکانی مامۆستایان هەیە کە پەیوەستن بە هەڵسەنگاندن کە پرس وڕا بە بەڕێوەبەر لەو کاتەدا هەڵسەنگاندنەکە باشتر دەبێت لەوەی سەرپەرشتیار خۆی نمرەی هەڵسەنگاندنەکە دابنێت, لەو کاتەدا سەرپەرشتیارو بەڕێوەبەر هاوکاربن بۆ هەڵسەنگاندن دەبێ ڕێبازی زانستی و پەروەردەیی ڕەچاوبکرێت, تا هەڵسەنگاندنەکە حەقی خۆی وەربگرێت, بەلام بەداخەوە ئەو جۆرە هەڵسەنگاندنانەی ئێستا دەکرێت هیچ مامۆستاو بەڕێوەبەرێك ئاگادار نابێت تا لە پۆستەی قوتابخانەکەدا دەبینن هەڵسەنگاندنێکی ناڕەوا و بێ هیچ پێوەرێك دیاری کراوەو زۆر گلەیی و گازندە لەسەرپەرشتیاران دەکرێت, بۆیە کاتی ئەوە هاتووە چاو بخشێنینەوە بەو جۆرە کارانەدا بۆئەوەی مامۆستایانیش بڕوا بەوە بهێنن کە هەڵسەنگاندن جۆرێکە لە بینینی کارەکانیان لەتای تەرازووی پەروەردەدا نەك وەك ئێستا بێت کە شێوازە کۆن و بەسەرچووەکان پەیڕەو دەکرێت.

لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ پاشکۆی پەروەردە و زانکۆ ڕۆژی 2002/11/5 بلاوکراوەتەوە.

# گەشەپێدانی پرۆسەی پەروەردە

لە دوای ڕاپەڕینی گەلەکەمان لە ئازاری (1991) و هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان, جارێکی تر چاوی هیواو ئومێد بە ئایندەی گەلەکەمان گەشتر بوو, بۆیە گرنگی زۆر درا بەگشت بوارەکانی ژیانی کۆمەڵی کوردەواریی, بە تایبەت ئاوەدانکردنەوەی هەموو ئەو گوندانەی کە ڕژێمی رووخاوی بەعس بە مەبەستی دابڕینی مرۆڤ لەزێدی خۆی و نەمانی هیچ ئینتمایەك بۆ خاك, ڕایگواستبوون و سەرجەم خەڵکی گوندەکانی خستەناو دیوار و پەرژینی وەهمەوە تا پڕیشکی شۆڕش و کوردایەتی لە خۆی دوور بخاتەوە و هەرەس بە بیری شۆڤێنی و چەوسێنەرانەی بەعس نەهێنرێت, بەڵام تروسکەی ئەم کوردایەتییە بووە ئەو مەشخەڵەی هەموو قوژبنێکی کوردستانی گرتەوە و خەونی ناحەزی داگیرکەرانی تاساند لە گوندەکاندا خوێندنگەو وانەی عەشقی ئازادیی و جوانیی کوردستان بە چاوو دڵی منالأن ئاشناکران و مامۆستایانی خەمخۆر بە بیری وردو دڵی پڕ لە خرۆشی ئازادیی مندالأنی کوردستانیان فێرکرد کە سەری بەرز بۆ هیچ ئاستەنگێك نەوی نەکەن.

لەگەڵ ئەم هەموو کارە باشانەی کە بۆ پەروەردەکراوە و دەکرێت حکومەت بەر لەکردنەوەی دەرگای خوێندنگەکان لە ساڵی ئایندەدا چاوێك بە کەمیی خوێندنگەکاندا بخشێنێتەوە لەچاو زۆریی ژمارەی خوێندکاران بە تایبەتی لە شارو شارۆچکەکان تا مندالأنی کورد

بەباشی وانەکان فێربن, هەروەها چاوێك بەو خوێندنگانەدا بگێڕێت کە دوو دەوام و سێ دەوامیان تێدایە, واتە پرۆسەی پەروەردە گرنگیی زیاتری پێبدرێت و هەنگاو بنرێت بۆ گەشەکردنی بە زیادکردنی مووچەی مامۆستایان و دابینکردنی دەرماڵەی هاتوچۆ بۆیان و خانەنشینکردنی ئەو مامۆستایانەی توانای پەروەردەکارییان کەمبووەتەوە, جگە لەمانەش گرنگی بدرێت بەوانەکانی کۆمپیوتەر و ژوورەکانی وانەی هونەر و تاقیگە, دڵنیام ئەو ئاواتانەی کە نەوەی نوێ بۆ ئایندەیەکی گەش و پڕ لە ژیاریی و خۆشی خوازیارییەتی لە ئەجێندای کارەکانی ساڵی داهاتووی حکومەتی هەرێمدا دەبێت.

لە کوردستانی نوێ ژمارە (3604)ی ڕۆژی 2005/2/23 بڵاوکراوەتەوە.

# با ناوەکانمان کوردی بن

ئەگەر بە ووردی سەیرێکی خۆمان و شتەکانی دەوروبەرمان بکەین, بۆمان دەردەکەوێت کە هەر کەسە و هەر شتە لەوانە ناوێکەی بۆ دانراوە جا گیانەوەر بێت یان ڕووەك یان بێگیان جا کەواتە ناونانی هەموو ئەمانە بۆ چییە؟!

لەوەلامدا گەر بڵێین بۆ ئەوەیە مرۆڤو شتەکانی پێ بناسینەوە و لە یەکتریان جیابکەینەوە هەر بۆیە پێویستە ناوی گونجاوو جوانو وەرگیراو لەو ژینگەو کۆمەڵەی کە مرۆڤەکەی تیا دەژی ناوەکە دابنرێت بۆیە بەتەنها ناوی مرۆڤ دەبەم چونکە مەبەستی سەرەکی بابەتەکەی من ناوی مرۆڤی کوردە ناولێنانی منالی کورد بە ووشەی بێگانەو نەگونجاو لەگەڵ زمانو هەلومەرجی کوردەواری بۆ هەندێ تایبەتمەندو هۆکاری بابەتی دەگەڕێتەوە لەوانە ئاستی هۆشیاری باوكو دایکی منالەکەو زاڵ بوونی کەلتوری ئاینی بەسەر کۆمەڵداو بەناڕەوا دانانی ئەو ناوانەی جگە لە قورئانی پیرۆز باسی لێوەکراوە کە ئاینی ئیسلام هیچ ئامارژەیەکی بەوە نەداوە ناوی چی لە منالەکانتان بنێن جگە لە ناوی شیاو بەپێی هەلومەرجی کۆمەلایەتی, ناو لەهەناوی کۆمەلایەتی دێتە دەرێ و ئەلکێنرێت بە مرۆڤێکەوە بە نموونە گەر سەیرێکی ناوەکانی ناو کۆمەڵگەی عەرەبی بکەین لە پێش ئیسلام و دوای ئیسلام زۆر ناو هەبوون وەك (باوکی پشیلە) کە پیاو چاکێکی ئاینی ئیسلامەو چەند لە ووتە بە پێزەکانی (محمد د.خ) گێڕاوەتەوە و لە فەوتان ڕزگاری کردوون زۆرجار ناوەکە وەك ئاوەڵناو بۆ ناوە ڕاستییەکە یان ڕەوشتێکی ئەو کەسە بووە کە خزمەتی زۆری پشیلەی کردووە یان وەك

(عوسمان) به مانای (تولەمار) گەر ناوەکە وەربگێڕین بۆسەر زمانی کوردی بە کەس بڵێی تولەمار بێ گومان بەگڕا دەچیو پێی ناخۆش دەبێ کەچی سەدان کەس لەم وولاتەی ئێمەدا ناویان تولەمارەو بە ناڕستەوخۆ بانگیشیان دەکەنو کەسیشیان ڕۆژێ لە ڕۆژان لە کەس توڕە نەبووە, جا کە ئێمە خاوەنی ئەو هەموو دابو نەریتو ناوی چیاو دەشتو نشێوو دۆڵو کانیاو و داستانی مێژوویی و نەتەوەیی بین بۆچی ناوی وا لەمناڵی کورد بنێین کە هیچ جۆرە پابەندیەکی نەبێ بە ئاین و کۆمەڵو شێوازە زانستیو بەها ڕەسەنەکانی مرۆڤی کورد.

ماوەیەك بەر لە ئێستا کتێبێکم لەسەر سەلاحەدینی ئەیوبی خوێندەوە کە بە زمانی عەرەبی نوسرا بوو لەو کتێبەدا کوردی بوونی سەلاحەدین باس ناکات, لەگەڵ چەند کەسێك باسم کرد ئەوانیش وەك من پێیان ناخۆش بوو کە هەقی کورد بخۆن بەوەی ئەو پیاوە گەورەیەی کوردی موسوڵمان بکەن بە عەرەب, پێم وایە گەر ناوی سەلاحەدین ناوێکی کوردی بوایە برا عەرەبەکان نەیاندەتوانی نکۆڵی لە کورد بوونی بکەن.

بۆیە زۆر گرنگە ناو وەك بینەرێکی ڕاستی خۆی نیشان بداتو بیسەلمێنێ کە سەر بە چ نەتەوەیەکە, لەم سەردەمەدا کە دنیای شارستانیو دیموکراسی و سەرفرازی گەلانو سەردەمی بچووك بوونەوەی جیهان بۆ گوندێك لەم ماوەیەداو پێش ڕووداوەکەی (9/11)و گۆڕانەکانی دنیا کوردێکی خۆ بە ڕەۆشنبیر زان مناڵەکەیان ناو دەنێن (ئوسامە) تۆ بڵێی لە دوای ئەوەی ئوسامە لە هیچ قوژبنێکی دنیادا جێی نەبێتەوە ئەو مناڵە بێ تاوانە گوناهی چی بێت کە ناوی دڕندەیەکی لەو جۆرەی لێ بنێن.

خۆزگە هەمووومان دوور کەوتینایەوە لە نەریتی بێگانەو پابەند بووینایە بە نەریتی ڕەسەنی هاوچەرخی کوردی و با لە ناوەکانمانەوە دەست پێ بکەین.

لە ژمارە (18)ی گۆڤاری (كریف)ی تەموزی 2002 بلاّوكراوەتەوە.

# مەلا جمیل ڕۆژبەیانی خاوەن قەڵەمو هەڵوێست

ئەم جیهانە فراوانەی كە ئێمە ی تیا دەژین هەروا بەئاسانی مرۆڤ نەگەیشتۆتە ئەم قۆناغەی ئێستا تیایدا دەژی, بەڵكو بەروئەنجامی ماندووبوونو قوربانی گیانی سەدانو هەزاران مرۆڤی هۆشمەند بووە لەم گەردوونەداو تەنانەت زۆر لە زانایان و داهێنەران تووشی ناخۆشی و تەنانەت لەناوچوونیش هاتوون بەهۆی دەربڕینە كاراكانیان لەناو ژینگەی ژیانی ناو كۆمەڵەكانیاندا وەك (مەنسوری حەلاج) كە هەڵواسرا یان وەك (برۆ نرۆ) كە لەگەڵ كتێبەكانی سوتێنرا یان وەك (سوقرات) كە ژەهر خوارد كرا, ئەمانە نمونەی خەڵكانی داهێنەرن لە جیهاندا كە تووشی ئازارو مەینەتی هاتوون بەهۆی ووتەی ڕاست و بیرە دەوڵەمەندەكانیانە وە سەدانی تریش هەن لە مێژووی مرۆڤایەتی دا كە لە ووتارێكی ئاوا كورتدا ناتوانین هەموو لاپەڕەكانی مێژوو هەڵبدەینەوە, لە كۆمەڵی كوردەواریش دا لە نمونەی ئەو جۆرە كەسانەمان زۆرن كە لەسەر دەربڕینی بیروڕاو هەڵوێست تووشی ئازارو لەناوچوون هاتوون وەك نووسەر (عبدالخالق معروف) یان وەك (مەنگوڕی) نووسەر كە بۆ چەند جارێك شاردرایەوە و دوورخرایەوە هەر لەسەر بیرە ڕەواكانی بوو.

پێش ڕاپەڕینە مەزنەكەی گەلەكەمان لەسەر دەستی فاشیەكان چەندین مرۆڤی شارەزاو بەتوانای نەتەوەكەمان تووشی ئازار چەشتن بوون یان سانسۆریان دەخرایە سەر زۆریشیان بەهۆی دروست كردنی

پـیلان لـەناو دەبـران پیلانێکـی وایـان ڕێـك دەخسـت کـە کـەس هەسـت بەکاری لەناوبردنەکەیان نەکات وەك ڕووداوی ئۆتۆمبیل و شتی تر یان بێسەرو شوێن کردن وەك شەهید دڵشاد مەریوانی, بەداخەوە لەدوای ڕاپەڕینیش چەند نووسەرو ئەدیبێك بەهۆی شەڕی ناوخۆ تووشی ئازارو تەنانـەت لەناوچـونیش بـوون وەك شـەهید (کـەریم عوسمـان) و (ڕێبـاز) لەگەڵ ئەوەشدا لەو کاتەی ڕاپـەڕین بـەرپا بـووە جیاوازی زۆر هەیـە لـە زەمانی ڕژێم تا ڕادەیەکی زۆر بیروڕاو نەمانی سانسۆر لەسەر نووسـەران و ڕوناکبیران فەراهەم بووە بەتایبەتی لـەدوای شـەڕی نـاوخۆو دانیشتنی لیژنـــەکانی ئاشـــتی پێویســـتە نووســـەرانی قەڵـــەم و بـــیر خـــاوێن هەڵوێستەکانیان بەچاکی بەرچاو بخرێن و ببنە ئاوێنەیەکی بێگـەرد بـۆ مێژووی نەتەوەکەمان و نەوەی ئەمڕۆمان.

ئەوەی من دەمـەوێ باسـی لێـوە بکـەم خـاوەن قەڵـەمێکی ڕەسـەن و بـە هەڵوێستە ئـەویش مامۆسـتا (مـەلا جمیـل ڕۆژبەیانی)یە بەداخـەوە دوای خزمـەتێکی گـەورە بـە نەتەوەکـەی لـە 2001/3/27 بەدەسـتی چـەند تیرۆریسـتێکی ناحـەز بـە ووشـەی ڕەسـەن و ڕەوا شـەهید کـرا بۆیـە بـە پێویسـتم زانـی ئـەم هەڵوێسـتە لەبیرنـەکراوەی مامۆسـتا ڕۆژبـەیانی بـۆ مێژوو وەك چۆن بینیم ئاوا بیگێڕمەوە و بیکەمە نمونەیەکی زینـدوو بـۆ گشـت هەڵوێسـتەکانی تـری مامۆسـتا ئـەو سـاتانەی دەسـتی ڕەشـی داگیرکاری لە کوردستاندا شادی و خۆشی و ئازادییەکانی نەهێشتبوو, جار بەجارێ کۆڕێك یان یادێك ساز دەکرا, یەکێك لەو یادانە پیرەمێردی شاعیر و ڕۆژنامەنووس بوو سەرەتای کۆڕەکە بە ئاماژە بەناوی دکتاتۆر بە ووشـەی (خـوا بیپارێزێت) دەسـت کـرا بـە یادەکـە لـە نـۆرەی مامۆسـتا (مەلا جمیل ڕۆژبەیانی) دا ووتی (بۆچی دەبێ (خـوا بیپارێزێت) کـە هـەر

بڵێن, تاکەی ؟) بۆیە بەپەلە یەکێك لەو کەسانەی کۆڕەکەی بەڕێوەدەبرد ڕای کرد میکرۆفۆنەکەی لە دەستی مامۆستا رۆژبەیانی وەرگرتو قسەکانی پیٚ بڕی تابیخەنەوە سەر بابەتەکە هەرچەندە زۆر لە نووسەران و ئەدیبان ئامادەی ئەم کۆڕە بوون بەلاّم تا ئێستا لە هیچ رۆژنامەو گۆڤارێکی کوردستاندا ئەم هەڵوێستە نیشتمانیو نەتەوەییانەی مامۆستا هەیبوون نەم بینیوە باس بکرێت.

بۆیە مامۆستا مەلا جمیل وەك سۆقراتێکی کورد هەر بە فیشەکی ژەنگاوی و بیری کوڵی داگیرکاری و کوندە پەپووەکانی شەوەزەنگی تاریکی لە پێناوی ئەم هەڵوێستە جوامێرانەی خۆی گیانی بەخشی, بەلاّم بۆ خاوەن هەڵوێستەکانی کوردستان مەشخەڵێکی هەڵکرد کە هەمیشە ڕێی ڕاستی ڕووناك ئەکاتەوە و کەسێکی وەك ((دوودمان ئاریایی)) کە بەناو نووسەرێکی ئێرانی بوو لەناوەڕاستی حەفتاکاندا ویستی مێژووەکەی (کورد و کوردستان) ی مامۆستا (ئەمین زەکی) بشێوێنیٚ بەلاّم مامۆستا ووریای کردەوە و بەتوانا زۆرەکەی و بەبیرە فراوانەکەی ڕووی ڕەشی لەبەردەم کوردو مێژووەکەی مامۆستا (ئەمین زەکی) دا ڕەشتر کردو بەبیری ووردی خۆی نەیهێشت قەڵەم فرۆشیٚ ڕاستیەکان بگۆڕیٚ بۆ مێژووی ئایندە, هەزاران سلاّو لە گیانی بەرزی پڕ لە هەڵوێستت ئەی مامۆستا (مەلا جمیل رۆژبەیانی) مێژوونووس و خاوەن قەڵەم و هەڵوێست.

بلاْوکراوەتەوە لە ڕۆژی گەل ژمارە (86) لە 2002/4/27. ل7

# ڕەسانەیەتی لە هونەردا

هەموو کەس کە باس لە ڕەسەنایەتی دەکات ووشەیەکی جوان‌و بەرزو ناوازە دێتەربەر بەرگوێی, تەنانەت کە مرۆڤ ڕەوشتی جوان‌و پاك دەبێت پێی دەڵێن ڕەسەنە هەروەها گەر پێچەوانەش بوو بە ناڕەسەن ناوزەد دەکرێت بەهەمان شێوە لە هونەریشدا ڕەسەن‌و ناڕەسەن لەواقیعی هونەریدا ڕەنگ ئەداتەوە.

بەلاْم گرنگ ئەوەیە لەو کۆمەڵگایەی هونەرەکە نمایش دەکرێ یان دەخرێتە بەر گوێ و دەستی هاونیشتمانیان بخرێتە بەر پێوەری ڕەخنەو لێکۆڵێنەوە لەلایەن کەسانی شارەزاو لێهاتوو پسپۆر تا مافی تەواو بدرێتە بەرهەمە هونەرییەکە گەر شایستە و لەبارو ڕەسەن بوو دەست خۆشی و سوپاسی ئاراستە بکرێت و گەر لاوازو نا شایستە و ناڕەسەن بوو بەشێوازێکی هونەری‌و ڕەخنەی بنیاتنەرانە ئاراستە بکرێت بۆ کاری چاکترو گونجاوتر, بەلاْم زۆر بەداخەوە گەر سەرنج بدەین لە گۆڕەپانی ئەمڕۆی هونەر لە کوردستاندا هەنگاوی هەڵسەنگاندنی زانستیانە جێی خۆی بەتەواوی نەگرتووە لەبەر کەمی توێژەرو لێکۆڵەر و نەبوونی دامو دەزگایەکی تایبەت بە هەڵسەنگاندنی بابەتەکان.

بۆیە زۆر پێویستە بایەخ بەم شێوازە بدرێت تا هونەر ببێتە کەناڵێك بۆ گەشەپێدان‌و گرنگی دان بە ڕەسەنایەتی نەتەوەکەمان‌و هەنگاوێك بێت بۆ بەرەوپێش بردنی ئاستی هونەری لە کوردستاندا و گۆڕان بەسەر

ژیـانی کۆمـەڵاتی خەڵکـدا بێنێـت وەك (ئارنەسـت فیشـەر) دەڵـێ (هونـەر لەگەڵ مرۆڤدا هاتووە تا چاکتر و باشتر لـە جیهان بگـات و بێگۆڕێ). لـەم ووتەیەوە باشتر بابەتەکەمان بۆ ڕوون دەبێتـەوە کـە هونـەر لەگـەڵ مرۆڤدا لەدایك بووەو بۆتـە هـۆی جوانکردنی و پـێش خستنی ژیانی مـرۆڤ دەبا بـەو چـاوە لــە هونــەری کــوردی ڕەســەن بــڕوانین و هــەنگاوی ووردی سەرنجدان و تێبینی تا ئەو بەرهەمانەی کە ڕسەنن زیاتر بکرێن بۆئەوەی ڕۆڵی باشی خۆیان بگێڕن لە پێش خستنی هونەری کوردی نەتەوەکەمان کە چەند سەدەیەك دەستی ڕەشی داگیرکەران ئەیانویست ڕەسانەیەتی و هونـەری جـوانی میللـی کـورد دوا بخـەن و هـەنگاوەکان بـەپێی ویسـتی هونەرمەندانی دڵسۆزی کورد نەچنە پێش. بـەلام لەگـەڵ ئەوەشـدا ڕەوتـی ڕەسـەنایەتی لـە هونـەرو ڕێبازەکـانی هونـەری کوردیـدا داگیرکـەرانیش تێکـەڵ بـەم ڕەوتـە بـووە, هیـوام وایـە ئـەو حـەزە دزێـوەی داگیرکـەرانی کوردستان تاسـەر بڕ نـەکات و هونـەری ڕەسـەنی کوردی جێگـەی شیاوو گونجــاوی خــۆی بگرێتــە بــەر بۆئــەوەی نەتەوەکــەمان لــە ڕێگــەی هونەرەکەیەوە بخوێنرێتەوە کە میلەتێکی پێشکەوتوو خاوەن شارستانی و ڕەسەنایەتییە.

2002/3/21

# ڕۆڵی کەناڵەکان لە زۆرو بۆری بەرهەمی گۆرانیدا

لەم هەرێمە ئازادەی ئێمە کەناڵی ڕاگەیاندنی زۆر هەیە کە زۆربەیان کەناڵی حیزبەکانن هەندێ لەو کەناڵانە بەرنامەی دیدارو چاوپێکەوتن لەگەڵ گۆرانی بێژاندا ئەنجام دەدەن, دیارە ئەم بەرنامانە ئەگەر کەسانی شارەزا و پسپۆر لە بواری هونەردا پێشکەشکەری بن بێگومان ئاراستەی باشی دەبێت و گفتوگۆیەکی هونەریانە بە بەرهەم دێت.

بەلام جێی داخە لە زۆربەی یان هەموو کەناڵەکان کەسانێك چاوپێکەوتنەکە ئەنجام ئەدەن بینەر بە تەواوی سەرسام دەکات لە پرسیارە هونەرییەکان چونکە مەودای هونەری وەرناگرن, یان بێژەرێك دانراوە بۆ پێشکەشکردنی بەرنامەکە ئاگای لە هونەر نییە بە ناچاری پرسیارەکان دوور لە تەوەری هونەریو پرسیاری تایبەت لەو کەسە دەکات جگە لەمانەش دەپرسێ بەرهەمی ئایندەت چییە ؟ هەرچەندە لای ئێمە وای لێهاتووە دەبێ گۆرانی بێژان ساڵی بەلانی کەم کلیپێك بخەنە بازاڕەوە بەلام کام بازاڕ و کام بەرهەم ؟ هەر ماوەیەکی زۆر کەم لە هزری خەڵکیدا نامێنێ و ماڵئاوایی لە بازاڕەکەی دەکاتو دەپێچرێتەوە, چونکە نەیتوانیوە قاڵبی ڕەسەنی خۆی بپارێزێت.

بە پێچەوانەی ئەم زۆرو بۆرە هونەرمەندی وامان هەیە بە چەند گۆرانیەکی کەمتر لە پەنجەکانی دەست بۆتە خۆشەویستی جەماوەر و بەرهەمەکانیشی نەمرن, بۆیە هەق وایە دیدارەکان لە ئاستێکی هونەری و هاوچەرخدا ساز بدرێن و چەند ڕازو مەبەستێکی جوان لای بینەری بەرنامەکە و گوێگرانی ڕەسەنی کوردی جێبهێڵن.

پێویستە كەناڵەكانیش بیرلەوە بكەنەوە كەسی شیاوو شارەزا لە بوارەكانی هونەردا بەرنامەكە پێشكەش بكەن و لەو قاڵبە كۆن و بێ بایەخە خۆیان ڕزگار بكەن تا جەماوەر ئاراستەی كەناڵەكەیان بكەن یان هەندێ گۆرانی تۆمار دەكرێن بۆ كەناڵەكان هیچ پێوەرێكی بۆ دانەنراوە, پێم وایە هەر كەسێ بچێت و بیەوێت گۆرانی تۆمار بكات پێشوازی دەكرێت بێ هیچ ڕەزامەندی لیژنەیەكی هونەری بۆی تۆمار دەكەن و لەو كەناڵە نیشانی جەماوەری دەدەن ئەمانە هەموو لەلایەك و ئەو بەڕێزانەی لە هەندەران ئەگەڕێنەوە بایەخێكی زیاد لە پێویستیان پێ دەدرێت و پێشوازییەكی گەرم و گەورەیان لێ دەكرێت من ناڵێم با نەكرێت بەڵام هەندێكیان ئەو مەودا هونەریە فراوانەیان نییە تا بەو جۆرە گەورە بكرێن لە چاوپێكەوتنەكەشیان وەك خۆیان بەكورد نەزانن و مەبەستیان هەبێ لە گۆرانی ووتن بە كوردی وایە, هیچ حسابێك بۆ ئەو هەموو هونەرمەندە ڕەسەنانەی پێش خۆیان ناكەن كە بناغەی گۆرانی ڕەسەنی كوردی بوون دەڵێن ئێمە گوێ لە گۆرانی كوردی ناگرین ئەمە ئەوە دەگەیەنێ ئەو كەسەی ئەوە دەڵێت لە كەناڵەكەوە ئەوەی ناوی لێناوە هونەر خۆی ڕەتی دەكاتەوە, با بە زمانی كوردیش گۆرانی نەڵێ باشترەو كاتی خەڵكیش بە فیڕۆ نەدات و سەری جەماوەر قاڵ نەكات پێشی نەوترێت هونەرمەند بەڕای من نەبوونی زۆر باشترە لەو بونەی كە نییە.

بڵاو بۆتەوە لە پاشكۆی ئەدەب و هونەری (303). كوردستانی نوێی ژمارە (2872) لە ڕۆژی پێنج شەممە 2002/9/26

# با بە چاوی ڕەخنە کەناڵەکان ببینین

لـەپاش ڕاپەڕینـە مەزنەکـەی گەلەکـەمان لـە کوردسـتانی ئـازاد دا دەسەڵاتی چوارەم جێگـەی خۆی گرتـووە لەبـەرەو پێش بردنـی کۆمـەڵی کـوردەواری و ڕەوتــی گۆڕانــە زانسـتیو هونــەری و ئەدەبیـیـەکان وەك دیاردەیـەکی کۆمـەڵی مـەدەنی ڕۆڵـی خۆیـان گێـڕاوە لـە ئاراسـتەکردنی کۆمەڵانی خەڵك بە مەدەنی کردنی کۆمـەڵگا هـەر چەندە گۆڕانـەکان زۆرن و خێراشن.

ئــەوەی مایــەی خــۆش حــاڵی و جێگــەی ئومێــدو شــانازییە بــۆ میللەتەکەمان ئێمە لەچاو هەندێ لـە میللـەتانو تەنانـەت لـە دەوڵـەتانی ناوچـەکەش باشـتر ئـەزموونی دیموکراسـی و هۆکارەکـانی شارسـتانی نوێی جیهان لە کوردستان دا پەیڕەو ئەکرێت, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە لایەنی باش زۆرەو دڵ خۆش کەرەیە ناکرێ چاو لـە هەنـدێ کـەموکورتی بپۆشین کە زەق و دیارن بە تایبەتی لە کەناڵـەکانی ڕاگەیانـدن لەوانە زۆر گرنگیـدان بـە گـۆرانی میللـەتانی دراوسـێ لەچـاو گـۆرانی کوردیـدا هــەموومان بـاش دەزانـین کـە ڕاگەیاندنـەکان ڕۆڵـی گرنگیـان هەیـە لـە ئاراســتەکردنی جــەماوەر بــۆ هەڵبــژاردنی هــەموو دەقو جۆرەکــانی کەلەپورو ڕەسانەیەتی. هـەق وایە وەزارەتـی ڕۆشـنبیری بەرنامـەی کـاری خۆی هەبێ بۆ گشـت کەناڵـەکانی ڕاگەیانـدن و مۆڵـەت نامـە بەپێـی چەند یاسایەك بدرێت بە گشت لایەنێك و کەسانێك کە پـەیڕەوی ئـەو یاسایانە بکەن کە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری دادەنرێت کە گونجاوو هاوسەنگ و تــەبابێ لەگــەڵ بــارودۆخی کوردســتان و زیندوکردنــەوەی کەلــەپوری

نەتەوایەتی و دانانی بەرنامەیەکی گونجاو تا نەوەی نوێی دوای ڕاپەڕین بە هەستی کوردانە پەروەردە بکرێت و دوور بخرێتەوە لە فەرهەنگی بێگانە لەلایەکی تر زۆر جار کاسێتی سیدی (CD) کە لەلایەن فرۆشگاو پێشانگاکانەوە تۆمار دەکرێت بڵاو دەکرێنەوە کە لە کەناڵەکوردیەکانی وەردەگرن ناوی کەناڵەکە دەشارنەوە و هیمایەکی تردا دەنێن کە ئەمە کارێکی زۆر نابەجێیەو مافی ئەو کەناڵانە پێشێل دەکرێت من پێم وایە گەر ناوی ئەو کەناڵەی ئەو کارەی بەرهەم هێناوە نەشاردرێتەوە گونجاو تر ئەبێ هەرچەند پێویست بەناوهێنان ناکات چونکە ڕۆژانە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئەم دیاردە دزێوە دەبینرێت نەك تەنها لە فرۆشگاکاندا خۆزگە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و فرۆشگاکان سەیرێکی کارەکانی خۆیان ئەکردو مافی یەکتریان نەئەخستە ژێر ناوی خۆیانەوە ئەمە خۆزگەیەکەو دڵنیام هەر بە تەنیا خۆزگەی من نییە بەڵکو خۆزگەی هەموو کوردێکە کە بە چاوی ئاواتەوە تامەزرۆی ڕاگەیاندنی هاوچەرخی کوردستانی‌یە.

لە گۆڤاری تیرۆژی ژمارە (25) لە ئازاری 2002 بڵاوکراوەتەوە.

# تا پرسیاری باش نەکرێ, وەڵامی باش نادرێتەوە
# پرسیاری نابەجێ لەدیداری گۆرانیبێژیدا

زۆرجـــار لـــە کەناڵـــەکانی ڕاگەیاندنـــدا و بەتایبـــەتی لـــە تەلەفزیونەکانی شاری سلێمانیدا, بەرنامەی گۆرانی داواکراو بەناو جیا جیاوە دادەبەزێت و ناو بەناو دیدار لەگەڵ گۆرانی بێژاندا ساز دەکەن و چەند پرسیارێك ئاراستەی گۆرانی بێژەکە دەکەن, بەڵام چۆن پرسیارێك کە هیچ روانینێکی هونەری نییە, وەك (حەز لە چ خواردنێك دەکەیت ؟ پێت خۆشە یەکەم کەس کێ گوێی لە دەنگت بێت ؟ بۆکێ گۆرانی دەڵێیت ؟ .. هتد). تەنانەت بینەر سەرسام دەکات بە تایبەت ئەو کەسانەی تامەزرۆی هونەرن و حەز بە بیستنی چەند ڕازێك دەکەن لە هونەرمەندان.

بەڕێکەوت گۆرانیبێژێکی شاری سلێمانیم لە شوێنێکی گشتی بینی و ئەو گلەییەم ئاراستەی گۆرانی بێژان کرد و وتم بۆچی لە کاتی دیدار لە کەناڵەکاندا لە ئاستێکی نزم دەدوێن وەك هیچ نەخوێننەوە وایە, گلەییەکەی منی قبوڵکردو ووتی ((من بە تەنها ناڵێم هەر گۆرانی بێژەکەیە, بەڵکو ئەو کەسە کە پرسیاری لێدەکات, چونکە تا پرسیاری باش نەکرێت وەڵامی باشیش نادرێتەوە)).

پشتگیری ئەو برایەم کردو خۆزگەم خواست کە گۆرانی بێژان باشتر خۆیان قاڵبکەن لە بواری گۆرانی ڕەسەنی میللەتەکەمان و ئەو

هەقە بە خۆیان بدەن کە خەڵك ناویان بنێن هونەرمەند, لە ڕێگەی هونەری گۆرانییەوە گەلەکەمان بە جیهان بناسێنن وەك (کۆنفۆشیۆس) فەیلەسوفی چینی دەڵێت: ((گەر دەتەوێت لە شارستانی نەتەوەیەك شارەزا بیت گوێ لە گۆرانییەکانی بگرە)) هەر چەندە گۆرانیبێژی زۆر باشمان هەیەو هیوای زیاتر و چاکترمان گەرەکە بۆ ئەم سەردەمە جەنجاڵەی شارستانی جیهان. خۆزگە پێشکەشکارانی بەرنامەو گۆرانیبێژانیش باشتر دیدارەکانیان ئەنجام دەداو دوور دەکەوتنەوە لە پرسیار و وەلامی بێ جێ.

لــــە ژمـــارە (12) ڕۆژی 2002/6/23 ڕۆژنامـــەی ڕای گشـــتی بلاّوکراوەتەوە.

# حەسەن زیرەك

## ئەو بەهرەمەندەی نەتەوەیەك خاوەنیەتی

ئەگەر چاوێك بە مێژووی جیهاندا بخشێنین دەبینین کەسانی بەهرەمەند و بیرمەندو هونەرمەند و دانا هەمیشە تووشی نەهامەتیو ناخۆشیو بێ ئارامی هاتوون یان دەسەلاتداران یان خەلکی نیشتمانەکانیان بەکەم سەیریان کردوون تا ماوەیەکی زۆر کە لەبەرچاو نەماون و کۆچیان کردووە پاشان داخیان بۆ خواردوون.

ئەو هەلومەرجەیان بە دژوار زانیوە کە ڕێزی ئەو مرۆڤە گەورانەیان نەگرتووە هەر لە سوکرات کە ژەهری خوارد یان برنرۆ کە لەگەڵ کێتبەکانی سوتێنرا یان حەلاج یان ڤان کۆخ.. هتد. ئەمانەو سەدان نموونەی تر لە جیهاندا هەن لەناو کوردیشدا بەهەمان شێوە زۆر کەسی بەهرەمەند لەسەر بیروراکانیان پەراوێز خراون و بواریان بۆ نەڕەخساوە یان هەر بە هەژاری ژیاون و هیچ خزمەتێك نەکراون وەك پیرەمێرد, قانع, میرزا مەنگوڕی, تایەر تۆفیق, نەجمەدینی مەلا.. هتد. چەندانی تریش لەخۆڕانیە مامۆستا هێمن لەبارەی هونەرمەندان لە کوردستاندا دەڵێ:

هونەرمەندو ژیانی خۆش مەحاڵە

هونەرمەند ڕەنجەڕۆیە ژینی تاڵە

ئەوەی لەم وتارەدا دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم و تەیری خەیاڵمان ساتێ بفڕێتە دیدەنی مرۆڤی دەنگخۆش و بەهرەمەندی گەورەی نەتەوەکەمان حەسەن زیرەك–ە.

لە 1972/6/26 مەرگ یەخەی بەم مرۆڤە گرت لە ڕاژەنینی هەستی نەتەوەیی کورد و بولبول ئاسا چڵی درەختەکانی کوردەواری پێجێهێشت و بۆ ئەبەد فڕی. بەڵام پاش خۆی دەیان و سەدان گۆرانی جوانی بەگوێمان ئاشنا کردوو ڕۆژانە لە خەیاڵ و ئەندێشەماندا دەبێتە میوان و سەدان و هەزاران شاد دەکات. ڕاستە دەیان بەهرەمەندی تریش هەن کەوێنەی ئەم نەمرە لە بواری خزمەتکردن بە هونەری گۆرانی ڕۆڵی خۆیان گێڕاوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی کوردەواری و سەردەمی ژیانی هونەری حەسەن زیرەك لە بواری ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی گەلی کورد زۆر لە دواوە بووەو مەودای بەرەو پێشچوونی هونەر ڕەنگدانەوەی نەبووە و بە هونەرمەندی گۆرانیبێژ وتراوە شایەرو لۆتی بەڵام ئەگەر سەرنج بدەینە حەسەن زیرەك لەو ناوانە بەدەربووەو لەجیاتی ئەو ناوانە وشەی زیرەك ئاوێتەی ناوەکەی بووە ڕێزی بۆ خۆی بەهونەرەکەی دروست کردووە, مامۆستا گۆران پێناسەی ئەو سەردەمە دەکات لەیادی بێکەسی شاعیردا دەڵێ:

کوردستان ئەو سەردەمە واتار بوو

بەفری زستان گوڵی باخچە بەهار بوو

حەسەن زیرەك وەکو نووسەرانی ئێرانی سەمەدی بەهرەنگی چۆن پێوەری کاری مرۆڤ لە کاریگەریی بەسەر ژیانی خەڵکەوە دیار دەکات و لای گرنگ نییە چۆن دەژی و چەند دەژی, هیچ ئاواتێکی تری نەبووە دیارە ئەویشی بەباشی ئەنجام داوەو ڕەنگدانەوەی لەسەر هونەری نەتەوەیەك هەیە, لەیادی مەرگی گەورە پیاوی هونەری نەتەوەکەمدا هەر چەندە بڕوام وایە بەسەدان وتارو لێکۆڵینەوەو بەدوادا چوون و

توێژینـەوە لەسـەر كەسـێتی و دەنـگ‌و هونـەری ئـەم مەزنـە بكـرێ مـافی تەواوی پێ نادرێ منیش بەپێی توانای خۆم ئـەم بابەتـە بێپێـزە لەچاو بالآی هونەری حەسەن زیرەك دەخەمە بەرچاوی خوێنەر:

1-ڕەسـەنایەتی: یـەكێك لـە سـیماكانی ڕەسـەنێتی گۆرانییـەكانی حەسەن زیرەك ئەوەیە كە هەڵقولآوی ناخی كۆمەڵی كوردەوارییـە و باس لە ژینگەی ژیانی كۆمەڵی كوردەواری دەكات لەگەڵ ئاوازو ریتم‌و وشـەی دانـراوی خۆی‌ـو بەسـتنەوەی بـە فۆلكلـۆری نەتەوەكـەمان یـەكانگیری كـردووە و باسـی سروشـت هـەر لـە شـاخ‌و دەشـت‌و دۆڵ‌و كانیـاوو بـاخ‌و چیمەن‌و هەورازو نشێوەكانی كوردستان دەكات‌و شوبهاندنی ژن‌و كچـی كورد بە ئاسكە كێوی‌و مانگ‌و ڕۆژو گوڵ‌و ئەستێرە و كەوباڕو سوێسكە كـە هـەموویان هێمـای جـوانی و ناسـكی دەدەن بـە ژیـان ئەمانـە هـەموو وایـان لـە گۆرانیـەكانی حەسـەن زیـرەك كـردووە كـە هەمیشـە زینـدووبن‌و بەردەوام لـە نـاخی هەسـتی مرۆڤـدا بمێننـەوە و ئاوێتـەی سـۆز بـن بۆیـە لەسەر زاری خەڵكی ڕۆژانە دەوترێت دەنگی حەسەن زیرەك پیر نابێت.

2-بەتوانایی:یەكێكی تر لەو شتانەی حەسەن زیرەك لە كەسـانی تـر جودا دەكاتەوە توانـای لەڕادەبـەدەر لـەبواری دانـانی هـۆنراوە و ئـاواز بـۆ گرانییەكانی ڕێك ڕۆیشتنی لەكاتی وتنی گۆرانیـدا لەگـەڵ مۆزیكـدا واتـە ئاوێتەبوونی دەنگ و مۆزیك كە هەستی پێدەكرێت شـارەزایەكی تـەواوی بەرزو نزمـی پلـەكانی مۆزیك بـووە و لـە هـەموو گۆرانییەكانیـدا بـەڕوونی ئەوە بەدی دەكرێت, ئەم توانایەش بۆ كەسێكی نەخوێندەوار نا ئاسـاییە جگـە لـەوەش لەبـەركردنی زۆر شـیعری شـاعیران و وتنـی بـەگۆرانی لـە ئەحمەد موختار جاف, بێكەس, كـوردی, وەفـایی, هـێمن, نـالی, حـەریق‌و مەولەوی‌و ..هتد.

بێجگە لەمانەش زۆر ئاوازی توركی توانیویەتی ئاوێتەی بكات بە كوردی و واهەست دەكەی ئاوازەكە لە ئەسڵا كوردییە توانیویەتی بەزمانەكانی توركی و ئازەری و فارسی گۆرانی بڵێت و بە زمەكانی بخاتەوە سەر كوردی, حەسەن زیرەك راستە لە ئیستگەكانی بەغدا و كرماشان و تاران گۆرانی بۆ تۆماركراوە وەك ئەرشیف ماونەتەوە دەتوانم بڵێم زۆر گۆرانی حەسەن زیرەك فەوتاوە بەهۆی ئەوەی لەماڵان وتراون و تۆمارنەكراون یان بێ موزیك بوون, حەسەن زیرەك زۆر شیعری داناوە لە بواری سۆزداری و كۆمەڵایەتی و نیشتمانی ئەمەش وەڵامێكە بۆ ئەوانەی دەڵێن شیعری نیشتمانی نەوتووە ئەمەش نموونەیەكی لە شیعری نیشتمانی كە حەسەن زیرەك وتوویەتی:

ئەی نیشتمان نیشتمانی جوان

خاكی ئارییە وەتەنی كوردان

بۆت تێدەكۆشم بەدڵ و بەگیان

بۆ سەركەوتنی خاكی كوردستان

3-گەڕان وەك خولیایەك: حەسەن زیرەك زۆر حەزی بەگەڕان كردووە و لەڕێگەی گەڕان و بینینی شوێنەوە, شارەزا بووەو ئەمە وەك خولیایەك بۆ زیاتر گەشەكردنی هونەرەكەی لە گۆرانییەكانیدا دیارە كە ناوی زۆر شوێنی كوردستان و دەوڵەتەكانی ناوچەكە دەبات وەك (لاجان, سلێمانی, سامڕەند, شنۆ, سابلاخ, كرماشان, كۆیە, تاران, نەورێز, رانیە, پشدەر, نەغەدە, هەولێر, شەقلاوە, بەغدا..)هتد.

4-زمان پاراویی: هۆیەكی تر بۆ زیاتر خۆشەویستكردنی گۆرانییەكانی حەسەن زیرەك لای خەڵكی پاراوی زمانیەتی وەك هەموو

دەزانین ناوچە بە ناوچە لە کوردستاندا شێوە زار گۆرانی بەسەردا دێت, بەلاّم کاتیّ گویّت لە حەسەن زیرەك دەبیّت. بە کوردییەکی پاكو روونو رەوانبیّژی وشەکان دەردەبڕیّو بە ئاسانی هەموو گویّگریّك لیّی تیّدەگات, بەلاّم کاتیّ لە گفتوگۆکردندا گویّت لیّی دەبیّت جیاوازی لەنیّوان قسەکردن و گۆرانی وتنیدا بەتەواوی بەدی دەکریّت ئەمەش دەگەڕیّتەوە بۆ تواناو سەلیقە و شارەزایی زیرەك لەکاتی دەربڕینی وشەدا کەوەك زمانەوانیّك معامەلەی لەگەلّ وشەکردووە.

5–بەردەوامبوونو وازنەهیّنان: حەسەن زیرەك لەگەلّ ئەوەی کە دەسەلاّتداران وەك پیّویست هانیان نەداوەو تووشی ئازاردان و ناخۆشییان کردووەو لەگەلّ ئەوەشدا بارودۆخی تایبەتی خۆشی ناڕیّك بووە لەبەردەم هونەرەکەیدا چونکە دەستکورتو هەژار بوو, بەلاّم بەردەوام لە داهیّنانو خزمەتدابووە هیچ کۆسپیّکی بە ئاستەنگی گەورە نەزانیوە لەبەردەم هونەرەکەیدا بۆیە تاسەر جیّگەی مردنیشی لە گۆرانی دانەبڕاوە.

دواوتە: لەم یادی سیویەك ساڵەی کۆچی زیرەکدا دەمەویّ داوا لە دڵسۆزانو خەمخۆرانی گۆرانی کوردی بکەم کە ئاوڕیّك لە هونەری حەسەن زیرەك بدەنەوە بە کۆکردنەوەو ساغکردنەوەی هەموو بەرهەمەکانی و ریّگە نەدەن بەوەی هەر کەسیّ هاتو دەستکاری گۆرانییەکانی بکاتو بەناوی فۆلکلۆرەوە بلاّوی بکاتەوە جگە لەوەش هەقە بەرپرسان هۆڵیّك یان شەقامیّك بەناوی حەسەن زیرەك ناوبنیّنو پەیکەریّکی شایستەی بۆ دروست بکەن چونکە جگە لەو پەیکەرەی بەردەم هۆڵی کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان کەجیّی دەستخۆشییە هیچ شتیّکی ترم نەدیوە بەناوی حەسەن زیرەکەوە بیّ یان کاری بۆ کرابیّ

چونکە زۆر زیاتر دەهێنێت یان مۆزەخانەیەك دروست بکرێتتاییبەت بە حەسەن زیرەك و کەلوپەلو کاری هونەری هەندێ هونەرمەندی تری وەك مامۆستا عەلی مەردان و سەید عەلی ئەسغەر و تایەر تۆفیق و ڕەفیق چالاك و ساڵح دیلان ..هتد.

لەخۆبگرێت چونکە ئەمانە چەند قوتابخانەیەکی ڕەسەنی هونەری گۆرانی میللەتەکەمانن و هەقە شانازییان پێوە بکەین. لەیادی 31 ساڵەی مەرگی زیرەکدا سەری ڕێزو خۆشەویستی نەوی دەکەم بۆ هونەرە ڕەسەنەکەی و دەنگە بەسۆزەکەی و تواناو سەلیقە وردەکەی لەبەرئەم هۆیانە و سەدان هۆی تر حەسەن زیرەك بە بەهرەمەندی نەتەوەیەك دەزانم نەك شارێك و ناوچەیەك و خێزانێك ئاواتم ئەوەیە لە ئایندەدا گەر بوارم هەبێت بتوانم زیاتر خزمەت بەحەسەن زیرەك بکەم.

بڵاوکراوەتەوە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ پانکۆی ئەدەبو هونەر ڕۆژی 2003/6/26.

# لەگەڵ ڕەوتی گۆرانەکاندا هەمیشە لە یادمانی

ڕۆژی (2004/6/26) یادی تێپەڕبوونی (32) ساڵە بەسەر مەرگی هونەرمەندێکی گەورە و ناسراوی کورد کە ئەویش حەسەن زیرەکە ئەم نەمرە دەتوانرێت بەو پێوەری هونەرییەی کە کاری تێدا کردووە و بەرهەمەکانی ماونەتەوە بە گەڕانەوەی بۆ مێژووی سەرهەڵدانی بواری هونەری گۆرانی لەلای ئەم مەزنە بە گەورەترین و بلیمەترین کەس ئەژمار بکرێن چونکە کەسێك کە نەتوانێت بنوسێت و بخوێنێتەوە هەروا ئاسان نییە رۆچێتە ناو قاڵبێکی گەورە و فراوانی کەلتوری نەتەوەیەك و ببێتە خاوەن و سیمایەکی تایبەت بەو هونەرە وەربگرێت و مامۆستایەك بێت, چەندین وانەی جوانی داهێنان پێشکەش بە نەتەوەیەك بکات. هەروەها توانیویەتی بەرگەی ئازار و مەینەتیو هەژاری و دەربەدەری بگرێت کە بەشی هونەرمەندان و دڵسۆزانی کورد بووە کە ئەم هەموو خەمانە نەبوونەتە رێگر لەبەردەم کاری هونەری حەسەن زیرەکدا, بۆ سەلماندنی ئەم رایەمان لەو ساتەدا هێمن ووتویەتی:

هونەرمەندو ژیانی خۆش مەحاڵە

هونەرمەند ڕەنجەڕۆیە ژینی تاڵە

مامۆستا هێمن لەو کات و ساتەدا لە بۆتەی ئاوارەیی و هەستکردن بە ئازاری هونەرمەندانی گەلەکەمان ئەم شیعرەی نوسیووە کە بەسەر شاعیر خۆیو کەسانی تریشدا هەستی پێکردووە کە خەمیان نەخورادوەو لە پاداشتی رێزو خۆشەویستی بۆیان بە ئاوارەیی و هەژاری وەلأمیان دراوەتەوە و حەسەن زیرەکیش لەم ڕووەوە بێنەبش نەبووە تا دواساتەکانی لە لێدانکەوتنی ترپەی دڵە گەورەکەی هەر بەهەژاری و دەربەدەری ماوەتەوە, ئەوەتا حەسن دەنگی خۆی دەخاتە پاڵ دەنگی هێمنی شاعیرو دەڵێت:

قـــــــــــــەت لە دنیادا نەبوو بێجگە لەنــــــاخۆشی

بەشـــــــــــم

مــــــــــــــــاتو دامـــاو پەشێوو بێکەسو

چـــــــــــاوڕەشـــــــــــم

ســـــــــــەردەمێک ئاوارەبوومو مـــــــــــاوەیەکیـــــش

دەربەدەر

نەمدی رووی ئاسوودەیی هەر تووشی گێرەو قەرقەشـــم

دیارە گۆرانیبێژ کاتیَ دەیەویَ شیعرێك هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی بیکاتە ئاوازی چڕینی خۆی بەدوای دەقێك دەگەڕیَ کە لەگەڵ هەست و شعوری خۆی بگونجیَ حەسەن زیرەکیش هەرچەندە نەخوێندەوار بووە بەڵام کاتێك گوێبیستی ئەو دەقانە بووە کە بۆیان خوێندۆتەوە لەبەریکردوون و کردوونی بە گۆرانی, دیارە ئەم شیعرەی سەرەوەی هێمنیش بەو جۆرە بووە لەبەر تەبابوونی شیعرەکە لەگەڵ ژیانی تایبەتی خۆی وتویەتی.

زیرەكو مەیو ئافرەت:

زۆر لەو کەسانەی کە باسی زیرەك دەکەن دەڵێن حەسەن بەپێی مەی یان ئافرەت هیچی نەوتووە جا ئەو وتەیە تا چەند جێی ڕاستییە" لای خەڵکی بووەتە جێی یەقین. راستە مەی بۆ خەیاڵ بوون و دەرچوونە لەو واقعە تاڵەی کە مرۆڤی تێدایە بە تایبەت خەمو کەسەر کە دەبێتە شوێنگەو مرۆڤ داڵدە دەدا گەر بۆ ساتێکیش بیَ رۆحی مرۆڤەکە دوور دەخاتەوە لەو خەمو ئازارەی دەروون.

پێموایە زیرەکیش بەهەمان جۆر و لەبەر ئەو هەموو نا ئومێدییەی خۆی هانای بردووە بۆ مەی خواردنەوە لە خۆڕا هێمن ناڵیَ:

ئەم مەیە تاڵە دەرمانی دەردو خـــــــــەمە

لێی حەرام بیَ ئەو کەسەی دەردی کەمە

دەمەویٚ ئەوەش ڕاستبکەمەوە کە هەمیشە و هەردەم لە گشت گۆرانییەکانیدا زیرەك مەبەستی بووبیٚ پیٚموایە ئەمە پیٚچەوانەیە لە هەموو کۆڕو دانیشتن و زیندان و ڕیٚبواری و تەنانەت خەو بینینیشدا مەی ئامادەیی نەبووە تا زیرەکی مەست کردبیٚ و ئینجا گۆرانی وتبیٚ، سەبارەت بە ئافرەتیش ڕاستە حەسەن جوان پەرست بوو وەك هەموو کەسە ناسکەکانی ناو کۆمەڵ لە شاعیران و ئەدیبان و زانایان کام لەوانە گیرۆدەی داوی ئەوین و ماسی ئاسا ئالودەی ئاوی ڕوون و پاکی عەشقی ئافرەت نەبووە هەر لە جوانی شاخ و داخ و چیمەن و ڕەوەزو دوندو قەدپاڵ و لیٚرەوالەکانی کوردستان بوونەتە سەرچاوەی ئیلهام و دەربڕی ئەو هونەرە جوانە، لەلایەکی تر گەر لە ڕووی فەسلەجییەوە سەیری بکەین و خویٚندنەوەیەکی فرۆیدیانەی بۆ بکەین حاڵەتیٚکی سادە و ساکارە، یان بە چاوی (ماسلۆ) بەهەرەمی پیٚویستییەکانی مرۆڤ دابنریٚت، لەو کاتەدا هەر حەسەن زیرەك ناکریٚ بە خۆشەویستی و جوانی و سەرنجدانی ئافرەت تاوانبار بکریٚت، چونکە لە هەرەمەکەی (ماسلۆ) غەریزە سیٚکسییەکان لەپاش غەریزەی خواردن هاتووە.

کۆڵنەدان لە گیانی زیرەکدا:-

حەسەن زیرەك وەك ئاماژەمان پیٚدا لەو هەموو نەهامەتی و دەربەدەرییەی بەسەری هات وازی لە هونەرەکەی نەهیٚناو ڕۆژ بەڕۆژ داهیٚنانی باشتری دەخستە سەر خەرمانی هونەری گۆرانی کوردی، لەوانەش سەیرتر پاش گەڕانەوەی بۆ عیٚراق لە ساڵی 1966 و دەچیٚتە ئیستگەی کوردی لە بەغدا بەنیازی تۆمارکردنی گۆرانی پاش تۆمارکردنی چەندین گۆرانی لەوەو پیٚش پیٚی دەڵیٚن دەبیٚ دەنگت تاقی بکریٚتەوە واتە لە پاش تاقیکردنەوە بڕیار دەدەن کە دەنگی بەکەڵك نایەت دیارە مەبەستیان بووە زیرەك لە هونەرەکەی دوور بخەنەوە، بەلاٚم ئەو کۆڵی نەداوەو هەر بەردەوام بووە تا بووەتە مامۆستایەکی

سەرکەوتووی بواری گۆرانی لەو کاتەداو جێی خۆی لە هونەری گۆرانی بەباشی دیار بکات.

## ڕەسەنایەتی لە دەنگدا :-

حەسەن زیرەك بەهۆی گەڕانی بە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانداو شارەزابوونی لەشێواز و نەریتی ئەم ناوچە جیاجیایانە توانیویەتی ئەم شارەزابوونە لەگەڵ هونەرەکەیدا ئاوێتە بکات و سوودی لێوەربگرێت لە ئاوازی کوردانەو دەربڕینی لەوینگە جوانەی کوردستان و لەو سادەو ساکارییەی مرۆڤی کورد کە بوونەتە ئیلهامو لە دڵی ئەو مەزنەدا سەرچاوەیان گرتووەو دەروونی هەزاران مرۆڤی ئەم نەتەوەیەی پیێ ئاو داوەو تێکەڵ بە نەشئەو شادمانیی رۆحی زۆربەمان بووە, بەوەی ساتێ زیرەك دەچریکێنێ دەمانباتە سەر ڕەوەزەکانی شاخ و تێر سەیری جوانی سروشت دەکەین یان ساتێ باسی خاڵۆی ڕێبوار دەکات هەست دەکەین چەندە مرۆڤی کورد ماندووەو وەك ڕێبواری کۆڵ بەکۆڵ وایە جا هونەرێك بەم جۆرە لە دڵ و دەروونی خەڵك و لە جوانی سروشتی کوردستان سەرچاوەی گرتبێ بەڕەسەن هەژمار دەکرێ و تا دنیا مابێ بەو جوانییەی دەمێنێتەوە.

## ژمارەی گۆرانییەکانی:-

ماوەیەك لەمەوبەر چەند کەسێك لێدوانیان لەسەر ژمارەی گۆرانییەکانی زیرەك کردبوو کە رای جیاوازییان لەسەری هەبوو, من ئەمە دەگەڕێنمەوە بۆ دەزگا بەرپرسەکانی کوردستان لە چاپ و تۆماری هونەری چونکە خەمساردبوون بۆ ساغکردنەوەی ئەو رازەی کە هەمووومان مافی خۆمانە لەسەری بدوێین چونکە تا ئێستا نەیانتوانیوە ژمارەی گۆرانییەکانی حەسەن زیرەك و چەند هونەرمەندی تر ساغ بکەنەوە.

هەرچەندە لای من ریتمی وتنی گۆرانی لەسەر تۆنی دەنگی هەر کەسێك دیارەو بە تایبەت حەسەن زیرەك کە خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی و گۆرانییەکانی زیرەك ئەم بەڕێزانە بەم جۆرە ژمارانە دیانناوە:

د. محەمەد سیدقی موفتی زادە دەڵێ (1000) هەزار گۆرانی هەیە, محەمەد ئەمین برا گەورەی زیرەك وتویەتی (1009) هەزارو نۆ گۆرانی هەیە, مامۆستا مەحمود زامدار دەڵێ (1500) هەزارو پێنج سەد گۆرانی هەیە.

حەسەن زیرەکی موزیك ناس:-

گەر بە شێوازێکی رەخنەی مۆزیکیانە سەرنجی دەنگی زیرەك بدەین لە گشت ئەو گۆرانییانەی مۆزیکی لەگەڵدایە بۆمان ساغدەبێتەوە کە زیرەك مۆزیك ناسێکی باش بووە, چونکە توانیویەتی ئاوازەکە لەگەڵ وتنی دەنگ و مۆزیك بەباشی ئاوێتە بکات لە (ترپە- کێش- بڕگە) کە ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ حەسەن زیرەك بەهرەی باشی هەبووە لە هونەری گۆرانی دا یان هەندێ ئاوازی ئازەری تورکی و عەرەبی تێکەڵ بەئاوازی کوردی کردووە کەسی زۆر شارەزا نەبێت ئەو ئاوێتەبوونە لێکیان جودا ناکاتەوە کە دەتوانم بڵێم زیرەك لەم بوارەشدا کەسی نەگەیشتووتێ. هەرچەندە لەسەر زیرەك بڵێین و بنووسین هەر مافی تەواوی نادەینێ.

لە کۆتاییدا دەمەوێ وتەیەکی هونەرمەندی ناسری رەزازی بێنمەوە کە لە چاوپێکەوتنێکدا وتی: (لەهەر سەد ساڵێك پەیامبەرێك یان ناودارێك دێتە ئاراوە لەسەدەی رابردوودا, لەو ناوچەیەدا ئەو بیلمەتە زیرەك بوو) لە کۆتاییدا دەڵێم هەرچەندە دنیا بەرەوپێش بڕوات و گۆڕان بەدیبێت حەسەن زیرەك لە یادمانە.

بلاّوکراوەتەوە لە ڕۆژنامەی (سلێمانی نوێ) ژمارە (27)ی یۆنیۆی 2004.

# خوێندنەوەیەك بۆ سیناریۆو گۆرانی کوردی ئەمڕۆ

گۆرانی بەشێکە لە کەلتوری نەتەوەو دەربڕی ئاستی شارستانییە و پێوەرێکی باشە بۆ هەڵسەنگاندنی سەنگی ژیاریی هەر نەتەوەیەك, بە خۆڕانییە زاناو فەیلەسوفی چینی (کۆنفۆشیوس) لە گۆرانییەوە ئاستی وشیاریی و پلەکانی رۆشنبیریی هەر نەتەوەیەك دیاریدەکات.

کورد وەك نەتەوەیەکی چەوساوەی دەستی هاوسێکانی بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیای پڕ سامانو کانزاوە بۆتە جێی چاوتێبڕینو تەماعی داگیرکردن کە دەستی بەسەراگیراوە و کارتێکەری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ڕۆشنبیریی نەتەوەکانی تری سەردەستی زاڵکراوەو نەیانهێشتووە ڕۆشنبیریی و کەلتوری خۆی گەشە پێبدات و درزەکانی ناو دیواری کەلتوری خۆی بەداهێنان و پێداچوونەوە بگێرێت و دیوارەکە بکات بەقەڵایەکی بەرزی شانازیی کەلتوری نەتەوەیی.

دیارە هەر بەتەنها لە بواری هونەری گۆرانیدا ئەو کارە نەکراوە, بەڵکو گشتیگرە بۆ گشت لایەنەکانی بیرو زمانو ئەدەبو هونەرو گشت تێزە شارستانییەکان, ئەوەی من مەبەستمە بیخەمە بەر باس گۆرانییە. زۆرجار لە کۆرانییەکەوە خوێندنەوە بۆ زەمەنێکی نادیار دادەنرێت,

بەتایبەتی فۆلکلۆر کە بەموڵکی ئەو نەتەوەیە دادەنرێت لەبەرئەوەی خاوەنە ڕەسەنەکەی خۆی نادیارە کەچ کەسێکە, بەڵام دەناسرێتەوە کە موڵکی ئەو نەتەوەیەیە بەسیما تایبەتەکەی.

هەرچەندە تا ئێستا زۆر لەلایەنەکانی ئەدەبو هونەر لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی باشی لەسەر دەکرێت یان ڕۆژانە چەندین کتێب دەخرێنە بازاڕی ڕۆشنبیریی کوردییەوە, ئەوەی جێی سەرنجەو لایەنی فەرامۆشکراوە کە بەدی دەکرێت لایەنە پڕ بایەخەکەی کەلتور و گێڕەرەوەی وشیاریی رابردوو و ئێستامانە, کە هونەری گۆرانییە, لەدوای ڕاپەرین گۆڕانکاریی باش بەدی هاتن لەسەرجەم بوارە جیاوازەکاندا, هەرچەندە گۆڕانکارییەکان لەچاو زەمەنی ئێستای جەنجاڵی خێرادا وەك پێویست نییە, بەڵکو هەوڵی زیاتری گەرەکە, بەتایبەت هونەری گۆرانی, ئەگەر سەرنج بدەین لەو هونەرە بەڕاستی پاشا گەردانییەکی سەیر بەدی دەکرێتو زۆرجار هەموو چەمکەکانی ئەم هونەرە کە (شیعر – ئاواز – وتن – سیناریۆ – وێنەگرتن) دەگرێتەوە جار هەیە یەکێك لەم چەمکانە فەرامۆش دەکرێت و دەکرێتە قوربانی ئەوانی تر, یان گۆرانیبێژێك دێت گۆرانی یەکێك لە هونەرمەندە کۆنەکان دەڵێتو ناوی خاوەنە تەواوەکەی خۆی نانووسێت و بە فۆلکلۆر ناوزەدی دەکات کە ئەمە بەکارێکی هونەری باش دانانێم لەبەرئەوەی مافی کەسانی تر پێشێل دەکرێت.

لەلایەکی ترەوە دانانی سیناریۆ بۆ گۆرانی کوردی مێژوویەکی دوورتری هەیە ئەگەر بەراووردی بکەین لەگەڵ سیناریۆی نوێدا پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە نەدیوە ئەگەر سەیری گۆرانیەکانی هونەرمەند شەماڵ صائب بکەین بە تایبەتی گۆرانی (شوانە هۆ شوانە)

هەروەها بەرهەمەکانی سابیر عەبدولڕەحمان لەمەنەلۆجی (دکتۆرەکان و کاکی شۆفێر) یان گۆرانی (نجیبە)ی شێرزاد عەبدولرەحمان بەشێوازێکی جوان سیناریۆیان بۆ دانراوە بە بەراوورد لەگەڵ زەمەنی ئەو کاتەی گۆرانیەکانی تێدا ووتراوە.

لەپاش ڕاپەڕین چەندین سیناریۆ کە هیچ نزکییەکی نییە لەنێوان دەقی شیعرەکەو ئاوازەکەدا یان دەستکاری شیعرەکە دەکرێت, هەرچەندە زۆر گۆرانیبێژی دەنگ خۆشمان هەیە لە گۆرانیبێژە ژنەکان لای من (مەرزیەی فەریقی و لەیلای فەریقی و شەهێن تاڵەبانی) کاری هونەری جوانیان ئەنجام داوە لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بە چاوی هونەری بەرهەمەکانیان بخوێنینەوە, خاتوو لەیلای فەریقی گۆرانیەکی نوێی وتووە بەناوی سیاچەمانە کە شیعری مامۆستا گۆرانە لەسەر دەریایەك لەگەڵ وتنی گۆرانیەکدا بەجۆرە سەمایەك کە لەگەڵ ناوەڕۆکی شیعرەکەدا یەك ناگرێتەوە, یان گۆڕینی وشە لەناو شیعرەکەدا کە بەڕای من مامۆستا گۆران ئەگەر خۆی لە ژیاندا بووایە بەو جۆرە رازی نەدەبوو کە ئەو گۆرانی بێژە ووتویێتی گۆران دەڵێ:

ئەوەندەی دارو بەردی هەورامان

رەحمەت لەژنی بالاو بەژن جوان

بەلام ئەوبەڕێزە هاتووە وشەی ژنی گۆڕیوە بۆ کوڕ کە لەگەڵ بۆچونی ئەو گەشتەی گۆران بۆ هەورامان یەك ناگرێتەوە لەناو خەڵکیشدا بەو جۆرە ناخوێنرێتەوە کە دەستکاری کراوە راستە ژن پێویستە گۆرانی ژنانە بڵێ نەك دەقێك بگۆڕێت کە لەناو خەڵکدا پێشینەیەکی هەیە, مامۆستا هێمن دەنگی حەسەن زیرەکی زۆر لا خۆشبووە. بەلام لەسەر

ئـەوەی چـەند ووشـەیەکی شـیعرەکانی گۆریبـوو لێـی زویـر بـوو. کـاتێ دەستکاری دەق دەکرێت واچاکە بەخاوەنەکەی بوترێت نـەك بـە ئارەزوو کـە خزمـەت بـە دەقەکـە نـەکات بگۆڕدرێـت. یـان هەنـدێ گۆرانیبێـژی تـر بەتایبـەت ئەوانـەی هەنـدەران جۆرە سـەمایەك بە چـەند مرۆڤێکـی بیانی تێکـەڵ بـە گۆرانیەکـە دەکـەن کـە لەگـەڵ بابـەتی گۆرانییەکـەدا یـەك ناگرێتەوە. یان هەندێك لەو گۆرانیبێژانە دەقی شیعرێك دێنن‌و دەیکەنە گۆرانی کە دەقەکە باس لە تەنیایی و غوربەت و خەم.. هتد دەکات, بەڵام ئەو چەند کیـژێکی ئەوروپی لـە پشتیەوە سـەمایەکی ئەوروپی دەکـەن و ئەویش باسی ئەوە دەکات کە کەس ئاوڕی لێناداتەوە, نمونەی لەم جۆرە زۆرە هەق وایە لەم بوارەشدا چەند قەڵەمێك بێنە کایەوەو پسپۆرانی ئـەم بـوارە ڕێنـەدەن هونـەری گـۆرانی کـوردی لـەڕەگ و ڕیشـەی ڕەسـانەیەتی هەڵکەندرێت.

هەروەها هەقە هونەرمەندانی کورد بەتایبەتی ئەوانـەی لـە هەنـدەران و غوربەتدان نموونـەی (فریـدریك شـۆپان) ی مـۆزیکزانی پۆڵەنـدی نـەژادبن ئـەو سـاتانەی خـاکی وڵاتـی جێهێشـت مشـتێ لـە خـاکی نیشـتمانەکەی هـەڵگرت‌و پەیمانیـدا کـۆڵ نـەدا لـە سـەنگەری شۆڕشـی نیشـتمانەکەیدا بێـت, ئـەوەبوو تـوانی لـەڕێی هونـەری مۆزیکـاوە تێبکۆشـێت و لـەپێناو ئازادیی و سـەرفرازیی نەتەوەکـەی و خاکەکەیـدا. هەرچـەندە لـە غوربـەت لـەپاریس گیـانی سـپارد لەسـەر ویسـتی خـۆی خـاکی وڵاتەکـەی بەسـەر تەرمەکەیـدا پرژێنـراو نـاوی لـە میـژووی پۆڵەنـدە وەك تێکۆشـەرێك بـە نەمریی تۆمارکرا.

بۆیە دەڵێم مرۆڤی گەل ویست‌و تامەزرۆی خاك دەبێت وەك (شـۆپان) بێت, نـەك لەبۆتـەی خۆشـی ئەویـدا بتوێتـەوە و خـەمی خـاك‌و گەلەکـەی

نەبێت یان وەك هێمنی شاعیر کە خۆی لەبۆتەی ئاوارەییدا تواندەوە وێڵ بوو بەدوای پەری ئازادی کوردو وەك خۆی دەڵێ تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەرد بووەو بێباکە هەر عاشقی دارو بەردو خاکی کوردستان بووە. دیارە من ئەو مافە بەخۆم نادم کە هەموو گۆرانیبێژان و هونەرمەندان لە دەرەوەی کوردستان بە کەمتەرخەم و هونەرەکەیان بێبایەخ بنرخێنم لەگەڵ ئەم نیازە گلەیی ئامێزەشدا هونەرمەندی باشمان هەیە, بەلأم بۆ ئەم کاتە دەبوایە زۆر باشتر بوایە.

لە کۆتاییدا دەڵێم خۆزگە هونەری گۆرانی کوردی زیاترو باشتر بخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوەو ڕەخنەو لێدوان بۆ دانان و دۆزینەوەی ئەو خاڵە لاوازانەی هونەرەکە تا ئاسۆی ڕووناکتر لەم شەوەزەنگی بێدادیەدا بەدی بکەین و هونەری گۆرانی بخەینە سەر تەوەرو ڕێچکەی ڕەسەنی کوردی لەم نیشتمانە لەت لەتەی ژێر چەپۆکی کەلتوری بێگانە تا گەلی کورد لەسەر هێڵی جوانی ژیاریی پێ بخوێنرێتەوە لە ئێستاو ئایندەدا.

بڵاوکراوەتـەوە لـە پاشـکۆی ئـەدەب و هونـەری کوردسـتانی نـوێ لـە 2003/2/20

# فاکتەری ڕۆشنبیریی لە پێشخستنی گۆرانی کوردیدا

ڕۆشنبیریی وەك چەمێکێکی گرنگی کۆمەڵایەتی و تاکە ڕێگەی سەرفرازی و گەیشتن بە ئاکام و بەدیهێنەری تروسکەی خۆری ئارام بەخش بۆ مرۆڤایەتی, ڕەگی قوڵی خۆی لەسەر ژیانی مرۆڤ و قۆناغەکانی گەشەکردنی گشت مەوداکان چەقاندووە و مرۆڤیش لەبەر پێویستی بە ڕۆشنبیری و گەیشتن بە گۆڕان و داهێنان بەردەوام هاوسەفەری, ڕێگای سەختی ژیانی بووە, بۆیە گەر بەخێرایی سەرنجێك لە قۆناغەکانی ڕاوو شکار تادەگاتە ژیانی ئەم سەردەمە ڕۆشنبیری ڕۆڵی کارای ڕای گێڕاوە لەو گەشەکردنەدا بەپێی ژیانی سەردەمەکان زاناو داناو فەیلەسوف بیری وردیان خستۆتە کار بۆ گۆڕانی ئەو قۆناغانە, جا هەر داهێنەرەی لە بواری خۆیدا چەندی پێکرا بێت ڕۆڵی خۆی بینیوە. زۆریان ڕووبەڕووی توند بوونەتەوە لەلایەن دەسەڵاتداران و پیاوانی ئایینی سەردەمەکانیان لەسەر بیروڕا ڕاستو ڕەواکانیان, پاش لەناوبردنیان گەلو هاونیشتمانانیان پەشیمانیان دەربڕیوە بۆیان وەك (سوکرات و برۆنۆ و گالیلۆ) و چەندانی تر کە لە لاپەڕەکانی مێژوو نەخشێنراوە بەو ناودارانەو مرۆڤایەتی ناتوانێت فەرامۆشیان بکات, ئێستاش مێژووی جیهان شانازی بەبیری وردی پێش (550) ساڵی (لیۆناردۆ داڤنشی) دەکات کە داهێنەرێکی گەورەی زۆر بوار بووە یان (مایکڵ ئەنجیلۆ) و (دانتی) و (پەترارك) کە لە سەردەمی ژیانی خۆیان وەك ئاوێنە وابوون بۆ کۆمەڵگە.

دیارە کوردیش وەك نەتەوەیەك ڕۆڵی خۆی گێڕاوە لە گشت بوارەکانی ژیاندا, بەڵام بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیای نیشتمانەکەی

بۆتــە شــەڕگەو لــەناوبردنی کــەلتوری نەتــەوەی کــورد وەك مامۆســتا (محەمــەد مردۆخــی) لــە کتێبەکەیــدا ئامــاژەی پێکــدرووە لــە شــیعرێکدا دەڵێت:

هرمزگان رمان ئاتیران کوژان/

ویْشان شاردۆ گەوْرە گۆرەکان/ زۆر کار

ئەرەب کردتە خابوور/ گەناوو پاوە هەتا شارەزوور

لەم چەند دێرە شیعرەدا دەردەکەوێت چەند بێڕەحمانە پەرستگاکانی ئـاینی زەردەشـتیان روخانـدووە و ئاگرەکـانی هێمـای جوانیـو رونـاکی ژیانیان خامۆش کردووە و ئافرەتی کوردیان چۆن روخاندووە و پیـاوانی کـوردیش لـەو شـالاْوە داگیرکەریانـە بـەر مەترسـی کوتـوونو خۆیـان شـاردۆتەوە چـۆن شـارو گونـدەکانیان خـاپوور و وێـران کـردووە, ئەمـە ئامارْەیـەکی جوانـە کـە مێـژوو دەیگێڕێتـەوە کـەس ناتوانێـت نکـۆڵی لـە دوژمنـانی کـورد بکـات کـە تاسـەر ئێسـقان چـەند دوژمنـی کـەلتوور و شارسـتانی و ئـاینی کوردبـوون لەگـەڵ ئەوەشـدا زۆر لـە سـیما جـوان نـەمرەکانی نەتەوەکـەمان کـە کـورد هەڵگریـەتی پـارێزراونو گەشـەیان کردووە هەرچەندە هەوڵو هیمەتی زۆری دەوێت تا بگاتە مـەنزڵی خۆی. (مەکسیم گۆرکی) وتویەتی:

(لەڕووی بەرهەمەوە یەکەم فەیلەسوف و شاعیر میللـەت خۆیـەتی هـەر ئەویش بەرهەمهێنـەرو خوڵقێنـەری ئـەو هـەموو شیعرو داستانەیە کە لـە کەلتوری جیهاندا هەیە).

لەمــەوە بۆمــان دەکــەوێت کــە بەرهەمێهێنــەری ژیــانو پیشخســتنی میللەتی کوردیش وەك گەلان خۆی بووەو پاراستنیشی لە ئەستۆی خۆی دابووە ئەم پاراستنەش لە هونـەر و ئەدەبدا رەنگـی داوەتـەوە بەتایبـەتی

هونەری گۆرانی (چیرنشڤیسکی) دەڵێت: هۆنراوەی گەل و گۆرانیەکانی ژیانی مێژوو ڕەسم و عادەتی خەڵکی پاراستووە. ئەم وتەیە دەیسەلمێنێت کە چەند داگیرکاری کاری لە ژیان و رەوتی کردبێت لە گۆرانیدا کورد عادەت و کەلتوری خۆی پاراستووە ئەمەش بە زەقی دەردەکەوێت لە شێوازەکانی وتنی گۆرانیدا بە تایبەت لە بەیت و داستانەکاندا کە شێوازی ژیان و دیمەنی و وڵاتی کوردەواری دەخاتەڕوو یان باس لە ئەوین و سوزداری دەکات کە سەرجەمیان عەشقێکی پاك و بێگەرد دەخەنەڕوو ئەمەش دەیسەلمێنێت ژیانی کورد پێکهاتەی جوانی و پاکی و نازکی بووە وەك داستانی مەم و زین و خەج و سیامەند و شیرین و فەرهاد, یان داستانەکانی قارەمانی ڕووبەڕووبونەوەی گەل بووە لەگەڵ ناحەزانی نەتەوە وەك داستانی قەڵای دمدم و دوانزە سوارەی مەریوان.

ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە بەپێی سەردەم لە کۆندا توانیویانە خزمەت بە پێشخستن و گەشەکردنی ژیان لە گشت بوارەکاندا بکەن چۆن لە سەردەمی ساسانیەکاندا (زریان) ناوێك کە کورد بووە تونیویەتی خزمەتێکی گەورە بە داهێنانی ئامێری مۆزیك بکات, دیارە هونەر هەمیشە کاری داهێنەران بووە بۆ جوانکردن و هونەر هەمیشە کاری داهێنەران بووە بۆ جوانکردن و پێشخستنی ژیان وەك ئارنست فیشەر دەڵێت (هونەر لەگەڵ مرۆڤدا لە دایکبووە تا چاکتر و باشتر لە ژیان بگات و بیگۆڕێت) هونەری گۆرانیش لەو گۆرانەدا وەك سەرجەم چەمکەکانی تری هونەر دەورو ڕۆڵی خۆی هەیە لەم جوانکاری و گۆرانکاریانەدا بۆ ژیان.

ناکرێت هونەری گۆرانی فۆلکلۆری کورد کە ئەم گەلە خاوەنیەتی فەرامۆش بکەین, یان پاش ئەوەی دەیان گۆرانیبێژ توانیان لەگەڵ ڕەوتی زەمەندا دەنگیان بەر گوێی خەڵك بخەن, ڕۆشنبیریان پەیداکردووە لە بوارەکەدا ناکرێت لەیاد بکرێن, لەو بوارەشدا قاڵبی ڕەسەنێتی تا ئێستا لەناو دڵی خەڵکیدا بزیندوویی ماوەتەوە هەموو سەدایەکی ڕەسەن‌و خۆش لای ئەم نەتەوەیە هەر نەمرە دەرویش عەبدوڵڵا و ڕەشۆڵ‌و مامڵی‌و قادر کابان ڕەفیق چالاك و دەیانی تر هەڵگری ئەو پەیامە بەرزەبوون لەگەڵ وتنی ئەو هونەرە بە دەربڕینی دەنگی و ئاوازی دڵفڕێن

هەمیشە بۆ سەردەمەکانیان نوێ بوون زۆر جار ڕێکەوتووە گۆرانیبێژێك بە چەند گۆرانیەك ناوی خۆی نەمر کردووە وەك سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی یان هونەری کارامەیی و توانای زاتی بەرهەمێکی زۆری خستۆتە ناو مۆزەخانەی هونەری گۆرانی کوردی وەك حەسەن زیرەك هەرەلەو سەردەمەدا هەبووە بە مامۆستای هونەری گۆرانی ناسراوە بە تایبەتی عەلی مەردان کە ناسراوە بە مامۆستای مەقامی کوردی یان وەك سێوە حەیران ناسی دەشتی هەولێر خۆ ناکرێت ڕۆڵی تایەر تۆفیق لە بیر بکرێت کە ڕۆڵێکی مەزنی گێڕاوە لەو بوارەدا.

گۆرانی وتن هەرچەندە لای زۆر کەس بەهرەی دەنگخۆشی هەیە بەڵام گرنگ خزمەتکردنی ئەو بەهرەیە بۆ گەیشتن بە دەربڕینی هونەریی. کەس ناتوانێت نکۆڵی لە شاعیرێتی حەمە ساڵح دیلان بکات بەڵام لەگەڵ شیعرە ناسکەکانیدا توانیویەتی خزمەتێکی گەورە بە هونەری گۆرانی بکات‌و ڕۆشنبیریی دیلان لە وتنی گۆرانیدا بەدەر لە شیعر بەجوانی دەردەکەوێت, هەرچەندە شاعیرێکی گەورەی نەتەوەکەمان ئەوەی لای من جێی باس‌و سەرنجەو بۆتە پرسیار ئەوەیە تا چەند ڕۆشنبیریی پێویستە

بۆ گۆرانیبێژ یان شارەزا بوون لە بوارەکەی خۆیدا چ ڕەنگدانەوەیەکی دەبێت لە خزمەتی هونەری گۆرانی یان لەم کاتو ساتەدا کام گۆرانیبێژ تا چەند توانیویەتی ڕێچکەیەك بۆ خۆی دیاری بکات و پێی بناسرێتەوە یان گۆرانیبێژ تا چەند توانیویەتی ڕەوتی داهێنان دوور لە لاسایکردنەوەی کەسایەتی پێش خۆی بەدیبێنێت.

جگە لەمانەش کام گۆرانی بە نەمری لای خەڵك دەمێنێتەوە نەك تەنها بۆ چەند هەفتەیەك بازاڕی گەرم بێت, یان تا چەند گۆرانیبێژ پێویستە شارەزا بێت لە ئامێرە مۆزیکیەکان و شێوازەکانی گۆرانی بە مەقامو بەستەو هۆرەو حەیرانو جۆرەکانی تر بێگومان ئەمانە هەموو پێویستیان بەوەڵام هەیەو هەر کەس خەمخۆری گۆرانی کوردی بێت ئەو ئەرکە دەخاتە سەرشانی گۆرانیبێژان خۆ ناکرێت کەلتوری مۆزیکا لەم کاتو ساتەدا بە تەواوی بخەینە پەراوێز و نائومێد بین لەو هونەرە مەزنە چونکە لە مەیدانەکەدا دەنگی جوانو هەستی بەرزی هونەری لە بەرهەمەکانی هەندێك گۆرانیبێژان بەڕوونی دەردەکەوێت یان داهێنانی جوانو بەرچاوی بواری مۆزیك بەدیدەکرێت ناشێت ڕۆڵی گروپی کامکاران لە مۆزیکی ئەمڕۆی کوردی بەهەند وەرنەگرین یان تواناو سۆزی دەنگو بەهرەو ڕۆشنبیری عەباسی کەمەندی فەرامۆش و لەبیربکەین یان دەنگی دەروێشی عارفیانەی کوردی لە چریکەو ناڵەی دەنگی شەهرامی نازری نەخەینە بەرباس.

هەروەها چەند دەنگێکی جوان ڕەوتی هونەری باشیان گرتووەو جێی ئومێد و دەستخۆشین وەك عەدنان کەریمو دیاری قەرەداغیو خالید ڕەشیدو بەهەجەت یەحیا کە جگە لە بەهرەی دەنگ خۆشی دەیانەوێت ڕێچکەیەك بۆ هونەرەکەی خۆیان دابێنو بە ئاگابن لە هونەرو ڕۆشنبیری,

لە دەنگە ژنەکانیش خاتوو مەرزیەو لەلایلای فەریقی و ئەمەل سەعید کوردە و شەهێن تاڵەبانی جێی هیوای گۆرانی کوردی ڕەگەزەکەی تری کۆمەڵن.

لەگەڵ ئەمانەشدا گۆرانی ئەمڕۆی کوردی پێویستی بە دەیان لێکۆڵینەوە هەیە لەو قاڵبە مەترسیدارەی تێیکەوتووە ڕزگاری بکەین و نەهێڵین بچێتە ئەو بۆتە ناحەزەی ڕوو لە لێژی دەکات و بەرەو هەزار بەهەزار تلی پێبدەن لەسەر دەستی چەند گۆرانیبێژێکی کەم توانا کە زەمەن دەیانهێنێت و دەیانبات دوور لەکاری هونەری بونەتە کرمی ئاودارە شەنگەکەی هونەری گۆرانی و دەیانەوێت کلۆری بکەن.

یەکێك لەو کارە هونەرییانەی بازاڕی ئەمڕۆی گۆرانی زۆری بەرهەمەکە لانی کەم گۆرانیبێژ سالآنە بەرهەمێکی دەبێت و وەك نەریتی لێهاتووە بێگومان شتی زۆر کورد وتەنی بۆرە بەتایبەت لە کاری هونەریدا یان زۆرمان بە ئاگاین لەو بەرهەمانە کە دەخرێنە بەردەم تەکلیفی بەرپرسان بۆ پاداشت وەرگرتن لەلایەن گۆرانیبێژەکە ئەمەش دەچێتە قاڵبی بازرگانی بەهونەر نەك هونەر بۆ خزمەتی گەل, زۆر گوێ لە گۆرانی دەگرم تێبینی دەکەم ئەمڕۆ گۆرانی ئەوینداری بۆتە سارایاگیری و لایەنەکانی تر خراونەتە پەراوێز, تۆبڵێی بوارەکانی نیشتمانی و نەتەوەی و کۆمەڵایەتی و سیاسی تەنها لە کەزیەو لارولەنجەی بێبەهای کیژە سەماکەرەکانی ئەورووپا کە جوانی ژن و کچ ناشیرین دەکەن کۆکرابنەوە, ئەمە جیهانێکی تێکەڵ کراوە یان سەرلێشێوانی هونەری گۆرانیە بە دەستی ئەوانەی جوانی هونەریان بزر کردووە.

بۆچی ئەگەر تێکەڵ بوونی هونەر و کەلتورەکانە جارێك نەماندی سەمایەکی جوانی کوردی لەناو گۆرانیەکی ئەوروپایدا نمایش بکرێت, هەرچەندە زۆر لە ئەوروپاییەکان پێچەوانەی گۆرانیبێژەکانی ئێمە هونەر دەکەن لە گۆرانیەکی مایکلْ جاکسۆندا مەینەتیەکانی مرۆڤ لە سیناریۆیەکدا دادەڕێژێت و نەفرەت لەچەك و شەڕو برسیەتیو چەوسانەوە دەکات, کەم هەیە گۆرانیەکی کوردی مێژووی راستی نەتەوەکەی خۆی نیشان گەلەکەیو گەلانی تر بدات هەر لەئەنفالو هەڵەبجەو گۆڕی بەکۆمەڵ و سوتانو وێرانکاری وڵات, ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ بێئاگایی و دوور لە رۆشنبیری گۆرانیبێژان, چونکە هەمیشە گۆرانی لە کەلتوری نەتەوە هەڵدەوقڵێت و مەینەتیو شادیەکانی دەخاتەڕوو لەم ڕووەوە فەرامۆش کراوە ئەوە بەدیدەکەم زۆر بە نەشارەزایی هەندێك دەیانەوێت شقڵو مۆرکی مۆزیکای ئەوروپایی بەسەر مۆزیكو گۆرانی کوردیدا بسەپێنن لەژێر سایەی نوێخوازیو هاوچەرخیدا کە خراپ بەسەر هونەری گۆرانی کوردیدا دەشکێتەوە, هەرچەندە کارلێك کردنو سوود وەرگرتن لە هونەری گەلان کەڵکی زۆری هەیە نەك تواندنەوەی هونەریخۆمان لەم پێناوەدا, لە ئەوروپا کاری خزمەتکردن بە مۆزیکی خۆیان بەئەنجامدراوە بە سوود وەرگرتن لە ئاوازی گەلانی رۆژهەڵاتی چۆن (بێزێ) ی مۆزیکای فەرەنسی ئەم کارەی کرد, یان دوو مۆزیکاری بلیمەتی ئیسپانی کە ناویان (دیڤالا)و (گراندون)ە ئیقاعی جوانی رۆژهەڵاتیان بە مۆزیکای خۆیان سوود لێبینیوە, بەڵام هیچ کام لەمانە نەهاتووە هونەری نەتەوەکەی خۆیان ون بکەن وەها کە ئاوێتەی ئیقاعی رۆژهەڵات بن.

ناکرێـت هــەوڵی هەنـدێك لــە گۆرانیبێــژان مۆزکــارانی کــورد یــان نووســەران و رۆشــنبیران لــەبواری نووســینەوەو دیــاریکردنی شــێواز و جۆرەکــانی گــۆرانی کــوردی تەقــدیر نــەگرین ئــەو بەڕێزانــەش ئەمانــەن (ئەنوەر قەرەداغی و ناسری رەزاری – هۆشەنگ کامکار و محەمەد حەمە باقی و سەلاّح رەووف و مەحمود زامدارو عوسمان شارباژێری و ئامانج غازی و عەبدوڵلاّ جەمال سەگرمە..هتد).

ئەمانەو هەندێك ناوی تر کە خزمەتیان بە بواری گۆرانی و مۆزیکی کورد کردووە بەبڕوای من رۆشنبیری هونەری گۆرانی زۆر پێویستە بۆ گۆرانیبێژان هەرچەندە ساتێك گۆرانیبێژان دیداریان لەگەڵ ساز دەکرێت لە کەناڵەکان بەزەقی هەست بە کەمی رۆشنبیری دەکرێت لە زۆربەیاندا, دیارە ناکرێت هەموو تاوانەکە بخرێتە سەر گۆرانیبێژەکە, راستە ئەرکی قورسـترە, بـەلاّم بـواری ئـابوری و کۆمەلاّیـەتی رێگـرە لەبـەردەم ئـەو گەشــەکردنەدا, یــەکێکی تــر لــەو گرفتانــەی کــە گــۆرانی کــوردی بــاش گەشەناکات, دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵ و بایەخی کەناڵەکان بەو گۆرانیانەی کە لە قاڵبی هونەری بەدەرن و هیچ جۆرە هاوکاریەك و هەماهەنگیەك نیە لەنێوان کەناڵەکان و وەزارەتی رۆشنبیری یان دیارینەکردنی لیژنەیەکی هەڵسەنگاندن بۆ گۆرانیەکە تا چەند توانیویەتی خزمەت بە هونەرەکەی بکات, کاتی ئەوە هاتووە کەناڵەکان و وەزارەتی رۆشنبیری بیر لەوە بکەنەوە کە هونەری گۆرانی کوردی پێویستی بە زیاتر خوێندنەوە و بەدوادا چوون هەیە و گۆرانیبێژانیش هەقە ئاوڕێك لەو ئەرکانە بدەنەوە کە کەوتۆتە سەرشانیان بەرامبەر بەو هونەرە مەزنەی کە گەلی کورد هەموو ئاست و زەمەنێك پێیدەخوێنرێتەوە بەهۆی کەلتوری گۆرانی و سەمای کوردی (کریس کۆچیرا) ی مێژوونووس ئاشنایەتی لەگەڵ

مێـژووی کـورد پـەیـداکردووە و چـەندین بابـەتی لەسـەر کـورد نووسـیوە, دەبا کەلتوری رەسەنی کوردی لـەڕێی گـۆرانی و مـۆزیکی خـۆماڵی باشتر بەجیهان ئاشنا بکەین بەهێنانە کایـەی رۆشـنبیریەکی باش لـەبواری ئـەو هونەرە مەزنەدا.

*سەرچاوەکان :

1-ڕێنسانس-دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد.

2-بێکۆڵینــەوەی ئــەدەبی فۆلکلـۆری کـوردی-د.عیـزەدین مســتەفا ڕەسولّ - 1979 چاپی دووەم.

3-بين الادب والموسيقى - اسعد محمد علي.

4-دەروازەیەك بۆ ئاوازو گۆرانی کوردی. مەحمود زامدار.

5-مێژووی مۆسیقای کوردی - محەمەد حەمەباقی.

6-(100)- د. مایکل هارت.

7-مێژووی کوردو کوردستان - محەمەد مەردۆخی.

بلاّوکراوەتــەوە لــە پاشــکۆی ئــەدەبو هونــەری کوردســتانی نــوێی 2003/10/16.

# لەنێوان لێدوانی هونەریی‌و پیاهەڵداندا

زۆرجار دیدارو چاوپێکەوتن لەگەڵ گۆرانیبێژاندا لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هەر لە تەلەفزیۆن‌و ڕادیۆو تا ڕۆژنامەکان ئەنجام دەدرێت, هەندێك لەو چاوپێکەوتنانە زیاد لە پێویست تێدەپەڕێن‌و دەچێتە قاڵبی بەدەر لەهونەر. چەند ڕۆژێك لەمەوبەر لە شوێنێکی گشتیدا ڕۆژنامەیەکم دەخوێندەوە کە دیدارێکی لەگەڵ گۆرانیبێژێکدا سازدابوو, پاش خوێندنەوەی پێشەکیەکی پڕ لە باسکردن و پیاهەڵدان زەردەخەنە هاتە سەر لێوانم و وتم تۆ بڵێی گۆرانیبێژەکە بزانێ ئەم هەموو هونەرە جوانەو کارە داهێنەرانەی تێدا بێت؟!

گۆرانیبێژەکە ساتێ پێشەکیەکە دەخوێنێتەوە خۆشی بڕوا ناکات لەو وەسف و ستایشەی کاکی ڕۆژنامەنووس کردویەتی.

بەڕێکەوت ڕۆژنامەنوسێکی هاوڕێم لێم نزیکبوو ڕۆژنامەکەم نیشانداو بۆچوونی ئەویشم لەسەر ئەو هەموو پیاهەڵدانە وەرگرت, وتی حەیفە هەموو کەس بواری پێ بدرێت ڕۆژنامەنووس بێت. تۆ بڵێی ئەو بەڕێزە لە بواری هونەری گۆرانیدا کارامە بێت‌و هەر لە شیعرو ئاوازو مۆزیك‌و سیناریۆ و مۆنتاژو وێنەگرتن و هتد. شارەزایی هەبێت و لە هەناوی ڕەسانەیەتیدا هەڵی هێنجابن, یان تەنها موبالەغەیەکی کاتی و بەرچاوە و تەواو پێچەوانەیە. باشە ئەگەر ئەم هەموو دەنگە ڕەسانانەمان هەبێ کەواتە هونەری گۆرانی کوردی کە سەرچاوەیەکی گەورەی کەلتوری نەتەوەیمانە لە هەموو تێکەڵ بوون‌و پەرتەوازەبونێکی ناڕەزا بەدوور بووە ئەگەر واشبێت نەتەوەیەکی خۆش بەختین‌و داگیرکەران خاتریان گرتووین, ئەمەش خەیاڵێکی پوچ‌و بێمانایە کە دوژمنانی کورد ئەوەندە بەویژدان بووبن نەك هەر سڕینەوەی کلتورو ڕەسەنیەتی گەر بۆیان

بكرایە زمان مێژوومانیان دەسپێییەوە و جا هەقی وایە كاكی ڕۆژنامەنووس بە پێوەرێكی هونەریانەو زانستیانەی پڕ لە مەسئولیەت مافی گۆرانیبێژان بدات و زیاد لە خۆیان هەڵیان نەدات وەها كە خۆشیان باوەڕ نەكەن هێندە هونەری ئەوان لەسەرەوەیە و لە خۆیان بایی بن. با ڕۆژنامەنووسەكان لە كاتی دیداریاندا لەگەڵ گۆرانیبێژاندا شتێك پێشكەش بەم جەماوەرە بكەن دوور بێت لەو هەموو ستایش و پێشەكییەی ئاڕاستەیان دەكرێت.

هەرچەندە دەتوانم بڵێم گۆرانیبێژی وامان هەیە كە ستایش و ڕێزو دەستخۆشی زیاد هەڵدەگرێت, بەڵام بەپێوەری هونەری خۆی نەك بەقسەی هەندێك كەسی نەشارەزا لە بواری هونەری گۆرانی ڕەسەن, بە تەنها تاوانەكە لە ئەستۆی ڕۆژنامەنووسەكە نییە, بەڵكو گۆرانیبێژەكەش شەریكیەتی بەوەی دەبێت بزانێ كاكی ڕۆژنامەنووس چی نووسیوە و چۆن ئەم پیاهەڵدان و گەورەبوونە وەهمیە قبوڵ دەكات, هیچ قسەیەك ناكات و زۆر سوپاسی دەكات كە بەو شێوازە شان و شەوكەتی هونەری بەرز ڕادەگرێت و دڵی پێی خۆشە كە لە ئاستێكی باڵای هونەریدا دەخوێرێتەوە.

لایەكی تریش بە بەرپرس دەزانم لەم كارەدا ئەویش ڕۆژنامەو گۆڤارو تەلەفزیۆن و ڕادیۆكانە, چونكە پێویستە ئەو برادەرانە ڕێنوێنی بكەن كە دیدار ساز دەكەن لەگەڵ گۆرانیبێژاندا پێویستە هەر كەس و بەگوێرەی دەنگ و سەنگی هونەری بە گوێگر و بینەر یان خوێنەر بناسرێت, نەك وای باس بكات كەجێی بێ بڕوایی بێت و گۆرانیبێژەكە خۆشی بكەوێتە گومانەوە لە هونەرەكەی.

لە ڕۆژی 2003/7/24 لە ژمارە (3126)ی ئەدەب و هونەری كوردستانی نوێدا بلاوكراوەتەوە.

# هونەرو هونەرمەندان و ڕۆڵی ڕاگەیاندنی کوردی

زۆرجـار لەسـەر شاشـەی (Tv)یـەکانی کوردسـتان و لەڕوپـەڕی ڕۆژنامەکانـدا دیـداری گـۆرانی بێـژان دەبیـنین کەبەهونەرمەنـد نـاوزەد دەکرێن، گەر بێتو پێی بڵێی تۆ گۆرانی بێژی لەوەدەچێ بەگژتا بێت و بڵێ کاکە بۆچی ئیهانەی کەسێتی من دەکەی من هونەرمەندم بەڵام ئەگەر بکەویتـە پرسـیارکردن لێـی لەسـەر شـێوازەکانی هونـەرو چـۆنیەتی کەسـایەتی هونەرمەنـد زۆر بـێ ئاگایـەو لای وایـە هەرچـی چـوار وشـەی لەدەم هاتـە دەرو دووجار لەشاشـەکان دەرچوو هونەرمەندەو بۆی هەیـە لەسـەر شـەقامی گـۆران و پیرەمێـرد لەبـەردەم دوکانەکانـدا بووەسـتێ بەکامێرا بێ ڕەحمەکەی چاوی تیژی وێنـەی گشـت ئـەو کچانە بگـرێ کـە بەوێدا گوزەر دەکەن جار هەیە بەنەشتەری وشـەیەکی بریندارکـەر روحـی ئـەو مرۆڤانـە زامـدار دەکـەن کـەبۆیان لەبۆسـەدان، مـن بەچاوی خـۆم ئـەم دیمەنەی بۆم باس کردی بینیومە.

## هونەرو هونەرمەند

ڕاستە هـەموو ئـەو کـارو کردەوانـەی مـرۆڤ دەیانکـات کەڕەنگدانـەوەی ژیانی ڕاستەقینەن (هونەرن) بەڵام دەبێ شـەقڵ و تایبەتمەندی لەشێوەی ئەنجامدانی کارەکاندا بکرێ گەر هەموو ئەو کارانەی کـران بـەبێ گـۆڕان و جیـاوازی بەهونـەر نـاژمێرێن کـورد گوتـەنی (حونـەری) نییـە دیـارە ئـەم حونـەرە هـەر هونەرەکەیـە کەئێمـە مەبەسـتمانە لـەڕووی واتـاو وشـە سازیشەوە دەکرێ وشەی هونەرمەند کەئاوێتەی هەردوو وشەی (هونـەر) + (مەند)ە لێك بدرێتەوە لەپێشدا وشەی هونەر دەبێ بزانین کاری گرنگی

جوانناسیو چاکسازییە لەگشت هەستو نەستو کارە بیرییەکانی مرۆڤ بەشێوەیەك کەهەنگاو بەرەو واقعێكو دەربڕینێکی چێژ ئامێزو ستاتیکی فۆرمەڵە بکات کەژیانی تێدا دەردەکەوێت هەربۆیە (ئارنەست فیشەر) دەڵێ (هونەر لەگەڵ مرۆڤدا هاتووەو لەدایك بووە تا چاکترو باشتر لەژیان بگاتو بیگۆڕێ) لەم وتەیەوە بۆمان روونتر دەبێتەوە کاری گرنگو گەورەی هونەر چییە کەدوو کاری سەرەکین ئەوانیش (تێگەیشتنو گۆڕان)ە بەواتە هونەر دەبێتە هۆکاری تێگەیشتن بەرەو گۆڕانکاری لەگشت بوارە جیاوازەکاندا ئەمە بوو کاری هونەر با بێینە سەر وشەی (مەند) کەزۆر بەڕوونی لەزمانی کوردیدا بەدی دەکرێت لەزۆر ناوچەی کوردستاندا دەڵێت (ئاوی مەند) یان (مەنگ) کەهاو واتان هەمووشمان دەزانین ئاوی مەند بەمانای قوڵ دێت کورد دەڵێ (لەئاوی مەند بترسە) ئەوەتا پیرەمێردی فەیلەسوف بەهەمان جۆر دەڵێ:

هەرچەند ئاوی خوڕ پیاو دەترسێنێ

هـــــەر ئاوی مەندەو پیاو دەخنکێنێ

لەشیکردنەوەی ئەم دوو وشەیە بۆمان دەردەکەوێت کەهونەرمەند کێیە واتە کەسێك بێت قووڵو بەتواناو شارەزاو داهێنەر بێت وەك چۆن مامۆستا عەلادین سەجادی دەڵێ:

(زانا دانایە، دانا توانایە) بەواتە ئەگەر زانابوو داهێنەر دەبێو کەسی داهێنەریش توانای هەیە لەم رووەوە هونەرمەندیش دەگرێتەوە، ئینجا دەکرێ بێینە سەر باسی ئەو کەسانەی کە تەنها بەهرەی هونەریان هەیەو لەبەردەمی دوکانەکاندان کەلەپێشدا ئاماژەم پێکرد بەدەر لەو کەسانەی بەڕاستی خۆیان خستۆتە قاڵبو بۆتەی هونەری ڕەسەنی نەتەوەکەیان

لەم جارەدا باسی هونەری گۆرانی دەکەین کەمرۆڤ دەتوانێ بەشێوازی دەربڕینی زمان ئاماژە بەحەزو ویستو ئارەزوو خۆشیو ناخۆشیو.. هتد خۆیو کەسانی تر بکات لەناو تۆماری مێژوودا بێئەوەی مرۆڤ بزانێ گەر ڕەسەن بێ جێگەیەك بۆ خۆی داگیر دەکاتو هێلانە لەناو دڵی میللەتدا دروست دەکات نمونەش سەید عەلی ئەسکەر (ئەسغەر)ی کوردستانی کەکۆی گۆرانییەکانی ناگەنە (20) گۆرانی چوونەتە قاڵبی مێژووی ڕەسەنی کوردەوە یان حەسەن زیرەكو مامڵێ.. هتد

بەڵام لەمڕۆدا کام گۆرانیەی زۆر خۆشە هەرچەند هەفتەیەك میوانی گوێی بیسەر دەبێتو ئیتر ماڵئاوایی یەکجاری دەکاتو ناوی لەناوا نامێنێ جگە لەبەرهەمی چەند کەسێك کە کەم دەبێژن بەڵام باش دەڵێن لەوانە خالید ڕەشیدو بەهجەت یەحیاو عەدنان کەریمو دیاری قەرەداغیو چەند کەسێکیتر.

سەیر لەوەدایە ئێستا لەناو گۆرانی بێژاندا بۆتە باوو مۆدێل پێویستە هەموو ساڵێ بەرهەمی بکەوێتە بازاڕەوە کە کەس حەز بەبیستنی زۆریان ناکات چونکە هیچ هونەرێك نین.

## ڕاگەیاندنو گۆرانی:

ڕاگەیاندن بۆتە ئەو دەهۆڵەی لەدوورەوە دەنگی خۆشەو هیچی تر چونکە هیچ جۆرە تەنسیقو کارێکی هەماهەنگی نییە لەنێوان ڕاگەیاندنەکانو کاری هونەریدا بەتایبەت لەبواری هەڵسەنگاندندا لەبەر زۆریو بۆری کەناڵی بێ بایەخی ڕاگەیاندن کەئەمەش دژ بەهونەری ڕەسەنو پڕ بایەخی میللەتەکەمان هەندێ ئیعتباراتی شەخسی دەخرێتە ناوەوە وەك کەسەکە لەئەوروپا دێتەوە یان دەوڵەمەندەیان لەبەر کێبەر

کێی حزبی و ڕاگەیاندن یان کەسێکی نزیکی خۆی لەو ڕاگەیاندنەکار دەکات و کارئاسانی بۆ دەکات تا ببێت بەو پاڵەوانەی بۆ چەند ساتێ بەهەردوو دەستی وەك باوەشێن بکات یان مێش لەخۆی دەربکات دەستەکانی بەکاردێنێ و سەرو دڵی گوێگرو بینەر دەگرێ و دەبێتە ئەو میوانە ناحەزەی کەتۆمەبەستت نییەو بێ ویستی تۆ دێتە ژوورەکەت.

## شێواندن یان لاسایی:

لەبەر نەبوونی هیچ جۆرە لیژنەیەك و تەنسیقێك لەنێوان ڕاگەیاندنەکاندا زۆر گۆرانی ڕەسەن تووشی شکست پێهێنان هاتوون و کەسیش دەنگی لێوە نایەت بەتایبەت ئەو گۆرانیانەی بەدەنگی حەسەن زیرەك و هەندێ کەسی‌تر وتراون و مۆرکی دەنگی ئەوانیان گرتووە لەم کاتەدا کەسێکی‌تر دێت بەدورست کردنی بەناو کلیپێکی گاڵتەجاڕی کەهیچ پەیوەندی بەدەقەکەوە نییە گۆرانیەکە دەشێوێنێ وەك لەکلیپەکەی (ئەی وەی بەلەرزانە)دا هاتووە کەهەر ئەو کەسە زۆر لەگۆارنیەکانی حەسەن زیرەکی شێواندووەو دووریان دەخاتەوە لەمۆرکی ڕەسەنێتی جگە لەوەی شێوازی وتنەکەش هیچ ریتمێك نییە تا گۆرانی بێت بەڵکو تەنها قسەکردنی ئاساییە، ئەم نمونە یەم هێنایەوە بەڵام زۆری تریش هەن کەبێ خەمی کەناڵەکان دەردەخات لەئاست گۆرانی کوردی هەقە گشت کەناڵەکان لەڕێی وەزارەتی ڕۆشنبیرییە وە ئاگادار بکرێنەوە تا ئەو کارانە نەکەن.

**پۆلێن کردن**:

بۆئـەوەی تێکـەڵی دروسـت نـەبێ بەباشـی دەزانم پـۆلینی ئـەم سـێ وشەیە بەباشی بەرجەستە بکرێت:-

1-بەهرەمەنـد:- بـەو کەسـە دەوترێـت کەبەهرەکـەی تێدایـە وەك دەنگخۆشی و خەتخۆشی و وێنەکێشی بەڵام نەبۆتە ڕەنگدانەوەی هونەری پێویسـتە لـەو بەهرەیـە بـەئاگا بێـت و قـاڵ بێـت بگـەڕێ و بخوێنـێ تـا لەشێوازی وتنی گۆرانیدا پێی بوترێت گۆرانی بێژ.

2-هونەرمەند:- سـاتێ مرۆڤەکە گرنگی دا بـەو بەهرەیـەی کەهەست بەبوونی دەکرێ و بەهرەکـەی گەشـەی کـردو دەنگی خـۆی جیـاکردەوەو قوتابخانـەکانی بەباشـی ناسـی و زانـی دەنگـی بەباشـی دەربـبڕێ یـان هونەرەکەی دەربخات ئەوسا پێی دەڵێن هونەرمەند.

3-داهێنەر:

هــەر ئـەو مرۆڤـەی کـەپێمان وت هونەرمەنـدو دەنگـو ڕەنگـی خـۆی ناساندو ڕێگەی تازەی دروست کردو بەرهەمی نوێی خستە نـاو هونـەری میللەتەکەیەوە دەتـوانین نـاوی بنێین داهێنـەر، هەرچـەندە ئـەم جـۆرە زۆر کەم دێتە بەرچاو لەگۆڕەپانی ئەمڕۆی هونەری گۆرانی کوردیدا.

**ئەوەی پێویستە**:

بۆئـەوەی هونـەری گـۆرانی میللەتەکـەمان بەباشـی گەشـە بکـات و ڕێچکەو ڕێبازە جوانەکان بەرەو لاڕێ نـەبرێن و لـەڕێی گۆرانییەکانمانـەوە سەیری مێژوو کەلتورمان بکرێت چۆن فەیلەسوفی چینی (کۆنفۆشیۆس) دەڵـێ: گــەر دەتــەوێت مێــژوو ڕۆشــنبیری نەتەوەیــەك بزانــی گــوێ لەگۆرانییەکانی بگرە) با ئـەو دەنگـە نوزاوانـەی هونـەر دەشـێوێنن ڕێیان

پێ نەدرێ لەسەر شاشەکان دەربکەون یان با گۆرانی بێژان باشترو چاکتر خۆیان قاڵ بکەن‌و بگەڕێن بەدوای بەرهەمی جوان‌و نەمردا لەشێوازی (کەموپوخت) کاربکەن نەك (زۆرو بۆر) ئەمە سەرەڕای ئەوەی گۆرانی بێژانمان پێویستە بەباشی بخوێننەوەو سەنگ‌و کەسێتی هونەر بۆ کاری تایبەت بەکارنەهێنن وەك هەندێك دەیکەن‌و بژێوی ژیانیان بۆتە دەست پانکردنەوە لەلایەن‌و بەرپرسان، بێجگە لەوە پێویستە گۆرانی بێژ بزانێ خۆی موڵکی خەڵکە نەك خەڵك موڵکی ئەو بێت کە ئەویش بەهۆی پەیامەکەیەوە کەهونەرەکەیەتی، ئەوەی ماوەو زۆر گرنگە ئەویش پێویستە گۆرانی بێژ باش خزمەت بەدەنگی خۆی بکات‌و ئاگای لێ بێت دەنگی نەشێوێت بەتایبەت لەڕێی خواردن‌و خواردنەوە کەسێکی وەك مامۆستاو هونەرمەندی گەورەی فارسی (محەمەد رەزا شەجەریان) بەتاسەی خواردنەوەی قومێ ئاوی ساردەوە خەو دەبینێ لەبەر خزمەتی دەنگو تێك نەچوونی نایخواتەوە ئەمەش بەراورد بکە بەشێوازی خواردن‌و خواردنەوەی گۆرانی بێژانی خۆمان کەتاچەند خزمەتی دەنگو هونەرەکەیان دەکەن.

2005/3/3 لە ڕۆژنامەی (نیوەند) ژمارە (14)دا بلاوکراوەتەوە.

# گۆرانی کوردی و پاراستنی لە تێکەڵبوونی کولتوری تر

هونـەر بەگشـتی بـۆ جـوانکردنو پێشخسـتنی ژیانـە هـەر لـەبواری جوانکردنـدا بـە مەبەسـتی بەسـەربردنی کـاتو سـاتەکانی تەمـەن بـە ئاسـوودەیی و خۆشـی، هـەر لـەم ڕووەوە هونـەر گشـتگیرەو هـەموو لایەنـەکانی لـە ئـامێز گرتـووە، هونـەری گـۆرانی هونـەرێکی زۆر کۆنـەو پێدەچێت مرۆڤ بەر لە فێربوونی وشەو دەربڕینی ڕستەو لەیەکگەیشتن لاسـایی ئـەو زایەڵـە و گرمـەی هـەور تـادەنگی مـەڵو گیانـەوەران، ئـەم لاسـایکردنەوەیەش بـەهۆی ژێکـانی قـوڕگو لەرینـەوەی ئـەو ژێیانـەو دەربڕینی لەشێوەی ئاوازدا ئەم جۆرە دەربڕینە سەرەتایی بووەو ئینجا ئاکـامی دانـانی وشـەو دەربڕینیـان بوونەتـە هێمـای دەنـگو بـەپێی بەڕێکردنی زەمـەن گەشـەی کـردووەو بـەم ئاقـارەی ئـەمڕۆی سـەردەمی گەشەکردنی ژیاری مرۆڤایـەتی گەیشتووە، هـەر بۆیـە لەگـەڵ ئـەم هـەموو داهێنانـەداو بەڕێکردنو دۆزینـەوەی دەیـەها ڕێگـای تـر پێدەچێت مـرۆڤ بەهۆی هەندێك هۆکار زۆرجار ڕێگا سەرەتاییە سەرەکییەکە وون بکات و تووشی ناهەمواری و ململانێو داگیرکاری بووبێت.

لـەنێوان ئـەم کێشـمەکێشو بەربەرەکانییـەدا بـەهێزەکان توانیویانـە ئـەوەی کـەلای خۆیـان بـووە بیگەیـەنن. بـەڵام هـی لایـەنی ژێردەسـت پشـتگوێ بخـەنو لـە مەبەسـت دووری بخەنـەوە، بۆیـە لایـەنی بندەسـت نەیویسـتووە بەرهـەمی خـۆی ون بکـات هاتۆتـە سـەر ڕێگـا سـەرەکیەکەی خۆی کردویەتی بەجۆرێك لە هونەری بەردەوامبوون بە کەلەپوری نەتەوە

و جێگــەی بۆتــەوە لــەناو نەریتــە کۆمەڵایەتییــەکان, ئەمــەش بــەهۆی دەربڕینی وتن لە شێوازی گۆرانی. گەلی کوردیش وەك گەلێکی خاوەن کەلتوری تایبەتی خۆی لەم بازنەیەدا دابنرێت و بەهۆی داگیرکاری دراوسێکانی پەنای بردووە بۆ ئەو جۆرە هونەرە تاوەك فریادڕەسێك دەرگــا داخراوەکــانی لەناوچــوونی لێبکاتــەوە و لــە ژووری کەنجینــەی نەتەوایەتیدا بیپارێزێت و ویستی ناحەزانی نەتەوەو گەلەکەمان بخانە ژێر گڵ جا لەهەر ناوچەو شوێن‌و شارێك بەجۆرێك ئەم گەنجینەیە پارێزراوەو تا ئەمڕۆش ماوەتەوە بۆتە فۆلکلۆری نەتەوەیەك بەهۆی جیاوازی جۆری ژیان لە بوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی دا شێوازی ئەم کەلتورە بەشێوەی جودا دەبینرێت کە باری جوگرافی و کەش‌و ئاووهەوا دەوری خۆی تێدا دەبینێت, بۆیە شێوازەکان بەپێی ناوچەکان دەگۆڕێت هەر جۆرێك لەوانە تایبەتە بە ناوچەیەك و کۆی بەرهەمی کەلتوری ئەو ناوچەیەی هەڵگرتووە بەشێوەی فۆلکلۆر هەر لە پەندو داستان‌و مەتەڵ‌و گۆرانی‌و..هتد.

ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا, بەڕوونی لە ناوچەکانی کوردستان بەدیــدەکرێت بــۆ نموونــە کاتێــك باســی سیاچــەمانە دەکــەین دەزانــین هەڵقولاوی ناوچەی هەورامانە یان هۆرە دەڵێین شارەزوور و هەندێك ناوچەی تر, یان لە باسی حەیراندا دەزانین لەناوچەی دەشتی هەولێر سەری هەڵداوە و بۆ هەر یەکێك لە ناوچەکان تایبەتمەندی خۆی پاراستووە, دیارە وتنی گۆرانی بەچەند شێوازێك دەریان بڕیوە کە خۆی لەمانەدا دەبینێتەوە:

1-گــۆرانی شــایی‌و ئاهــەنگ: بــەپێی ناوچــەکان جــۆری شــاییەکە ئاوازەکەی دەگۆڕێت.

2-گۆرانی مەراسیمی ئاینی: هەر لە زەردەشتیەکانەوە باوبووەو لە هاتنی ئیسلامدا شێوازەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە و لە بۆنەو جەژنە ئاینیەکاندا گۆرانی تایبەت رێکخراوە.

3-گۆرانی لەکاتی ئیش‌و کارکردندا: ئەمەش لەکاتی ئیش‌وکاردا ئاوازی تایبەتی بۆ دانراوە کە گونجاوە لەگەڵ جوڵەی دەست و شێوازی کارەکەدا وەك کاری مەشکەژەندن کە تایبەتە بە ژنان و کاری دروێنەکردن (درەو)..هتد.

4-گۆرانی کۆڕو دانیشتن: ئەمەش بەپێی ناوچەکان دەگۆڕێت و چەند کەسێك گۆرانی دەچڕن و کۆڕەکەش بە چەپڵە پێشوازی لێدەکەن.

5-گۆرانی لایلایە: ئەمەش زیاتر دایکان بۆ خەواندنی کۆرپەکانیان بەکاری دەهێنن.

6-لاوانەوە: تایبەت بووە بۆ ئەو کەسانەی کۆچی دواییان کردووەو کەس‌وکاریان لاوانەوەیان بۆ کردوون.

7-گۆرانی بووك بردن: لەکاتی بردنی بووکدا ئاوازو گۆرانی تایبەت وتراوە.

8-گۆرانی بێری: ئەم جۆرە گۆرانیەش ساتێك دەوترێت کە مەڕ دەبرێتە بەر بێری.

9-گۆرانی بەربەرەکانێ‌و شۆڕشگێڕی: ئەم جۆرەش لەکاتی روبەڕووبونەوە لەگەڵ دوژمنانی نەتەوەی کورد وتراوە شێوازی حەماسی لەخۆدەگرێت.

ئەمڕۆ گۆرانی کوردی زۆر شێواوی و شپرزەیی پێوەدیارە, مۆرکی رەسەنی خۆی خەریکە لەدەست دەدات, ئێمەش وەك مامۆستا گۆرانی لووتکە دەنگمان دەخەینە پاڵ دەنگی و باسی ئەو حاڵەتە دەکەین, ئەگەر

سەیرێکی شیعرەکەی گۆران بکەین دەبینین وەك ئەوە وایە گۆرانی نەمر لەم ساتەدا ژیابێت‌و لە شیعری دەروێش عەبدوڵڵادا بەمجۆرە سکالای دڵی خۆی دەکات:-

ئەوەندەم بیست لە مۆسیقاو خرۆشی رۆحی بێگانە

میزاجی کوردەواریم تێکچووە, دەروێش عەبدوڵڵا

دەخیلت بم دەسا بەو لاوک‌و ئای ئای و حەیرانە

شەپۆلی زەوقی میللی پڕ دەروونی مات‌و چۆڵم کە

لە بێهۆش گەلی زیاتر بەرۆحم ئاشنای, وەڵڵا

دە, ئەی دەروێش, سکالایەك لەگەڵ رۆحی کڵۆڵم کە..!

بەکورتی, هیوادارم رۆڵ‌و بایەخی گۆرانی لە ژیانماندا بەگەورە بینین و هەموو هەوڵ‌و تەقەلایەکمان بۆ جوانکردن‌و ناساندنی ئەم هونەرە بەشێوازە جوانەکەی خۆی بمێنێت بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە سیماکانی تێکەڵبوونی کەلتوری گەلان بەهۆی هۆیەکانی راگەیاندن لە ئارادان, زۆریان دەسڕێنەوە ئەویش دەکەوێتە سەر هونەرمەندی کورد تاچەند بەباشی کار لە هونەرەکەی دا بکات‌و سیماو مۆرکە جوانەکان گەشتر بکات‌و پێشیان بخات تا لەگەڵ گەشەی شارستانی‌دا هونەری گۆرانیش لەگەشەدابێت.

لـــە ئـــەدەبو هونـــەری کوردســـتانی نـــوێی رۆژی 2003/8/28 بڵاوکراوەتەوە.